تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی

کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی
محەمەد عەلی قەرەداغی

بەرگی چوارەم

چاپی یەکەم

بەغدا ١٩٩٣

کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (٢٩٠)

کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی

کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی
محەمەد عەلی قەرەداغی

بەرگی چوارەم

چاپی یەکەم

بەغدا ١٩٩٣

بسم الله الرحمن الرحيم

وتـــەیـــەك

ئەگەر لە سەرەتای ئەم بەرگەوە بمەوێ چەند شتێك بدرکێنم ، پێش هەموویان ئەوە دەڵێم : کە تا زیاتر بگەڕێین‌و هەوڵی فراوانتر بدەین باشتر بۆمان دەردەکەوێ کە چ زیانێك لە کەلەپووری ئەدەبی ئەم گەلە کەوتوەو ، چەند گەوهەرو ملوانکەی نایاب‌و گرانبـەهای ئـەدەبیمان بێ‌سەروشـوێن بــوە .

لەم بەرگەدا ناوی کۆمەڵێك شاعیرو شیعری جۆراوجۆرو فرەبابەتیان دەخوێنیتەوە کە تا ئێستە لە بواری بووژاندنەوەی ســامانـی کەلەپووری ئەدەبیدا ـ وەك پێویست ـ لایان لێ‌نەکراوەتەوەو ، نەوەی ئەمڕۆی کورد بە ناوو بەرهەمیان ئاشنا نیە . ئەمانەیش رەنگە وەك دڵۆپێك لە دەریایـەك بن . بۆ سەلماندنی ئەم قسە تەنها یەك قسەی مـامۆستای مـەزنـی کـــورد (رەنجووری) دێنمەوە بیری خوێنەری کورد ، کە کاتێك دەیەوێ کۆڕی ئەدیبانی کۆنمان پێ بناسێنێ ، ناوی (٥٥) [١] پەنجاو پێنج لە شـــاعیری مەشهوورو ناوداری‌کوردمان بۆ تۆمار دەکات . بەڵام کە ئەمڕۆ بمانەوێ سەرو سۆراخی بەرهەم‌و دیوانی ئەو (٥٥) شاعیرە بکەین دیوانی چەندیانمان بە تەواوی‌و کۆکراوەیی ، یان بە ناتەواوی‌و نیوەچڵی‌و کۆنەکراوەیی دەست دەکـــەوێت ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ماندوبوونی زۆری ناوێ‌و بە چاوپیاخشاندنێکی کەمی کتێبخانەی کوردی‌دا بۆمان دەردەکەوێ کە (هیچ)[٢] !

---

(١) بڕوانە : دیوانی رەنجووری مەلاعومەری زەنگنە ، ل : ٧٢ .

(٢) مەبەستم لە (هیچ) ئەوە نیە کە هەر بە یەکجاریی هیچیان بۆ نەکراوە؛ چونکە شاعیری وەك (وەلی‌دێوانە)و (صـــەیــدی‌هـــەورامی) و (بێســارانی)هەن کە بە کرچو کاڵیی‌و ناتەواوی شتێك بۆ دیوانەکانیان کراوە ، بەڵام ئەو کارەو هیچ ، لە چاو رێزو پلەی ئەو شـاعیرانەدا ، ئەگەر برایش نەبن خزمن .

ئەوەی گەلێ جار باسم کردوەو ئەم جارەیش دەیڵێمەوە ئەوەیە ئەوەی رۆیی - رۆیی ، لەگەڵ رابوردوو هیچ ناکرێ ، بەڵام ئێستەیش نەچوە بچێو ، لەوانەیە ئەگەر قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵرێو ، هەوڵی پیاوانەی بۆ بدرێ گەلێ شت بکرێت • بەڵگەی ئەم قسەیشم ئەم دیاریە بچکۆلەی ئەم جارەمە کە بریتیە لە بەرهەمی کۆمەڵێك لە شاعیرە ناودارەکانمانو تا ئێستە باخچەی ئەدەبی کوردی لە بۆنو بەرامەیان بێ بەش بوەو خوێنەرانی کوردیش لە هەواڵیان بێ ئاگا بوون • دیارە ئەمەیش دواقۆناغ نیەو ، وەك دەڵێن (مەیدان مشك نەیخواردوە) •

بەڵام کێ ئەم کارە بکات ؟ کێ لە خۆشیو رابواردنو ئاسوودەیی ژیان دەبوورێ ؟ کێ ئامادەی ئەوەیە شەونخوونیی زۆرو ، شەودانەدەمڕۆژو، خۆماندووکردنو ، چاو کزکردنو ، قایلبوون بە گۆشەگیرییو ، دوورگرتن لە کۆڕو کۆمەڵی هاوەڵانو دۆستانو ، تەنانەت وازهێنان لە بەشێکی ئەرکی ماڵو منداڵیشی بکا بە پۆپلانەی بووکی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ؟ - بە کورتی - کێ‌هەیەخۆی بۆ بووژاندنەوەو زیندوکردنەوەی سامانی کەم وێنەی باو باپیرانمان تەرخان بکات ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەیش - بەداخەوە - گۆڕەپانەکە چۆڵ دەبینینو، شارەزاو لێهاتووی ئەوتۆمان نیە بیر لەو زیانە گەورە بکاتەوە کە بە کەمتەرخەمیکردنی ئێمە لە سامانەکەمان دەکەوێتو ، تا لێیشیبوەستین دێرتر دەبێتو ، تا چاوەڕوانی ئەمو ئەو بین فرەتر لە ژیانو بەسەرهاتو بەرهەمیان لە کیس دەچێ •

● وەك دیاردەیەکی شایانی باسی ناو ئەم بەرگەیش جگە لەوانەی لەوێو لێرە ئیشارەم بۆ کردوون ، دەبێ پەنجە بۆ ئەوە رابکێشم کە کاتێ ئەم شاعیرانە ئەم شیعرانەیان گوتوە باوی شیعری سیاسیو نیشتمانی نەبوەو ، ئەم شاعیرانەیش ویستوویانە لە هەر بابەتێكو دیمەنێكو رووداوێك هۆیەك

دروست‌بکەن بۆ ئەوەی شیعری پیا ـیا تیا ـبلێن • ئەو جۆرە شیعرانەیش گەلێ جار دەچنە قالبی چیرۆکەوەو وەك کورتە چیرۆك خۆیان دەنوێنن •

● لەم بەرگەدا زیاتر لە بەرگەکانی پێشوو هەوڵی ئەوەم داوە نوسخەی جیا‌ـجیا پەیدا بکەم‌و شیعرەکان باش‌و راست‌و دروست بنووسمەوە ، بەڵام ئەم ئارەزووەیشم لە هەموو لایەکدا نەهاتووەتە دی‌و ، گەلێ جار شیعرەکانم بە گومانەوە نووسیوەو ،هەندێ جاریش وەك مەتەڵ هەڵهێنان هەندێ رووی نووسینەوەی شیعرەکانم لـە کەشکۆڵەکان وەرگرتوەو ، لەوانەیە رووی دیکەیش هەڵبگرن ، بەڵام هەرچیم پێ‌کرابێ هیچ درێغیم نەکردوەو هـەر ئەوەم پێ‌کراوە کە کردوومە ، یارمەتیدانی مامۆستا محمدی مەلا کەریمیش لـەگەڵ سەرجەمی ئەم بەرگەدا بەردەوام بوە •

● ئەگەر کات‌و دەرامەتی رەسا هەبوایەو ، پســـپۆڕو شـــارەزای خۆتەرخان‌کردوو بۆ ئەم کارە هەبوایە ، راست‌و دروستتر ئەوە بوو ئـــەو کەشکۆڵانەی لێرەدا باسیان دەکەین‌و شتیان لێ وەردەگرین‌و تا ئێستە لە بواری کەلەپووردا ناویان نەبیستراوە ، بێ جیاوازیی‌و جیاکردنەوە یەکەیەکە هەموویان چاپ بکرایەن‌و بخرایەنە بەردەستی خـوێنـەران‌و شەیدایـانـی ئـەم بابـەتانـە •

کورته باسێکی ئەو کەشکۆڵانەی لەم بەرگەدا سوودیان لێ وەرگیراوە

کەشکۆڵی قادری شێخ محمد (سەلەسیی)

ـ ١ ـ

دۆزینەوەی هەر کەشکۆڵێکی کوردیو ، زڕاندنی ناویو ، باسکردنی ناوەرۆکیو ، لێکۆڵینەوەی ناواخنەکەیو ، بەراوردکردنی لەگەڵ کەشکۆڵەکانی دیکەداو ... هەنگاوێکی نوێیە لە سەر ڕێگەی پیرۆزی بەرهەمکۆکردنەوەو ، شوێنەواردۆزینەوەی دەیان شاعیری گەورەو وتار شیرینو زمانپاراوی گەلەکەمان ، کە دەیانو صەدان ساڵ لەمەوبەر بە زمانی شیرینی کوردی شیعریان هۆنیوەتەوەو ، ملوانکەی زێڕینی وشەی کوردیان بە دیاریی دەستی خۆیان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان هەڵگرتوە .

هەرچەند زیاتریش بگەڕێینو وردتر مەودای پشکنین فراوان بکەین رووتر بۆمان دەردەکەوێ ـ لەگەڵ ئەوەدا کە ئەندازەی بەرهەمی لەناوچوو کەشکۆڵی فەوتاومان نازانرایو لەوانەیە زۆر سەرسامهێنەر بێت ـ کە تا ئێستە زۆر کەشکۆڵو بەرهەمی بە بایەخی دوورەدەستو ناونەبیراوو بوخچەی نەکراوەی ئەدەبی کوردیمان هەن لە سووچو قوشبنی کتێبخانە گشتیو تایبەتییەکاندا ، بێ نازو لە ژێر تۆزو خۆڵی لەبیرکردنو کەمتەرخەمیی ڕۆشنبیرانی کورد لە ئاستیاندا دەیان مەترسیی گەورە هەڕەشەی لەناوبردنیان لێ دەکاتو ، بە لەناوچوونیشیان ئەو بەشە گەورەیەی سامانی کەلەپوورو زمانو مێژووی گەلەکەمان ـ وەك ئەو هەموو سامانەی کە لەمەوبەر لەناوچوون ـ بۆ یەکجاریی زیندەبەچاڵ دەکرێتو زیانێکی دیکەی قەرەبوونەکراوە لە گەلەکەمان دەکەوێت .

لەم رووەوە زۆر گوتراوە ، تا زیاتریش بگوترێو ئەو مەترسـیانـە دەست‌نیشان‌بکرێن هەر جێگەی خۆیەتیو زیاد نەگوتراوە •

بەلگەی ئـەم جارەی ئەم باسەمان کەشکۆلێکی دیکەی رەنـگینی شاعیرانی کوردمانە کە ـمن پێ بزانم ـتائێستە هیچ رۆشنبیرێکی کورد باسی نەکردوەو ، لە قۆناغەکانی پێشووی بلاوکردنەوەو لێکۆلینەوەی بـەرهـەمو دیوانی شاعیرانی کورددا سوودی لێ وەرنەگیراوەو ، نەبوونی ئەم سەرچاوە لە بەردەستی لێکۆلەرەواندا زیانێکی گەورەیە لە ئەدەبی کوردی کەوتوەو، کەلێنو کەلەبەری پڕنەکراوە کەوتۆتە دیوانی شاعیرەکانمان •

ئەم کەشکۆلە یەکێکە لە کەشکۆلە رەنگینەکانی گەنجینەی دەست‌خەتە کـوردییـەکـانو ، نووسـەرەوەکـەی ژیـرانـەو زیـرەکانـە بـــە پشوویەکی قوولەوە ،بەرهەمی کۆمەلێك لە کەلەشاعیرانی گـەلەکەمانی بـە قەلەمە ناسکەو بە بڕشتەکەی بۆ پاراستووین • ئەوەی جێگەی خۆش‌بەختیو بەختەوەرییە ئەوەیە ئەم نووسەرە بەڕێزە گولچنێکی هۆشیارو هەسـتیار بوەو ، زانیوەتی هـەلالـەو بـۆنو بەرامـەی باخچەی کام شاعیر شیاوی هەلمژینو هەلگرتنو کۆکردنەوەیە • ئەوەتا دەبینین لە بەرهەمە رەنگینەکەیدا بایەخی زۆری بە شاعیرانی وەك : مەولەویو ، نالیو ، کوردیو ، صەیدیو، بێسارانیو ، ئەحمەدی کۆرو ، خاناو ، ئەحمەدبەگی کۆماسییو ••• داوە•

هەروەها ئەوەی لە نرخی رەنجی ئەم سەربازە نەناسراوەی مەیـدانی کەشکۆل‌نووسینەوە زیاد دەکات ئەوەیە کە : نووسەر خەتێکی جـوانی بوەو ، لە چاو هەندێ کەشکۆلی دیکەدا هەلەی نووسینەوەی کەمەو ، لەمەوە دەردەکەوێ کە کۆلکەمەلاو نیمچە خوێندەوار نەبوەو ، شارەزای مەیدانەکە بوەو ، توانای باشی بەسەر کارەکەیدا شکاوە •

ئەوەی جێگەی داخە ئەم نووسەرە بەڕێزە لە درێـژاییو پـانایـی کەشکۆلێکی (٣٠٠) سێصەدو ئەوەندە لاپەڕەییدا خۆی پێ نەناساندووینو،

مێژووی نووسینەوەی کەشکۆڵەکەو ، شوێنی تێدانووسینەوەی ، بۆ دیاریی نەکردووین • ئەوەندە نەبێ کە هەندێ جار لە کۆتایی هەندێ پارچە شیعردا داخ‌و ناسۆری دووری‌و خەفەتی خۆی دەردەبڕێت‌و ،جارجاریش باسی وەباو نەخۆشیی دەکاتو ، دۆعای پاراستن لە وەبا دەکات •

گەلێ جار ئەوەندە دەنووسێ کە بە دەستی قادری سەڵەسیی نووسرایەوە • تەنها یەك جار لە لاپەڕە (٢٠)دا نووسیویە : « تمت شد از دست ••• قادر پسری شیخ صمد سلسی الاصل در قریۀ اسراباد ، در حالت عجزو پریشانی » واتە : (ئەو بەشە یا ئەو پارچە شیعرە) بە دەستی قادری کوڕی شێخ صەمەدی خەڵکی سەڵەسیی‌لە دێی (اسراباد)لە حاڵەتی پەستی‌و پەریشانی‌دا نووسرایەوە •

بەڵام خۆشبەختانە لە لاپەڕە (١٩٢)دا دەبینین مەلایەك یا فەقێیەك . سا بە دیدەنی یا بە هاوفەقێتی ڕێگای کەوتۆتە لای مامۆستا مەلا قادرمان‌و چەند شیعرێکی بۆ یادگار لە کەشکۆڵە ڕەنگینەکەی‌دا تۆمار کردوەو ، لە کۆتایی‌دا ئەوەندەی بۆ تۆمار کردووین کە مێژوویەکی نووسینەوەی کەشکۆڵەکەی لێ دەردەکەوێ ، ئەمەیش نووسینەکەیەتی :«تحریر پزیرفت جهة ارجمند أعز جناب شیخ قادر سلسی الاصل ١٣٢٢ » واتە : لەبەر خاتری بەڕێزو خۆشەویست جەنابی شێخ قادری خەڵکی سەڵەسیی نووسرایەوە • (١٣٢٢) •

ئەم کەشکۆڵە درێژکۆڵەیەو لە شێوەی (بەیاض)دا نووسراوەتەوەو پێوانەکەی (٢٠×١١)یەو ، ژمارەی دێڕی لاپەڕەکانی وەك یەك نییەو ، بە خەتێکی وردی شکستە نووسراوەتەوەو ، بەرهەمی ئەم شاعیرانەی تێدایە : مەولەوی ، ئەحمەد ، ئەحمەدی کۆر ، مەحموودی حەمەپاڵەوان ، نالی ، صادق ، وەفایی ، حەریق ، فەخرولعولەما ، عەبدوڵڵابەگ ، شێخ محەمەدشەریف ، خانای قوبادیی ، فەقێ خەلوزیی ، مەلا ئەبوبەکری موصەننیف ، شێخ شەهاب ، زووخاڵی ، شەفیع ، ئەحمەدبەگی کۆماسیی،

بێساراني ، صەیدی ، مەهجووری ، شەمسی تەبرێزی ، شێخی جیلانی ، حەزنیی ، فیکریی ، کوردی ، بەلاّیی ، مەلا عەزیزی نەغەدەیی ، کەلیم ، فەوزیی ، قازی فەتاحو ئەتابەگ ، ئاهی ، سەیدصادق ، مەحموود، سەعدیی، عەبدورِەحیم ، شێخ ئەمینی شێخ فەتاح ، مەحروومیی ، شێخ رەزا ، حەسەنو ئامینە ، ناریی ، شێخ عەبدورِەحمان[ی جانەوەرەیی] میـــرزا وەلەوخـان ، مەولانا خالید ، سەید محەمەدی خانەقا ، وەلی دێـوانـــە ، قادر پاوەیـی ، عەبدولکەریم ، یوسف یاسکە ، مەحزوون ، میرزا یەعقووب ، ...

که جارێکی دیـــکەو لە روویەکی دیکەوە چاوێکی دیـــکە بـــەم کەشکۆلەدا بخشێنینەوە چەند لایەنێکی وا دەبینین کە دەبوو وا نەبن‌و ، دەکرا بە شێوەیەکی دیکە بن‌و ، ئەو کاتە چەند ئەوەندەی ئێستە ســوودێ زیاتر لەم کەشکۆلە وەردەگیراو ، کەشکۆلەکەیش زۆر لە ئێستەی رەنگینتر دەبـوو . لـەوانـە :

١ـ لـە هەندێك لە کەشکۆلەکان‌دا ناوی شاعیرەکان‌و موناســەبەی وتنی شیعرەکان نووسراوەو ، بەم کارەیش زانینی مانای شیعرەکان‌و تـام‌و چێژلێ‌وەرگرتنیان زۆر ئاسان دەبێت . بە داخەوە لەم کەشکۆلەدا ئەم هەلە لەکیس چوەو ،ئەم لایەنە بە بایەخە بوێرراوە .

٢ ـ نەنووسین‌و جیانەکردنەوەی سەرجەمی بەرهەمی هەر شاعیرێك، وەك بڵێین کـە دەســتی کرد بـــە نووسینی شیعرەکانی مەولەوی تا لێیان نەبێتەوە نەچێتە سەر شیعری شاعیرێکی دیکە . ئەمەیش لێــرەدا کــەمەو ، هەندێ جار بوە بە هۆی ئەوەی دووپات بوونەوە لە نووسینەوەی بەرهەمی یەك شاعیردا رووی داوە .

٣ ـ لەبیرکردن‌و نەنووسینی ناوی شاعیرەکان لە کاتی نـووســـینی بەرهەمەکانیانا ، واتە کاتێ لە بەرهەمی شاعیرێك دەبێتـەوەو دەمـــت بـــە بەرهەمی شاعیرێکی دیکە دەکات ، جاری وا هەیە ناوی شاعیری دوەمی

لـەبیر دەچێتو ، بەمەیش ئەگەر خوێنەر زۆر وریا نەبێتو ، شارەزای بەرهەمی شاعیرەکان نەبێت ئەوا تێکەڵبوونو ئاڵۆزیی روو دەدات •

ئەم کەشکۆلە دەستخەتی ژمارە (٨٢٨١)ی کتێبخانەی (دار صـدام للمخطـوطـات) ••

کەشکۆلی ئەحمەدی برالـە

– ٢ –

یەکێکی دیکە لەو سەرچاوانەی لـەم بەرگـەدا سـوودم لـێ وەرگرتوونو ، تا ئێسـتە باسـیم نەدیـوەو نەبیستوە دەسـتخەتـی ژمارە(٢٢٢٥٣)ی (دارصدامللمخطوطات)ە •

ئەم دەستخەتــە کەشکۆلێکی نایابی هەمەڕەنگـەو ، شـیعری کۆمەڵێك شاعیری کوردو فارسو عەرەبی تێدایـەو ، سالـی (١٢٤٥)ی کۆچیی ئەحمەدی براله نووسیویەتیەوە بۆیە منیش ناوم نا (کەشکۆلی براله) ، (٢٠٠)لاپەڕە زیاتـرەو ، کاتی خـۆی شیرازەی پساوەو دوایی کە جزوبەند کراوەتەوە هەڵە لـە جزوبەندەکەیـدا کراوەو پـاشـوپێشو تێکچوونو لەناوچوونی تێدا پەیدا بوە •

ئەم دەستخەتەیش وەك زۆر لە کەشکـۆلەکانـی دیکەی سامانـی کەلەپووری ئەدەبی کوردی بەڵگەیەکی روونی زیانـی فەرەبوونەکراوەی ئەم سامانە بەنرخەیەو ، لێرەدا ناوو بەرهەمـی کۆمـەڵێك لە شاعیرانـی کورد دەبینین کە من پێ بزانم تا ئێستە نەبیستراونو باسیان نەکراوە •

دیارە ئەمەیش لەوانەیە مشتێك لـە خەرواریك بێتو نموونەی زۆر لەمە زیاتر چاوەڕوانی بووژاندنەوە بێت •

لە ئەلقەی (٢٨)ی زنجیرە وتـاری (بەرەو پـرۆژەی دەستخەتـە کوردییەکان)دا وتارێکم لەسـەر ئەم دەسـتخەتە نووسیوەو زیاتـر ناوەرۆکەکەیم شی کردوەتەوە •

- ٢ -

ئەم کەشکۆڵەیش یەکێکە لە کەشکۆڵە نایابو کەموێنەکانی سەرچاوەی سامانی کەلەپووری ئەدەبی کوردی‌و ، بە ژمارە (١٣٩١٦) لە کتێبخانەی (دارصدام‌للمخطوطات)دا جێگەی خۆی گرتوە •

مامۆستا مەلا محەمەدئەمینی بەنتا -خاکی- ئەم کەشکۆڵەی لە دەورو بەری ساڵانی (١٣٠٥-تا-١٣١٣)ی کۆچی‌و دوای ئەو مێژوەدا نووسیوەتەوەو ، تێکڕای کەشکۆلەکە کە (٤٨٦)لاپەڕەیە ، چەند جێگەیەکی نەبێ کە یەك دوو هاوڕێی مامۆستا بۆ یادگار تیایاندا نووسیوە •• بە دەستخەتی مامۆستا خۆیەتی •

مامۆستا خاکی بە چوار زمان -عەرەبی ، فارسی ، تورکیی ، کوردی- کەشکۆلەکەی نووسیوەتەوەو ، لە زمانی کوردیشدا شارەزای شێوەزارەکانی کرمانجی خواروو ژووروو ، شێوەی گۆرانیی بووە، کەشکۆلە رەنگینەکەی بە بەرهەمی شاعیرانو ، نووسەرانو ، حەکیمانو ، مەلایانو ، نوشتەنووسانو ، نوکتەزانانو ، فەتاحفالانو •••ئاخنیوە، کە دەمی کەشکۆلەکە والآ ئەکەیتەوە نازانی سەیری چی بکەیتو ، باسی چی بخوێنیتەوەو ، وەك دەڵێن سەری ماری کوێری تێدایە !

مامۆستا خاکی لەگەڵ ئەوەیشدا کە خۆی خەڵکی ناوچەی هەولێر بوەو ، بەشی زۆری ژیانی لەوێ بەسەر بردوە ، کەشکۆلەکەی تایبەتی بەرهەمی زاناو نووسەرو شاعیرو •••ی ئەو ناوچە نیەو رەنگدانەوەی ئەو بابەتانەی ناو هەموو کوردستانەو ، نەك هەر کوردستان بەڵکو سنووریشی شکاندوەو ، رەنگدانەوەی ئەدەبو دابو نەریتی گەلانی دراوسێو ، بگرە دوورەدەستانیشەو ، پابەندی زێدو ، لایەنو ، یرو ، رێبازو •••ی ناوچەیەك نیە ، لەگەڵ بەرهەمی شاعیرانی هەولێرو موکریانو

باتەو جزیرو بۆتانو٠٠٠دا بەرهەمی شاعیرانو نووسەرانی ناوچەکانـــی: ســـلێمانیو ، هەورامانو ، ئەردەڵانو ، گەرمیانو ، کرماشانو ٠٠٠ی تێداکۆکردوەتەوە ٠

دیاردەیەك کە جێگەی سەرنجو بایەخە لەم کەشکۆڵەدا ئەوەیە کـــە ئەم مامۆستا بەرێزە لە ماوەی کارکردنی لە کۆکردنەوەی کەشکۆڵەکەیـدا لەو بابەتە باوو ناسراوانە لای داوەوە گەلێ بابـەتی کـەم وێنەی ئاخنیوەتە کەشکۆڵە پڕو پڕ بەهاکەی لەوانە : لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا بە پیـــاوو ئـافرەتی حەکیمی کوردســـتانەوە گەڕاوەو ، لێیپرســـیونو ، ئـەو داوو دەرمانانەی ئەوان بۆ گەلێ دەردو بیماری بەکاریان هێناوەی جیـــاجیـــا نووسیوەو ، لە دوای هەر بابەتێکیشیانەوە ناوی خاوەنەکەی نووســـیوە ، بەمە ناوی کۆمەڵێك بلیمەتو بە تواناو مەیدانی پزیشکیی گەلەکەمانـــی بۆ پاراستووین کە رەنگە ـ لەم کەشکۆڵەدا نەبێ ـ کەس ناوی نەبیستبێو نەیانزانێ ٠

پێوانەی ئەم کەشکۆڵەیش (٢٠×١٢) یەو لاپەڕەی (١٨)دێڕو زیاترو کەمتری تێدایە ٠

کەشکــۆڵی گەلاڵــە

ـ ٤ ـ

ئەم کەشکۆڵە پاشماوەی کـەشکۆڵێکی نایابی سامانـی کەلەپووری ئەدەبی کوردییەو ، لە کتێبخانەی (دارصدام‌للمخطوطات)دا لە ژێر ژمـارە (١١٨٠١)دا پارێزراوە ٠

ئەم کەشکۆڵە ئێستە (١٩٢) لاپەڕەی ماوە ، بەڵام بە گوێرەی چەنـد بەڵگەیەك کە دەیانووسم وای بۆ دەچم کە کاتی خۆی زۆر لەمەی کـــە ماوە زیاتر بووبێ ، چونکە :

یەکەم : ئەو ژمارانە کە بۆ لاپەڕەکانـی دانراون تازەو ، بە قەڵەمـــی

لاپەڕەکانی (١١ × ١٩) و ، لاپەڕەی وا هەیە (١٥) دێڕی تێدایەو لاپەڕەی وایش هەیە (١٢) دێڕی تێدایەو ، لاپەڕەی وایش هەیە (١٨)و واتە کەمو زۆریی لە ژمارەی دێڕەکانی لاپەڕەکاندا هەیە •

کەشکۆلی عەبدوڕەحمان

— • —

ئـەم کەشکۆلـە دەســـــتخەتی ژمـارە (٣٠٩٣٠)ی کتێبخانەی (دارصدام‌للمخطوطات)و ، لە شێوەی (بەیاض)دا نووسراوەتەوە

پێوانەکەی (١٩×١٠)و ژمارەی دێـڕی لاپەڕەکانی وەك یەك نیە • مێژووی نووسینەوەی دەستخەتەکەیش بە روونی نازانین ، بە گوێـرەی شیعری ئەو شاعیرانەی نـاوو شیعریان لە دەستخەتەکەدایە دەبێ تەمەنـی کەشکۆلەکە (٨٠ــ٩٠)ساڵ بێت •

دوو سێ کەس کاریـان لـە نووسینەوەی کەشکۆلەکەدا کـردوە ، یەکێکیان ناوی (محەمەدصالح)بوە ،ئەمەیان تا ئـەندازەیەك خەتی خـۆش بوەو ، خوێندەوار دیارە • ئەوی دیکەیان ناوی (عورمەر ئەربیلی)یە ، ئـەم نووسەرە کۆلکەخوێندەوار بوەو ، خەتیشی ناخـۆش بوە بە داخـــەوە ، کەشکۆلەکە جێگەی متمانە نیەو ، هەڵەی زۆری تێدایـەو نوسخەیەکـــی دیکە نەبێ کە پاڵپشتی ئەمەی پێ بکرێ سوودێکی ئەوتۆ نابەخشێ •

لەم کەشکۆلەدا ناوی چەند شاعیرێکی کورد هاتوە ، من پێ بزانـم، تا ئێستە شیعریان بڵاو نەکراوەتەوەو ، چینی خوێندەواری ئەم سەردەمـە ناویان نەبیستوون •

کەشکۆلەکە (١٨٠) لاپــەڕەیەو ، شیعری ئەم شاعیرە کوردانـــەی تێدایە : زەبوونیی ، میرزا شەفیع ، ئەحمـەدی کۆر ، مەلا وەلەوخـــان ، طالیع ، مەخمووریی ، وەلی‌دێوانە ، کوردی ، رەنجووری ، نالی ، فەقـــێ

رەصاص نووسراون‌و ، رەنگە کاتی فرۆشتنی کەشکۆلەکە ئەو ژمارانەی بۆ دانرابێت‌و ، کاتی خۆی ئەو ژمارانە نەبووبن •

دوەم : لە شیعرەکانی (نالی)دا وا دەردەکەوێ کە پێشتر بەش‌بەش بوەو ، بە بینێکی درێژەوە مشت لە نووسینەوەیان گیراوەو ، لەوانەیە هەموو – یان بەشی زۆری – شیعرەکانی ئەم شاعیرەی تێدا بووبێت ، چونکە لە جێگەیەکدا نووسراوە : (باب الهاء)و دوای ئەوە ئیتر ئەو شێوە نابینین •

سێیەم : لە سەرەتای شیعرەکانی(سالم)دا نووسراوە: (کلیات‌سالم)بەڵام ئەوەی لە کەشکۆلەکەدایە هەموو شیعرەکانی سالم نیە •

چوارەم : ئەو ژمارانەی کە لەسەر لاپەڕەکان نووسراون شپرزەن‌و زنجیرەیان تێک‌چوەو ، لە چەند جێگەدا سەرەتای پارچە شیعر دیارەو ، بە برانەوەی لاپەڕەکە پارچە شیعرەکەیش ناکام دەبێت‌و ، لاپەڕەی دوایی شتێکی دیکەی تێدایە کە پەیوەندیی بەمەوە نیە •

ئەم کەشکۆلە بەرهەمی ئەم شاعیرانەی تێدایە : کوردی ،نالی سالم ، حەریق ، ئاهی ، خەستە ، کەیفی ، مەحوی ، صابیری •

لە کۆتایی ئەم کەشکۆلەدا نووسراوە کە مەلا محەمەدڕەشیدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای گەلاڵە لە مێژووی (١٣١٩)ی‌کدا لەبەر خاتری برای بەڕێزو خۆشەویستی مەلا محەمەد شەریف نووسیویەتیەوە • بەڵام لە لاپەڕە ٦٩دا کە شیعرەکانی ئاهی تەواو دەبن نووسراوە :«تمت از ید حقیر سراپا تقصیر عبدالله الکلالە، غفر الله له ولوالدیه ولناظریه • آمین» لەمەوە دەردەکەوێت کە کەشکۆلەکە کەشکۆلی مەلا عەبدوڵڵای گەلاڵە بوەو ، پاش خۆی لای نەوەکانی ماوەتەوە ، نەوەکانیشی ڕێگەی باوکی خۆیان ونەکردوەو ، ئەدەب‌دۆست‌و شەیدای بەرهەمی شاعیرانی کورد بوون •

کەشکۆلەکە لە سەر شێوەی (بەیاض) نووسراوەتەوەو ، پێوانەی

عەبدوللا ، عەلی ، شێخڕەزا ، فونوونی ، خانای قوبادی ، یێسارانی ، مەولەوی ، حاجی ... جگە لەمانەیش بەرهەمی چەند شاعیری فارسی تێدایە .

سەرەتای ئەم کەشکۆلە مەولوودنامەکەی شێخ حسەینی قازیە ، کۆتاییەکەیشی ، کە خۆی لە خۆیدا ناتەواوە ، بەم پارچە شیعرەدێت:

(یارسول‌الله) دڵ جە غەم خەستەم
مەطوول بە عیللەت عیصیانەن جەستەم
پشت بە بار غەم هیجران شکستەم
پایەی عیصیانم جە حەد ویەردەن
غەیر جە بەدکاریی خاسیم نەکەردەن
بەو شاکە قەییوم قایم بە ذاتەن
میزان جە وەزن گونای من ماتەن
جەهەنەم جە تاوم شینو زاریشەن
جە خەوف گونام بێ‌قەراریشەن
جەحیم جە کردەم [سارختشن!]
جە دیدار من حاشای سەختشەن
ساعیقەی سەقەر جە نامش کەفتەن
جەو ساوە سەدای گونام ژنەفتەن
هەرکەسێ چون من گوناش بۆ (!)
مبۆ جە مەحشەر [حاشی‌حشی!] بۆ
موهیم لوطف تۆ سەیید موختار
پەنای عاصیان بەندەی گونەهکار
بە بێ سەرپۆشی خانە پڕ طەریق(!)
بە تۆ مبەخشان خەڵقان ڕۆی مەحشەر

وەرنە رووگەردان رۆی قیامەتم
شەرمەندەی دیوان قابی رەحمەتم

(زبرەمحمدصالح)

ئەم کەشکۆڵە جگە لەوەی کە ناوی ئەو دوو نووسەرەی تێدایـــە ، لە چەند جێگەدا مۆری (عبدالرحمن)ێکـــی پێوەیـــە ، بۆیـــە نـــاوی (کەشکۆڵی عەبدورەحمان)م بۆ دانا • دوا دەسیش کە ئـــەم کـــەشکۆڵەی دیوە ، پێش ئەوەی لەم کتێبخانەدا بگیرسێتەوە ، دەستی فاضیل فەتحوڵـلا عەبدولعەزیز محەمەدێك بوە ، هەر لە پاڵی ناوی ئـــەم دوو کەسەیشـــدا یادگاری (صالحجاف)ێك دەبینرێت •

کەشکۆڵی شـــێخ مەحمـــود

– ٦ –

ئەم کەشکۆڵـــە دەســـــــتخـــەتـــی ژمـــــارە(١٦٦٨٩)ی کتێبخانەی (دارصدامللمخطوطات)و ، ناوی لێ نەنرابـــوو ، بەڵام من دوای ئـــەوەی دیم لە کۆتاییدا محەمەد ناوێك ئەڵێ : لە بەر خاتـــری مامۆستام شـــێخ مەحمود نووسیمەوە ، ناوم نا (کەشکۆڵی شێخ مەحموود) •

ئـــەم کەشکۆڵـــە نزیکەی (٢٠٠) لاپـــەڕەیەو بـــە بابـــەتی هەمەجۆر لە:نامەو ، بابەتی ئاینیو ، دۆعاو •••ئاخنراوە • بایەخێکی زۆری بە نامەکانی مەولانا خالیدو شێخانی طەریقەی نەقشبەندی تێـــدا دراوەو ، بە خەتێکی جوانو راستو دروست نووسراوەتەوەو ، یەك دوو نامەیم لەگەڵ نامەکانی ناو (یادیمەردان)ی مامۆســـتا مەلا عەبـــدولکەریمیمودەڕیســـدا بـــەراورد کرد بۆم دەرکەوت کە ئەم نوسخە گەلێ جار لە ســـەرچـــاوەکانی ئەویێ پوختو رەوانترە •

پێوانـــەی ئـــەم کەشکۆڵە (٢٠×١٣)یەو ، ژماری دێڕەکـــان کـــە لـــە لاپەڕەکاندا نووسراون وەك یەك نیەو ، بە زۆریی لاپـــەڕەی (٢٠)دێـــڕو زیاترو کەمتری تێدایە •

کێبەرکێ یان لاسایی‌کردنەوەو بیرۆك لەیەکتر وەرگرتن

ئەوەتی خولیای کۆکردنەوەی کەلەپووری ئەدەبی کوردیو بەرهەمی شاعیرانی کۆنمان کەوتوەتە مێشکەو ، وردەوردە لەم بوارەدا خەریك بووم هەستم بە لەیەکچوونو نزیکی بیرو مانا لە نێوان بەرهەمی شاعیراندا کردوەو ، هەر لە یەکەم قۆناغی بلاوکردنەوەی بەرهەمی شاعیرانیشەوە ئەم راستیەم درکاندوە •

ئەم باسە ـوەك زۆر لە باسەکانی دیکەی ئەدەبی کوردیـ هێشتا هیچی ئەوتۆی بۆ نەکراوەو ، کەسم نەدیوە قوول لەم بوارەدا رۆچووبێو بە نموونەی جۆراوجۆرو ، لێکۆلینەوەی پشت‌بەستوو بە بەلگەو بناغەی پتەوو سەرچاوەی باوەرپێکراو ئەم لایەنەی شیو یەکالا کردبێتەوە ، منیش کە لێرەدا لە دەرگای ئەم بابەتە دەدەم بە هیوای ئەوەوە لێی نادەم کە لەم دەرفەتەدا قوول دەست داگرمو باسەکە یەکسەرە بکەمەوە • بەلام ئەوەندە هەیە لەم ماوەدا کە خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمی شاعیران بوومو کەشکۆلەو کەشکۆلی زۆرم کردوەو ، شیعری جیاجیای کۆمەلێك لە شاعیرانمانم دیوەو ، هەندێکیانم یەك‌خستوەو هەلم‌سەنگاندوون زیاتر ئاسۆی ئەم باسە لە جاران بە روونی دەبینمو ، نموونەگەلی فرەترم بەدەستەوەیەو ، رەساتر دەتوانم ، بۆ ئەمەولا ، کەرەسەی ئەم بابەتە دیاری بکەم •

لە سەرەتای بەرگی یەکەمی ئەم پرۆژەدا ـکەشکۆلی کەلەپووری ئەدەبی کوردیـ باسی ئەوەم کرد کە کاری من لەم قۆناغەدا وەك دروێنەو

کۆکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵو خەرمانـدانـان وایەو ، بەشـی خەرمانکوتانو ، شەنوکەوکـردنو ، خەرمانهەڵگرتن ، بۆ هـەڵو دەرفەتێکی دیکە هەڵدەگرین • هـەر لەبـەر ئـەمەیش بوە ـزۆر بـە پێویستم نەزانیێ ـ خۆم لە لێکۆلینەوەو لێکدانەوەی دەقو بابەتـەکانی ناو بەرگەکانی پێشوو لاداوەو ، بە کۆکردنـەوەو بـڵاوکردنەوەیـان دەستبەردار بووم •

بەڵام کاتێ وا هەیە بابەتو دەقێ وا دێتەپێشەوە ئەگەر هەندێك روون نەکرێتەوەو ، لایەنە جۆراوجۆرەکانی باس نەکرێـن لەوانەیە ئەو هەلـە لەکیس بچێ کە ئەو بابەتانە سوودی خۆیان بگەیەننو ، هەندێ لەو مانـاو مەبەستانە کە لەو بابەتانە وەردەگیرێن بەسـەر بەشێك لە خـوێنەراندا بڕۆنو ، دواتریش ئەو دەرفەتە نەگونجێتەوە کە وەك پێویست لەسەریـان بنووسرێ •

ئەوەی من گەلێ جار هەستم پێکردوەو چەند جاریش لە بـواری خۆیدا باسم کردوە ئەوەیە شاعیرانی پێشوومـان شێوەیەکی تایبەتیـی خۆیان لە کێبەرکێو نواندنی تواناو دەستەڵاتی بیرو قەلەمیاندا هەبوەو ، ئەوەی لای گەلانی دیکە بە (سرقات‌شعریة)شیعردزین دادەنرێـت لای ئەمان روانگەیەکی دیکەی هەیەو ، وەك لـەم نموونانەدا کـە دەیانهێنمەوە دەردەکەوێت ، ئەوە بە لەکە دانەنراوە کـە شاعیرێـك ماناو مەبەسـتی شاعیرێکی دیکە ، هەر بە وشەو کێشو سەرواکانـی ئەوەوە بێنێ ، بـە مەرجی ئەوە ئەم بتوانێ لە هەندێ رووەوە روالەتێکی تازە ، یان مانایەکـی ناسکتر بە لایەنێ ، یان چەند لایەنێکی ئەو ماناو مەبەسـتە بـدات کـە شاعیری پێشوو ئەسپی بیری خۆی تیا تاوداوە •

لێرە بە دواوە چەنـد دەق دەخوێنیتەوە کە هـەر یەکێکیان دەقـی شاعیرێکەو رەنگە هەر یەکتریشیان نەدیبـێ ، بەڵام لەوانەیە ئاگایان لـە شیعرو بـابـەتو بەرهەمی یەکتر بووبێو ، ئەوەی دوایی ویستبێتی شان

لە شانی ئەوەی پێش خۆی بداو ، کێبەرکێی لەگەڵ بکاو ، ئەوەی دواتریش لەگەڵ ئەوەی پێش خۆیدا ۰۰۰ئێمە سەرنج بۆ مەبەستەکە رادەکێشین‌و ، نموونەکان دەخەینە روو ئیتر هەڵسەنگاندنیان‌و ، باسی ئەوەی کامیان گۆی هونەری لە کامیان بردوەتەوە ئەخەینە ئەستۆی چین‌و بەرەی ئەمەولای رۆشنبیرانمان •

یەکەم نموونەی ئەم مەبەستە بەرهەمی چوار شاعیرمانە کە بە پێی ئاگاداری من دوانیان تا ئێستە بڵاونەکراونەتەوەو ، دوانیشیان بڵاوکراونەتەوە ، بۆ ئەوەی هەر چوار دەقەکە بەیەکەوە لە بەردەستی خوێنەراندا بن ، دوانە بڵاوکراوەکەیش لێرەدا جارێکی دیکە بڵاودەکەینەوە •

دوای ئەوەیش کە لەم دەرفەتەدا چەند نموونەی باسەکە دەخەمە روو مانای ئەوە نیە ئەمە هەموو ئەو بابەتانەیە کە دەیانزانم‌و لە بەردەستدان ، بەڵکو دەمەوێ ئەوە لە خوێنەری ئازیز نەشارمەوە کە گەلێ نموونەی دیکە لە دەستدان‌و ، جارجار لە پەراوێزەوە ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەم‌و ، لێرەدا پێشەکی وەك نموونە خوێنەری ئازیز بۆ لای بابەتگەلی دیکە رێنومایی دەکەم‌و ، خۆی دەتوانێ بە هەندێ پشکنین‌و ماندوبوون وێنەی زۆریان لێ کۆبکاتەوە ، لەو بابەتانە : بای شەماڵ ، نەوسوەیل‌و بەهاروگوڵ‌و باخ‌رازاندنەوە ، زیارەتی شەخس‌و مەشایەخ ، راووشکار •

مەلا مصطەفای بێسارانی(١)

ئیمشەو ئاهیرێ گڕ بەست نە دەروون
بڵێسەش یاوا وە سەقف گەردوون

---

(١) شایانی باسە ئەم پارچە شیعرە دووجار لە لایەن مامۆستا عوثمان‌هەورامی‌یەوە لە ژمارە(١٤٢)ی (بەیان) و (٣٦)ی (رەنگین)دا بێ جیاوازی‌و دەستکاریی لە وەڵامی پرسیارێکی پیرەمێرددا بڵاوکراوەتەوە.

جه کۆکۆی ئاهیر ، جه بلێسەی نار
ستێزام چون بەرق هەر کەردم هاوار
جه هاوار هاوار شفاو لاڵەی من
جه هەی‌ئاو ! هەی‌ئاو ! شینو زاڵەی من
تمەز مشنەوۆ یەك خوداتەرسێ
موسولمان صیفەت ، راگەی حەق پەرسێ
ماوەرۆ گۆزەی نەفت (بیت‌المال)
مشانۆ وە رووی گڕبەستەی شەماڵ
پێسە مزانۆ یە گۆزەی ئاوەن
تمەز گۆزەی نەفت کۆی تەوەن‌تاوەن
گۆزەی نەفتش کەرد وە بلێسەم‌دا
قرچەی گۆزەی نەفت یەند ستێزەم‌دا
هەرتا کە سەحەر هەر سۆزام بە سۆز
سەحەر سفتەی کۆم با بەردش چون تۆز
هەرکەس وێنەی من ئیقباڵش چەفتەن
مواچۆ : هەی‌ئاو ! نەصیبش نەفتەن !

رەنجـووری

ئیمشەو جه نەحسیو سیایی چارەم
گوشاد بی پەردەی قاپیی پەژارەم
هەر یەند خەیاڵان دەروونم تاودا
تاغافڵ خێزا گڕەم جه ناودا
جه گڕەی ئایر بەرز بلێزە
دەرلاد هەوام سەند وە صەد ستێزە
جه بەرزیی بلێس گڕبەستەی تاوم
جه هەی‌داد ، هەی‌داد ! هەی‌ئاو ، هەی‌ئاوم

تمەز ئاوابی جە سەر تا پایین
گشت میان بێدار جە خاو شیرین
میان موینان کوورەیێ وە تاو
دەو مدەن وە دەو پەی ئاوردەی ئاو
وەر جە گشت کەسان نەزان حالەیێ
دنیا نەدیدەی چواردەسالەیێ
جەلدو چاپوکخێز بەرمیۆ نە خاو
چون طەیر تیژباڵ دەو مدۆ پەی ئاو
میۆ موینۆ ها گۆزێ کەوتەن
مواچۆ ئاوەن ، تمەز ئەو نەفتەن !
وە دەس ئیشارەت وە زوان لالام :
هەی نەفتەن هەی‌نەفت ! مەشنە وە بالام !
جە نەحسیی طالەم هەرچەند واتم نەفت
ئەو ئاما وە لام ، صەدای من نەشنەفت
دەس بەرد وە بالا گۆزەی نەفتش شەند
بلێسەی بەرزم ئەوج هەوا سەند
شەو بی وە شوعلەی چراخان نوور
من گرم تاو بەست چون تاو تەنوور
تا سەحەر سۆزام من بەی نەفتەوە
بلێسەم گر بەست هەی نەسرەفتەوە
سەحەر سفتەی مۆم چون چلۆسك دار
بی وە زووخالین وامەندەی هەوار
(رەنجووری !)·هەرکەس دڵدا وە خەیاڵ
ئاخر سەرتاپاش مبۆ وە زووخاڵ[1]

---

(١) بروانە : محەمەدعەلی قەرەداغی ، دیوانی رەنجووری ، چاپخانـــەی (آفاق عربية) سالی : ١٩٨٣ ل : ٨٣ .

معدومی در ردیف فرموده[1]

ئیمشەو ئاهیرێ گڕ بەست نە دەروون
بڵێسەش یاوا بە سەقف گەردوون
جە گڕەی ئاهیر ، جە بڵێسەی نار
سۆزیام بە سۆز هەر کەردم هاوار
جە کڵپەی ئاهیر جە بڵێسەی تـاوم
جە هاوار ، هاوار ، هەی‌ئاو ! ئاوم !
تمەز ئاوایی جە سەر تا پـایین
گشت میان بێدار جە خاو شیرین
زووتر جە گشت کەس یەك نەزان‌حاڵێ
دنیانەدیدەی چواردەسـاڵێ
بە چوستو چاپوك هۆرێزا بە تاو
هەڵمەت مبەردش پەی ئاوردەی ئـاو
مدیۆ موینۆ گۆزەیێ کەفتەن
مواچۆ ئاوەن ، تمەز یـە نەفتەن
ماوەرۆ گۆزەی نەفت (بیت المال)
شانۆش بـە ئاهیر گڕبەستەی شەماڵ
هەر جە دوور ئاما من بۆش شنەفتم
زانام مەرگ من ، وە کۆس‌دا کەفتم
بـە دەست ئیشارەت بە زوبان لاڵام :
هەی نەفتەن !هەی‌نەفت ! مەشان وە باڵام
جە بەدبەختیی من ، هەم ستارەی چەفت
گۆش نەبی وە دەنگ ، صەدای من نەشنەفت

---

١) واتە (مەولەوی)ش لەسەر شێوەی ئەو فەرموویەتی .

دەست بەرد وە هەوا[1] گۆزەی نەفتش شەند
بەتەر بلێسەم دوودو ئاهیر سەند
گۆزەی نەفتش شەند وە بلێسەمدا
بە قرچەی ئاهیر خاص ستێزەمدا
ئەو شەو سۆزیام من بەو نەفتەوە
بەرزیی بلێسەم هەر نەسرەفتەوە
ئەو شەو تا سەحەر سۆزیام بە سۆز
سەحەر سفتەی سۆم با بەردش چون تۆز
هەرکەس وێنەی من ئیقبالش چەفتەن
نەواچۆ هەی ئاو ، نەصیبش نەفتەن[2]

باباشێخی بێارانی[3]

ئیمشەو ئاهیرێ گربەست نە دەروون
بلێسەش یاوا بە سەقف گەردوون
جە کرپەی ئاهیر ، جە بلێسەی تاوم
جە هاوار هاوار ، هەی ئاو ! هەی ئاوم !
جە کرپەی ئاهیر جە بلێسەی نـار
هەر سۆزام بە سۆز هەر کردم هاوار
جە هاوار هاوار ، شفاو لالەی من
جە هەی ئاو هەی ئاو ، شینو زالەی من
تمەز مشنەوۆ یەك خوداتەرسێ

(١) لێرەدا (وەو = وەهەو) بوو من (١) یەکەم بۆ زیاد کرد .
(٢) ئەم پارچە لە لاپەڕە (٢٩٤)ی کەشکۆڵەکەی (قادری سـەڵەسـیی) وەرگیراوە .
(٣) لە لاپەڕە (١١٢)ی کەشکۆڵی (قادری سـەڵەسیی) وەرگیراوە .

موسولمان صیفەت راگەیحەقپەرسێ
ماوەرۆ گۆزەی نەفت (بیت المال)
مشانێ وە رووی گڕبەستەی شەماڵ
گۆزەی نەفتش کەرد وە بلێسەمدا
قرچەی گۆزەی نەفت هەر ستێزەمدا
هەرکەس وێنەی من ئیقباڵش چەفتەن
من واچووم هەی ئاو نەصیبش نەفتەن
من کۆی نەفتینم [تو ئاهر بەست !]
[... رانـــام کەرد بەست !]
گڕ بلێسەش بەست هانام کەرد بە شار
دیم کە پەیدا بی هەزارێ گیاندار
هەر یەك جە لایێ ئاو وەنەم شانا
هەر چەند ئاما گڕ پرشنگ مشانا
ناگاه پەیدا بی قیبلەی من جە دوور
مدا وە سەردا موات : هەی کۆی طوور
چون ئاهووی خوتەن ئاما جە لاوە
دەست دا وە ئاودا سفتەم کوشتاوە

نموونەیەکی دیکە

ئەمەیش نموونەیەکی دیکەی کێبەرکێ لە نێوان (خانا)و(مەحرووم)و یەك دوو شاعیری دیکەدا کە کاتی خۆی لە (هاوکاری)[1]دا بلاوکردەوە ، ئێستەیش بۆ ئەوەی لەم جێگەدا رووناکییەکی باشتر بە مەبەستەکە بدات دەیخەمەوە روو :

---

(١) بڕوانە : جارێکی دیکە مەحرووم بەربەرەکانی خانا دەکا ، محەمەدمەلی ئەرەداغی ، هاوکاری ژمارە ٤٥١ ، ٩٧٨/١٢/٤ .

(خانا) دەلێ :

خەدەنگ غەمزەی وەنەوشە خاڵان
حەربەی نیم نیگای نازك نەوهاڵان
ئەر بگنۆ وە سەنگ کۆی سەخت خارا
مکەرۆش وە گەرد وە بێ مودارا

(مەحرووم)یش بەم شێوە لەم مانادا خۆی نواندوە :

مەخمووری دیدەی قطرانی خاڵان
نیم نیگای موژەی گەردەن غەزاڵان
ئەر بگنۆ وە هەرد قوللەی کۆی (پڕاو)
وە ذات موطڵەق مکەرۆش بە ئاو

هـەر لـــەو دەسخەتەدا کە ئەم شیعرانەم لێ وەرگرت نموونەی دوو چوارخشتەکیی دیکەیش هەیە هەر لەم بابەتەن‌و بوونیان لێرەدا بێ سوود نـیـیـە :

چوارخشتەکیی یەکەم :

زڕەی زریزەی بازوو خڕخاڵان
پەشێوی شێوەی پەشێودەساڵان
ئەر بگنۆ وە نەجد قوللەی پڕ خەطەر
مکەرۆش وە تۆز باد بوردەی سەحەر

چوارخشتەکیی دووەم :

زەڕە جە زووخاو دەرد دەروونم
تاف سەیل هەرس دیدەی پڕ هوونم
ئەر بگنۆ وە کاو قوللەی (شاهۆکۆ)
وە ذات بێچوون تاوتۆش جە تۆ

ئەوەی دەبێ لێرەدا بگوترێ ئەوەیە کە ئەم دوو نموونە ناوی کەسیان بە سەرەوە نیـیەو ، تەنها (ولە)یەکیان لەسەر نووسراوە ، کە وا دەگەیەنـێ

ەر هی ئەو شاعیرانە بن ، بەڵام ئەمە دروست نی‌یە ، چونکە هەر لە نـــاو
ەمانەدا ئەو دوو بەیتەی (خانا)یش نووسراوە کە لێرە بە دواوە لەگــــەڵ
ەرەبەرەکانی‌یەکەی (مەحرووم)و هەڵسەنگاندنەکەی (مەولەوی) لەســـەر
ەردوکیان ، وەك نموونەیەکی دیکە ، بڵاویان‌دەکەینەوە .

شیعرەکانی خانـــا :

بەرق سەیف ناز ئەبرۆخەمینان
عەکس ماوی‌خاڵ خورشیدجەمینان
ئەر بگنۆ وە کۆی قوللەی قەزاڵە
مەکەرۆش وە پووڵ سفتەی صەدساڵە

(مەحرووم)یش ئاوا بەربەرەکانی شیعرەکانـــی (خانا)ی کـــــردومو ناردوویەتی بۆ (مەولەوی) تـــا رای خـــۆی دەربڕێ‌و بزانێ کامیـــان سەرکەوتووترن :

بەرق بەرقەی ناز عیشوەفرۆشان
چەخماخەی لەنجەی تەڵانەگۆشان
بزیسکەی نیگای دیدە شابازان
بریقەی غەمزەی شەکەرین رازان
ئەر بگنۆ وە سەنگ جای تەجەللای نوور
مەکەرۆش وە گەرد چون سورمەی کۆی توور
(مەعدووم!) راس(خانا) سۆزان عەشق بی
کەی وێنەی (مەحرووم) هەر عەشقش مەشق بی ؟

(مەولەوی)یش ، کە لەســـەر داوای (مەحـــرووم) هەڵســـەنگاندنی هەردوو دەقەکەی خراوەتە ئەستۆ ، بەم جۆرە رای خـۆی دەربارەیـــان دەربڕیوە :

نەوباوەی خەیاڵ (مەحرووم) دانا
رەدیف لەطیف ظەریف (خانا)

یاوا ، وه دیدەی کەم بینام ساوا
جە نەو بینایی پەی دیدەم یاوا
پەیڕەوی (خانا)ت یاد ئاوەردە بێ
ئەو ئەسڵو وێت فەرع حەساو کەردە بێ
لاکین زادەی طەبع بۆ عەنبەرێنت
دەس ڕێسەکەی فیکر بیکر شیرێنت
پەسەندیدەی فام عەقڵ دانا بێ
خاستەر جە خەیاڵ خاصەی (خانا)بێ
زیادە پەی فەرع وە سەر ئەسڵەدا
خاصەی واتەی تۆن جەی سەرفەصڵەدا

نموونەیەکی دیکە :

ئەمەیش نموونەیەکی دیکەیە لە نێوان مەولەوی‌و مەلا (قاسم)ناوێکدا کە کاتی خۆی بڵاوکردووەتەوە[1] ، وا لێرەدا بۆ زیاترتیشکخستنە سەر مەسەلەکەو ، بۆ ئەوەی باش‌و ئاساتر دەست خوێنەر بکەوێ جارێکی دیکە تۆماری دەکەمەوە :

مەولەوی دەڵێت :

تەرسوون ئەر بەدەن ڕەقیب‌دڵ‌سەرد
کەردش وە تووتیا ئاسیای چەپ‌گەرد
وەخت تەماشای ئەو بەرگوزیدەم
شەماڵ بشانۆ گەردش نە دیدەم

مەلا (قاسم)یش ئاوا بەربەرەکانی (مەولەوی) کردوە :

تەرسوون ئەر ئازیز جە پڕمەیلی‌ی وێش
کیانۆ نامەیێ ئەرلای خەستەی وێش

---

(۱) بروانە : هاوکاری ، ژمارە (٤٣٦) ١٩٧٨/٨/٧ .

جەو دەمدا رەقیب جە حەسرەت بۆ گەرد
شەماڵ پەیاپەی بەرۆش نە رووی هەرد
وەقت تەماشای نامەی ئازیزم
شەماڵ بشانۆش دیدەی هوونڕیزم

لاسایی‌کردنەوەیەکی دیکەیش :

لە کەشکۆلی (سەلەسی)دا پارچەیەك شیعرم بە ناوی (مەلا عەزیزی نەغەدەیی)یەوە دۆزیەوە ، بە پێی ئاگاداری من بڵاونەکراوەتەوە، نووسیمەوەو پاكنوسم کرد ، دوایی پارچەیەك شیعری هەمان شێوەو ڕێبازم لە ژێر ناوی (سەید محەمەدی خانەقا)دا دۆزیەوە ، ئەویشم نووسیەوە ، بەڵام دوایی کە ورد گەڕام دەبینم بە بێ ناوی کەس لە گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ)[1]دا بڵاوم کردوەتەوە . لە بەر ئەوەی ئەم دوو نموونەی لاسایی‌کردنەوەیش یەك بخەمو ، لێرەیشدا ناوی شاعیرەکەی بە سەرەوەیە ، جارێکی دیکە بڵاوی دەکەمەوەو ، لە خواریشەوە سووکە بەراوردێکی هەردوو نوسخەکە دەکەمو ، بۆ نوسخەکەی (رۆشنبیری‌نوێ)پیتی (ع) دادەنێم .

دەبێ ئەوەیش نەبوێرم کە ئەم پارچەی (سەیدی خانەقا) دوو جار لە کەشکۆلی (سەلەسی)دا نووسراوە ، جارێك بە ناوی سەید محەمەدی خانەقاوەو ، جاری دوایی بێ ناوی کەس ، بەڵام جارە دواییەکە ـ لەگەڵ کەمێك جیاوازیدا ـ وەك دەقی چاپەکە وایە .

سەید محەمەدی خانەقا

چراخم دینت
نەقشەن نەرووی دڵ ئارەزووی دینت
بەرقەی[2] کارخانەی ئوستاد جەمینت
سیاتەر جە دووی قەیس دەردینت

---

(1) بروانە : رۆشنبیری‌نوێ ، ژمارە (75) تەمووزی (1979) .
(2) بەرقەی(ع)بریقە

لادەر جە صەفحەی بەیضای جەمینت
فەلەك نەشێوتۆ شێوەی شیرینت

★ ★ ★

نازك ورشەی خۆی گۆنای گوڵڕەنگت
نازك لارو لەنج غەمزەو نازەکەت
نازك ورشەی خۆی گۆنای گوڵڕەنگت
نازك پرشەی چەرخ دیدەی سێوەنگت
نازك ئەگریجەی پای عەرەقچینت
فەلەك نەشێوتۆ شێوەی شیرینت[٣]

★ ★ ★

تیر نیم‌نیگای گۆشەی چاوەکەت
گوزەر کەرد نە جەرگ[٤] دڵ‌کەواوەکەت
ئەلحەق بینا ویم[٥]نەونەمام نـۆ
ئارۆ نیم‌نیگای دیدەی مەست تۆ
ئیحیا کەردەوە خەستەی خەمینت
فەلەك نەشێوتۆ شێوەی شیرینت

★ ★ ★

وەختێ بەو مەخصەل[٦] گۆنای لالـەوە
بەو تەرتیب تیپ زەنگیی خالـەوە
مەخرامیاوە پاینەی[٧] وە نـەرم

---

(٣) لیر(ع)ئـەرك .
(٤) گوزەرکەرد نە جەرگ (ع)سەندە بی حەیات .
(٥) بینا ویم (ع) بینایم
(٦) بەو مەخصەل (ع)وەو مەحفەل .
(٧) پاینەی (ع)پـا منیا .

پەياپەی مەوات وە بانگ بێ شەرم :
صۆفیو مەلاو شێخ شەیدان پەی دینت
فەلەك نەشێوتۆ شێوەی شیرینت

★ ★ ★

باقی نازاران صوراحیی گەردەن
هەرکەس کەسێوەش بەردەن وە مەردەن[٨]
بەڵام ئەی شێوە ، ئەی شیشەگەردەن
هەزارکەس چون من بەردەن وە مەردەن
سا چون وەی طەورەن [طرزوانیت !]
فەلەك نەشێوتۆ شێوەی شیرینت

★ ★ ★

گوڵ خجڵ نە رووی نازكطەرز تۆن
عەرعەر حەلقەگۆش باڵای بەرز تۆن
ئاهوو شەرمەندەی دیدەی باز[٩]تۆن
عالەم[١٠] ئاوارەی غەمزەو ناز تۆن
پێچ دا وە ماران زولف چینچینت
فەلەك نەشێوتۆ شێوەی شیرینت

★ ★ ★

باز [بیانباز !] [١١] باڵای شەنگ تۆن
مەزەی رێزەی راز غونچەی [١٢]تەنگ تۆن

---

(٨) هەرکەس...تاد (ع)هەرکەسێ کەسێتش سەودایی کەردەن .
(٩) باز (ع) مەست .
(١٠) عالەم...(ع)چون من دلداران دڵ پابەست تۆن
(١١) باز[بێانباز](ع)ناز بێ ئەنداز
(١٢) تەنگ ئەم وشە لە لای من کەوتبوو لە (ع)مان وەرگرت .

نازکیی لاڵەی گۆناى ئەحمەریی
ئینس و جین و وەحش[١٣] فریشتەو پەریی
کەردەن وەهامڕاز[١٤] قەیس دەردینت[١٥]
فەلەك نەشێونۆ شێوەی شیرینت

★ ★ ★

ئازیزم تانەی گرۆی بێ دەردان
ئاهیرێ نە تۆی دەروونم بەردان
بنمانە جەبین[١٦] بەدر جەبهەی وێت
من ئاسا بەڵکم شەیدابان پەرێت
بەڵام پەشێوەن زوڵف موشکینت
فەلەك نەشێونۆ شێوەی شیرینت

★ ★ ★

یەك رۆ جە ناکاو جـە صوب سەحەردا
پەنجەرەی ئەیوان مەشریقیی هۆردا
هەوادا پەردەی رووی صەفحەی جەمین
خێزا واوەیلای گرۆی موذنیبین
ماشەڵڵا جە شەوق بەیضای جەمینت
فەلەك نەشێونۆ شێوەی شیرینت

ملا عزیز نغدی

قیلەم بۆی شنۆی زوڵف چین چینت
ئەگریجەو پەرچەم بۆی عەنبەرینت

(١٣) وەحش(ع) طەیر .
(١٤) هامڕاز (ع) هامدەرد .
(١٥) دەردینت (ع)خەمگینت .
(١٦) جەبین (ع) پێشان ، ئەم نیوەبەیتەو نیوە بەیتی پێشوو لە لای (ع) باشو پێشـــن .

شۆڵەی شەرارەی شەمس جەمینت
لەرەی شەمامەی سینەی سیمینت
بەردەن وە مەردەن بەندەی خەمینت
فەلەك نەشێوتۆ شێوەی شیرینت

★ ★ ★

تاسەی تای گیسووی نازك خێزەكەت
ئارەزووی دیدەی خەدەنگ ڕێزەكەت
بۆی كالآی بالآی عەرعەرپێزەكەت
سەر گۆنای گولگوون عەطرامێزەكەت
گرەوستەن یانەی موبتەلای دینت
فەلەك نەشێوتۆ شێوەی شیرینت

★ ★ ★

سەر طەرزو سەر سەرو سەر باغچەی باغان
دەرمان زامان دمروون پرداغان
سەركردەی فیرقەی نازك ئەندازان
سەردەلیلەی رەم دیدە شەهبازان
سۆچنات سۆچیای شەمس جەمینت
فەلەك نەشێوتۆ شێوەی شیرینت

★ ★ ★

ئازیزم گەردەن صوراحیی بێ گەرد
چەنی نەنالیی چەنی ئێش سەرد !
وەصلت پەی خەلكی ، هیجرانت پەی من
دەرمانت پەی ئەو ، زامانت پەی من

مەیلت چەنی ئەو ، چەنی من قینت
فەڵەك نەشێوتۆ شێوەی شیرینت

★ ★ ★

من دڵم وە هوون رەنگ کەردەن یا ئەو ؟
من وێم وە سەرگەرد تۆ کەردەن یا ئەو ؟
من پێکیای پەیکان نیم‌نیگات یا ئەو ؟
من چەمم کەشتەن خاك وە پات یا ئەو ؟
خەندەت چەنی ئەو ، چەنی من کینت
فەڵەك نەشێوتۆ شێوەی شیرینت

★ ★ ★

دەك رەحمەتت بو پێساران مەنزڵ
خاصش فەرماوان ئوستاد کامڵ :
ئەگەر مەزانام وەفات نەبۆ
دڵ مەدام وە سیخ نمەدام بە تۆ
رەحمێ کەر وە حاڵ دیدەنمینت
فەڵەك نەشێوتۆ شێوەی شیرینت

★ ★ ★

صادق ـ سەیید محەمەد صادقی صەفاخانە ـ

لە بەرگی سێیەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا[1] پارچەیەك شیعری (صادق)م بڵاوکردەوە ، بەڵام ئەو کاتە هیچم لە سەر ژیانی نەنووسی ، کە ئەم دەست خەتەیشم ـ ٨٢٨١ ـ ئەمسەرەوسەر کرد بینیم پارچەیەکی دیکە شیعری (صادق)ی تێدایە ، بۆ ژیانی سەرێکم لە کتێبەکەی مامۆستا (بابا مەردۆخ)دا ، لەوێ بینیم ژیانێکی تا ئەندازێك درێژو خۆش‌و پارچەیەك شیعری ئەم شاعیرەی تێدایە ، دوای وردبوونەوە دەرکەوت هەر هەمان پارچەیە کە لە دەست‌خەتەکەی لای مندایە • بە باشم زانی لێرەدا پوختەیەك لەو ژینامەو ، پارچە شیعرەکە لەگەڵ بەراوردی جیاوازی‌یە سەرەکی‌یەکانی‌دا بنووسم :

سەیید محەمەد صادق لە سەیدەکانی صەفاخانە بوەو ، شاعیرێکی هەستیارو شۆرەنگێز بوە ، لە دەوروبەری سالی (١٢١٢ی‌ك ١٧٩٧ز)دا لەدایك بوەو لە سالی (١٢٨٠ی‌ك ١٨٦٣ز)دا کۆچی دوایی کردوە •

ئەم پیاوە دوای تەواوکردنی خوێندن لە مەدرەسەی باو باپیری خۆی‌دا دەرسی گوتوەتەوەو ، پیاوێکی بەرێزو ، دەست‌و دڵ گوشادو میوان دۆست بوە • پێش ئەوەی ماڵ پێکەوە بنێ دڵی لە کچێك چوە کە ناوی (جیهان‌ئارا) بوە ، کەس‌و کاری مامۆستا کچەکەیان بۆ داواکردوەو ، بە جوانترین شێوەی ئەو سەردەمە دیاری‌کراوەو ، بۆی مارەکراوە ، بەڵام پێش بەیەك‌گەیشتنیان چنگی مەرگ دەزگیرانی مامۆستامانی گرتوەو ، گوڵ‌خونچەی‌ئاواتی ژیانی هەڵپرووکاندوەو ، ئەو داخە سەختەی ناوە بە جگەری مامۆستادا • سەییدی داماو دوای ئەم کارەساتە شێت‌و سەرگەردان

---

(١) بڕوانە : مشاهیر کرد ، ١/١٨ ٤ • هەروەها بڕوانە ل : (٥٣٧)ی‌بنەماڵەی زانیاران •

بوەو ، ماوەیەك داوی‌یەتی‌یە كێوان ، تا دوایی كەس‌و كاری بڕیاریان داوە كە بیبەن بۆ خزمەت شێخی سیراجەدین لە طەوێڵە ، بەڵكو بە دۆعای ئەو خودا شیفای بدات ، ئاگایان لەوە نەبوە كە سەرنویشت لەگەڵ ئەودا لە كینەدایەو ، داوێكی نوێی بۆ ناوەتەوە ! لە ڕێگەی چوون بۆ خزمەت شێخدا چاوی بە كچێكی (صوراحی)ناودا هەڵدەتەقێ كە زۆر لە جیهان‌ئارای جوانەمەرگی دەزگیرانی دەچێت‌و جارێكی دیكە تیری ئەوین دڵی دەپێكێتەوە !

هەرچۆن بێت دەیگەنە خزمەت شێخ . شێخ كە ڕووداوی ژیانی سەیید ئەزانێ‌و ، لە بەسەرهاتەكەی ئاگادار دەبێت ، دەنێرێ بۆ لای باوكی صوراحی‌و بۆی داوا دەكات‌و ، تفاقی خوازبێنی‌و گواستنەوەی بۆ ساز دەكات‌و ، كار دێتە سەر گواستنەوەو بە ئاوات‌گەیشتنی مامۆستا ، بەڵام بۆ بەختی ڕەشی ئەو ، جارێكی دیكەیش ڕۆزگار یارمەتی نادات‌و مەرگ چنگ لە ڕەگی گوڵخونچەی ئاواتی توند دەكات‌و ، جارێكی دیكە جەرگی مامۆستامان دەداتەوە بە تەنوورەوەو ، مامۆستا لە جاری پێشوو زیاتر شەیداو سەرگەردان‌و ئاوارە دەبێت‌و دەداتەوە كێوو ، لەم ڕۆژانەی ژیانی‌دا شیعری بە سۆزی دڵداری وتوەو ، جاری وا هەبوە ناوی هەردوو دڵدارو دەزگیرانەكەی لە شیعرەكانی‌دا بردوە وەك :

ئەعضای شكستەی پڕ جەراحە خۆم
بێ (جەهان‌ئارا)و بێ (صوراحە) خۆم

بەڵام هیمەت‌و دۆعای شێخ مامۆستای بە ئاوات‌نەگەیشتووی گێڕاوەتەوە بۆ خانەقاو ، ئەو ئەوینە (مەجازی)یەی بوە بە ئەوینی (حەقیقی) .

صادق پیاوێكی شۆخ‌و ئەندام‌ڕێك‌و جوان بوە ، زۆریش دەنگی خۆش بوە ، دەگێڕنەوە لەو ڕۆژانی شەیدایی‌و سەرگەردانی‌یەدا هەر كاتێ

بەو دەنگە خۆشەی شیعری خوێندبێتەوە پەلەوەرو جانەوەرانی کێو لـــە دەوری خڕبوونەتەوەو گوێیان لە شیعرە پڕ سۆزەکانی گرتوە !

صادق هاوچەرخی (سەیید محەمەدسەعیدی کوچکچەرموو) بوە، نامەو شیعریان بۆ یەك نووسیوەو ، جار جاریش بە دەشتودەرکردنو راوو شکارەوە لە کێوەکانی (کوچکچەرموو)و (باینجۆ)دا رایانبواردوە[١]

- ١ -

وەرنەود ئەی کەن راگەی جەنگەڵان
جە شۆن شاباز لان جە ئەردەڵان
بەڵ جە لوطف حەق جە ئەنفاس پیر
وە حەلقەی تۆڕدام باوەرین وە گیر
راویش بکەرین چون میرشکاران
سارێش بۆ جای تیر تانەی ئەغیاران
(یاغوث‌الاعظم)سەردار (گیلان)
جەلای ژەنگ دڵ مینای دڵ لێڵان
دەخیل ئەر مەندەن هیممەت جە لاتان
هانام ئاوەردەن وە خاکپاتان
ئەرصەد عاصیەم هەر ئێدم زانان
نامم وە ئەولاد ئەحمەد موانان
نامەی ئەعمالم ماوەرۆ وە زەین
بم‌بەخشە وە نوور شای (قاب‌قوسین)
هیمەتێ کەرۆی جە عام دیار بـۆ
چون بەرق دەیجوور سایەی بەهار بـۆ
(یا غوث الاعظم) یا کۆسەی هەجیج
شابازم بەندەن نـە زایەڵەی زیـج

هیمەتێ کەروون بێ صاحیب مانۆ
یا (صادق) وە سەیر باڵای ئەو شانۆ
هەر وەقت بیۆ دەنگ لالەکەش
[هونە بدرو پیریو بالکش !]
[کوشتاو پیش بدین بو نباتوە !]
بار ئەو لانەکەی وێش نەباتەوە
یا صاحیب ئەلطاف کان موشکیلات
با (صادق) جە دەست غەم بیۆش نەجات[1]

- ٢ -

خەم ! کۆتاییت بۆ[1] !
ئەی خەم ساوەسەن با کۆتاییت بۆ !
مەینەت[2]! بۆ وە سەر با دیاییت[3] بۆ
خەفەت ! بەس بیساط بەزمئارایت بۆ
هیجران[4] شەوگارت نەدارۆ پایان ؟
فیراق ! صوبح تۆ کەی بۆ نمایان ؟
خەیاڵ ! خامۆش بە هەر سات جە لایێ
وەسواسە ! وەس کەر هەر سات سەودایێ
هەناسە !سەردبای وەس کەرە دوودیی

---

(١) ئەم پارچەیش لە کەشکۆلێ (سەلەسیی) وەرگیراوە .

(١) ئەم پارچە ئەوەیە کە لە مەشاهیرەکەی مامۆستا (بابا)یشدا هەیەو ـوەك گوتمان ـ لێرەدا جیاوازیە سەرەکیەکانی دەنووسین ، ئەوەی کە لە سەرەوە نووسراوە دەقی کەشکۆلەکەی (سەلەسی)یەو ئەوەیش بە پیتی(با) جیاکراوەتەوە جیاوازیەکانی بابایە :

(٢) مەینەت(با)خەفەت .

(٣) دیاییت(با)دماییت .

(٤) خەفەت(با)مەینەت .

دەروون[٥]! وەس کێشە ناڵەی بێ‌سوودیی
تاقەت ! ئەی تاقبای بگیرە تاقەت
سا دەخیل ئەی مەیل[٦] بازم فیراقەت
کام زام بی جە تۆ من نەویم نەصیب
جەفا پەرێ من ، وەفا پەی رەقیب[٧]
ئەی دڵ وەس گێڵە ها پڕ[٨] بیت جە هوون
وەس گرە چون گڕ شەماڵەی[٩] سەبوون
ئەی چەم بینات شی وەس کەر بەنگیزە[١٠]
ئەسرین پێت نەما [١١]سا وەس بڕێزە
شادیی وە کۆ شی هیچ نەداریی شۆن
ئاخ دەماغ جە کۆی ؟ یە بێ تۆیی[١٢] تۆن !
بنمانە گۆشە لەم[١٣] گۆشەی کڵاو
ئەی [سپاجدور بکرە !] بڵاو[١٤]
(صادق !) دەماغت لێم [١٥] بێ دەماغەن
کەیفت بێ‌کەیفەن شادیت ئاساغەن[١٦]

---

(٥) دەروون(با)ناڵە .
(٦) مەیل(با)لەیل .
(٧) ئەم بەیتە لە(با)دا نیە .
(٨) ئەی...(با)ئەی دڵ وس کولیە با پربیت .
(٩) شەماڵەی(با)شەرارەی .
(١٠) بەنگیزە(با)ئەنگیزە .
(١١) پێت نەما (با)بیت وە هوون .
(١٢) بێ‌تۆیی(با)نەبیەنی
(١٣) گۆشەلەم(با)جارێ سەر .
(١٤) ئەی...(با)ئەی سیا جە دەور من کەری ووڵاو
(١٥) لێم (با) لێت .
(١٦) ئاساغەن (با) ناچاغەن .

خاناى قوبادى

له بەرگەکانی دیکەی ئەم کەشکۆلەو چەند وتاریشدا شـیعری ئـەم شاعیرەم بلاوکردوەتەوەو ، وا ئەم جارەیش ئەم شیعرانەم دەست کـەوت لێرەدا پێشکەشیان دەکەم ، بە هیوای ئەوەی وردەوردە بتوانین دیوانێکی خنجیلەی ئەم شاعیرە گەورەی خاوەنی (شیرین‌و خوسرەو) پێك بێنین • دەربارەی ژیانیشی لەوە زیاترمان دەست‌نەکەوتوە کە پێشتر باس‌کراوە •

سـەرچاوەی ئەم شـیعرانەیش کـەشـکۆلـە رەنگینەکـەی (ئەحمەدی‌براله)یـە •

— ١ —

عـزیز الغفـار ••• •••
یا عظیم العفو عزیز الغفـار
ویا نفخ صور في یوم القرار
واحشرنا مع النبـي المختـار
في یوم کالمهل طعام الأثیم
یغلي في البطون کغلي الحمیم
شادم جه واتەی بینای بێ نەظیر
بمغفرة وأجـر کبـیر
ماوەرەم نە سیلك زومرەی موشریکون
وضل عنهم ما کانوا یدعون
ولا تکتبني کمن ــ یا رحیم ــ
یحل علیه عذاب مقیم
عەفوم کەر بە لوطف جە کردەی گوناه
یوم لا مرد له من الله
یاعمیم اللطف کثیر الاحسان
اعوذ بك من شر الشیطان

به وەفق بورهان سەعادەت عەمیم
ویل لکل أفاك أثیم
جە (ناروێل) بدەرم نەجات
ارزقني بالفضل من الطیبات
ولا تشسني انت یا غفار (!)
في الحشر کما یئس الکفار
ئەو رۆ نە جەننەت زومرەی موئمینین
یتساءلون عن المجرمین
قالوا لم نك من المصلین
وکنا نخوض مع الخائضین
ادفع الهی کل بلائي
اغفرك (!) بالعفو کل خطائي
جەو دەمدا (وظن انه الفراق)
والتفت الساق (جەهەیبەت) بالساق
بە کەریمیی وێت کیبریای ئەقدەس
چونکە فەقیرم بە فریادم رەس
جە رووی مەرحەمەت دلسۆزیی بکەر
ماسلککم ماچان فی سقر
یاکثیر اللطف شدید العقاب
جودك بحکم بلا ارتیاب (!)
رۆی : یالیتني کنت ترابا
لا یملکون منه خطابا
یا مالك الملك یوم التنادي
ببەخشی تەقصیر(خانای قوبادی)

جەو پەی عەفوتەن پەی عاصی عەمیم
انك انت التواب الرحيم

- ٢ -

ياأولى الالباب ••• •••
نقسمو (!) بالله يا اولى الالباب
من ملة الكذب في يوم الحساب
لا يخفف عنهم العذاب
يا أيها الناس نحو المشركين
ولا تكونن من الممترين
فاستعذ بالله سميع بصير
من عذاب النار وبئس المصير
ايها الاخوان لكون النجاة
اقيموا الصلاة وآتوا الزكاة
واتقوا من بطش رب العالمين
وان الله مع المتقين
واتقوا الله يا أهل الانسان
لا تتبعوا خطوات الشيطان
ومن يتبع خطوات الشيطان
إنما هو من أهل الخذلان
ومن يحترز من الخطايا (!)
احسن قولا وفي الدعايا
يؤتيه الفردوس ربك اليقين
وكذلك نجزي المحسنين
لا تخف (خانا) من شر الجحيم
وان الله غفور رحيم

میرزا شەفیعەکان

لە رۆژنامەی هاوکاری[1]دا باسی ئەوەم کرد کە تا ئێستە
بیۆگرافیا ، یان فەرهەنگی نازناوی شاعیرانیکورد نەنووسراوەو ، ئەو
سەی بە دوای ناوو مێژووی ژیانی شاعیرانماندا بگەڕێ تووشی چەندین
ڤەتو گرێکوێلە دەبێت ، لەوانە : شاعیری وامان هەیە لە ژیانی شیعریی
ژیدا زیاتر لە یەك نازناوی بەکار هێناوە ، وەك جاری وایش هەیە زیاد
شاعیرێك یەك نازناویان بەکار هێناوە ؛ دیارە ئەم کارە دووسەرە لە
یدانی ئەدەبی کوردیدا ، کە یەك شاعیریشمان نییە دیوانی دەستخەتی
ژیی بۆ بەجێهێشتبێن‌و دەست ئێمە کەوتبێ ، ئەگەر نەڵێم یەك شاعیرمان
شاعیرەکۆنەکان نییە کە دیوانی دەستخەتی ـ با بە خەتی خۆیشی نەبێ ـ
تەواوی دەست ئێمە کەوتبێ ! جا لە بارو دۆخی ئاواداو لە کاتێکدا ئەگەر
ردەیەك لە بەرهەمی ئەو شاعیرانە مابن لەملاو لەولاو ،لەم کەشکۆڵ‌و ئەو
باضدا بە خەتی ئەم کۆلکەمەلاو ، ئەو نیمچەخوێندەوار نووسراییتەوەو
ڵێ جاریش هەر بیریان لەوە نەکردبێتەوە کە تەنانەت ناوی خودی
اعیرەکە بنووسن ، نەك لە شاعیرانی دیکەی جیابکەنەوەو ، ناوو شۆرەتی
ریەکەیان بنووسن .. لە بارو دۆخی ئاوادا ئەبێ چۆن بگەینە ئەنجامی
باکردنەوەی ناوی چەند شاعیرێك کە یەك نازناویان بەکار هێنابێ ؟

ئەمەی کە لە بەردەستمانایە نموونەیەکی ئەم گرێکوێرەیە . زۆر جار
کەشکۆڵەکاندا ناوی (شەفیع) یا (میرزا شەفیع) دەبینین‌و، منیش تا
ستە چەند پارچە شیعرم بەم ناوەوە بڵاوکردوەتەوە ، ئەم جارەیش
ەند پارچە شیعری دیکەم دەستکەوت ، ویستم لەم هەلەدا بە گوێرەی
ستکەوتن شتێك لەسەر ئەم شاعیرە ، یان راستتر بڵێین لەسەر خاوەنی

---

[1] بڕوانە : هاوکاری ژمارە (٤٩٦)ی ١٩٧٩/١٠/١٥ ، ببلیۆگرافیای
شیعری کوردی هەنگاوێکی پیرۆزی ئەدەبی کوردییە .

ئەم نازناوە ، بنووسم . دوای پشکنینو گـەڕان چی ببینم ؟ هەر بـە گەڕاێکی کەم سێ تا چوار شاعیرم بەم نـازناوە دۆزی‌یەوە ، جا لـەم دەرفەتەدا چی بکەم ؟ ئەوەی لێرەدا بکرێ ئەوەیە بە کـورتیی مێـژووی ژیانی چوار شەفیع ناو ئەنووسمو ئەو شیعرانەیش کە بەو ناوانەوەن لێرەدا بلاویان دەکەمەوە ، بەلکو لەمەولا هەلی لەبارتر ڕەخسێو بتوانین هـەر شیعرێك بدەینەوە بە خاوەنی خۆی .

میرزا شەفیعی کولیایی :

ئەم پیاوە خەلکی دێی (ڕەزلەی) ناوچەی (کـولیایی) سـەر بـە (کرماشان) بوە ، لە سەردەمی خوسرەو خانی والی ئەردەلاندا ژیـاوەو ، ناوی خوسرەوخانی لە شیعرەکانی‌دا بردوە . میـرزا شـەفیع دۆستی گیانی‌بەگیانیی سەرهەنگ ئەلماس‌خان بوەو ،شیعریان بۆ یەك گوتوەو ، هاتوچۆی گەرمیان بوەو ، کەمێك پێش کۆچی دوایی ئەلماس‌خان میـرزا شـەفیـع ویستویەتی بچێ بۆ دیدەنیی ، بـەلام تـا ئـەم گەیشتووەتـە (کەنۆلە)ی زێدی ئەلماس‌خان ئەو کۆچی دوایی کردوەو ، ئەم چـوەتـە سەر گلکۆکەی‌و بە شیعر لاواندوویەتی‌یەوە . میرزا شەفیع هەندێ جـار (شەفیع)و هەندێ جاری دیکە (حاجی)ی بۆ نازناوی شیعری بـەکـار هێناوە . میرزا شەفیع موناجاتێکی درێژی بە شیعری کـوردی شێـوەی گۆرانیی لێ بەجێ‌ماوە ، مامۆسـتا (بـابـامەردۆخ) هـەنـدێکی لـێ بلاوکردوەتەوە .(١)

میرزا شەفیعی جامڕێزی :

ئـەم شـاعیرە لە هۆزی دەلۆی خەلکی دێی جـامڕێزی دەوری

---

(١) بروانە : مشاهیر کرد ، ١/٢٥٨ .

کەرکووك بوەو ، لە ناوەڕاستی صەدەی سیازدەهەمدا ژیاوەو ، شیعرەکانی بە شێوەی گۆرانین .[٢]

میرزا شەفیعی پاوەیی :

ئەم شاعیرە خەلکی شارستانی پاوە بوەو ، هەستیارێکی خۆش زەوق بوە لە سالی (١٢٠٠ ك ـ ١٧٨٥ ز)دا لـــە دایـكبـوەو ســالی (١٢٥٢ ك ١٨٣٦ ز) کۆچی دوایی کردوە .

مامۆستا بابامەردۆخ پارچە شیعری « قەدیم‌موطلەق »ی بە شیعری ئـەم داناوە[٣] .

شەفیعی بۆکانیی :

ئەم زانایە ناوی مەلا عیصامەدینی کوڕی مەلا محەمەد شەفیعە ، لە زاناو مامۆستا بەناوبانگەکان بوە ، لە سالی (١٣٠٠ ك ١٨٨٢ز)دا لـــە گوندی (ئەنبار) لە گوندەکانی سەر بەناوچەی بۆکان لەدایك بوەو لـە سالی (١٣٧٤ ك ١٩٥٤ ز)دا کۆچی دوایی کردوە .

ئـەم مامۆسـتایـە پاش ئەوەی خوێندنی تەواو کردوەو ئـیجازەی مەلایەتیی وەرگرتوە ، دەستی کردوە بە دەرس‌گوتنەوەو ، بە پێگەیاندنی قوتابیانەوە خەریك بوەو ، لە بەلاغەو ئەدەبدا دەستی بالآی هـەبوەو ، کتێبیشی تیاداناوەو بەین‌بەینەیش شیعری گوتوە[١].

– ٨ –

نـازك خەیال بـۆ ... ...
میرزام هەر شەخصێ نازك خەیال بـۆ

(٢) بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو ، ٢/٣٣٧ .
(٣) بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو ، ٢/٣٤٢ .
(١) بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو ، ٢/٣٢٧ .

جۆیای ئەصڵ کان خەزانەی لاڵ بـۆ
چون بوڵبوڵ پەی گوڵ ئاشفتە حاڵ بـۆ
مبۆ چون گوڵچن گوڵ پەسەند کەرۆ
[تواتر !] نەبۆ دڵ پەسەند کەرۆ
شێوەی گوڵ جە لەوح دڵ نەکەرۆ مەشق
پایەش نەوینۆ مەینەتسەرای عەشق
راستەن گوڵان گشت گوڵشان نامەن
بەعضێ گوڵ بۆشان مایەی زوکامەن !
عارف کەسێوەن نـە تەماشای گوڵ
تەجرەبەی مەحبووب بکەرۆ حاصڵ
مەحبووب کەسێوەن عەرعەر شێوە بـۆ
چل شێوەی مەحبووب تەمام پێوە بۆ
بیستو یەك شێوەش حوسنو جەماڵ بۆ
(ما باقی) ئەدەب عەقڵو کەماڵ بۆ
ساڵ جە هەشتو شەش رەد نەکەردە بۆ
چون غونچەی عەطر نە تۆی پەردە بـۆ
گێسووش چون کەمەند بەهرام گوور بـۆ
وێنەی بەخت من سیادەیجوور بۆ
شەوق پێشانیش چون ستارەی رۆ
شەو موحتاج بە شەوق شوعلەی شەم نەبۆ
دوو حاجیب هیلال ماە سیا بۆ (!)
قەوس ئاسای قەدیم ، قودرەت کێشا بۆ
عەین سەواد جە عەین کاملەی کاران
سەندە بۆ خەراج دیدەی تەتاران

خومار بۆ چون عەین مەست مەیخانان
قایل بۆ جە لای سەرکار خانان
جە دایرەی دەور دیدەی سێوەنگش
جە تیش موژان شانای خەدەنگش
دڵ گیرۆدەی غەرق مەوج هوون کەرۆ
نیم نیگاش عاقڵ وە مەجنوون کەرۆ
فەم چەشمەی حەیات [کل ندلسیدا !]
لوولووی نیم غەلطان بەدر شەو تێدا
گەردەن چون بلوور صاف بێگەرد بـۆ
بەڵام بەو شەرطە مایل بـە زەرد بـۆ
وەڵگ بۆی لیمۆش نیمیاوان نیم کاڵ
بشانۆ نە دەور ڕێزەی ماویی خاڵ
نافش باج جە ناف ئاهوو سەندە بۆ
میشك ناف تێدا مەلوول مەندە بـۆ
تەخت ناف نە طەرح قاقم نەبۆ کـەم
زەردیی‌و سفیدیی داخڵ بۆ بە هەم
[کفته !]بۆ گوڵ نەشکوفتەی چەمەن
جای سمی غەزاڵ نـە وەڵگ سەمەن (!)
نـە دەور سونبوڵ تازەڕەستە بـۆ
گەنجش وە طەلیسم ناشکەستە بۆ
بەرگێرۆ خازین ئاوان وە بێ ڕەنـج
کلید یاقووت نە تۆی قوفڵ گـەنج
کومەیتش نە جای عەرصەی تارو تەنگ
تەکاپۆی مەیدان ریجلش کەرۆ لەنگ !

جەو دما پەی سەیر جە ناف ئەو باڵا
سەر بنیۆ وە بان موتتەکای ئاڵا
دەستبەر گەڵای قوفڵ یەقەش واز کەرۆ
خازین دڵ نە سەیر سەرئەفراز کەرۆ
طوغرای زوڵف وە بان قورص قەمەردا
چون توولّ لاولاو بەیۆ نەسەردا
بویەرۆ نە جام جیهان بینی جەم
[کەفتە !]نە دەور خاڵو سینەو مەم
وەرنە : سیمو زەڕ گەنج پەنهانیی ،
خەرووس طوغیان ، جۆش جوانیی
هەر سە تا بە سەر بە کەس نەمەندەن
فەڵەك موکافات یەك جە یەك سەندەن
نەك وێنەی (شەفیع) دڵ داخین دەرد
خەزان پیریی روخ بکەرۆ زەرد !

ـ ٢ ـ(١)

نادیرەی ژاڵە ، نادیرەی ژاڵە !
بەگزادەی بێعەیب مەحبووب ژاڵە !
تەوار تەڕلان لانی چەند ســـاڵە
بێ خۆف نەو صەیاد (سەنگاو) مەحاڵە
طەیر هومایۆن موبارەك قەدەم
باز بێ کڵاو ، بێ پەرواو بێ هەم

(١) ئەم پارچەیش لە کەشکۆڵی (محمد امین ـ خاکی) وەرگیراوەو ، بـە روونیی گۆڕانو دەستکاریی‌کردنی شێوەی گۆرانی‌یەکەی پێوە دیارەو ، لە قالبی گۆرانیش‌دا زۆر دەگوترێ .

شەهێنی تونخێز خاڵ نوختەی بێگەرد
شەیدای بەرزدەماخ چاڵی (تەنگیزەرد)[٢]
کەوی پانەخشین صوبح نە پای کۆسار
قنیاتت بە قووت سنوورچەی گولزار
زەوقت وە زینەت مەزاق گوڵ بۆ
قنیاتت وە قووت مەغز سومۆڵ بۆ
پاشا ئەسپەردەی پیری ژاڵە بی
دائیمە لە صونعی چواردەساڵە بی

ـ ٣ ـ[١]

ئەلف : ئینشای اسم (الله آکبر)
بێ : بەخشندەی نوور وە شەمس خاوەر
تێ : تاكو بێ باك یەکتای تەوانگەر
ثێ : ئەنای ثابت سەبتی کەلامەن
کەلامت ئیمام رەهنومای عامەن
جیم : جیهانداران جەمجای سەهمناك
ئاراستی جە خاك مکەری وە خاك
حێ : حەکیمی دەرد عەلیلو ئەعرەج

---

(٢) لە قەرەداغ گوندێك هەیە پێی دەڵێن (تەنگیسەر) تۆ بڵێی ئەم (تەنگیزەرد)ەو ئەو (تەنگیسەر)ە یەکێ بن ؟

(١) ئەم (ئەلفوبێ)ی (میرزا شەفیع)ە لە کەشکۆڵەکەی مەلا (محمد امین ـ خاکی) وەرگیراوەو ، هەر ئەم نوسخەیشیم دیوەو ، وەك خـۆی نوسیومەتەوەو ، رەنگە هەڵەیشی تێدابێت ، بەڵام وەك گوتم هەر ئەمە لە توانادایەو ، بۆ نموونە یەکێك لەو شوێنانە کە بەهەڵەی دەزانم ئەمەیە [عزم افـردەی ـ عەزم ئەفـردەی] رەنگە راستییەکەی ئاوابێ (عظم‌اسفردەی ـ عەظم ئەسفەردەی) .

غەیر جە تۆ نیەن (مفتاح الفرج)
خێ : خوداوەندان دەهر دونیای دوون
عەبدی جیرەخوار خوانی نەعمای توون
دال : دەهەندەی ریزق ئەحیای ذی حەیات
ئیحیاسازی خەلق جە (بعد الممات)
ذال : ذیکر هەر جینس ئافەریدەی تۆ
چەنیو هەر نەفەس مواچۆ :(یاهو)
رێ : وە رەسوولان فرستائەی وێت
بە وەحیو ئیلهام پێشان دادەی وێت
زێ : وە زاهیدان رەوضەی رەسوولت
وە دۆعاو حاجات لێشان قەبوولت
سین : وە سەرمەستان بادەی طەهوورت
نە هەر جا پەیدان ناپەیداو حوضوورت
شین : وە شاکیران شوکری رەضای تۆ
شاکیرم وە تەقدیر کردەی قەضای تۆ
صاد: وە صەفاو صیدق صۆفیانی صاف
ضاد : وە ضیای شەمس جە قاف تا بە قاف
طێ : وە طەوافچییان (بیت‌الحرامت)
وە (صەفا)و (مەروە)و روکنو مەقامت
ظێ : ظیللی ئەعلا دانای (لاینام)
تاج‌ئاسا نە فەرق جوملەی خاصو عام
عەین : وە عیبادەت عابیدان ئەصل
زوبدەی زاهیدان (في فیض فصل)
غەین : وە غازیان سەر (تفیل) کەردەن

جه غەزای فەڕەنگ فرصەت ئاوەردەن
فێ : وە فریشتان جه نوور سروشتان
وه حوورو غیلمان باغ بەهەشتان
قاف : وە قەنادیل ئاویزان عەرش
وە کەڕڕووبییان فەڕاشانی فەرش
کاف : وە کاتبیان نەفەس شوماران
بە موستەوفییان قەطرەی ئەمطاران
لام : وە لیوای سەبز شای بوراق‌سوار
(جدالحسنین)موصطەفای موختار
میم : وە مەلەکان (مسجد الاقصی)ت
وە (بیت المعمور)تەوحید عیسات
نوون : وە نیدای وەحی گۆش رەسوولان
وە سرووش گۆش حاجەت‌قەبوولان
واو : وە واوەیلای رۆی دەشت مەحشەر
(واحسرتا)ی قەوم قەبیلەی کافـر
هێ: وە هیدایەت وە پاك بەخشان (!)
وە طولووع فەجر وە داجی عیشان (!)
لام‌ألف‌لا : ضیدلامەکانەنی
نەساختی پەی وێت شەریك هەنی
یێ : یاڕەب بە ذات بێ خوردو خوابت
بە عیلم‌و ئایەت هەر چوار کیتابت
شین : شەرمەساریم جه حەد ویەردەن
فێ : فرە تەقصیر باران وە گەردەن
یێ : یەکسـەر کردار بەدکاریم کەردەن
عەین : عوبوودیەتم بە جا ناوەردەن

ئیمە هام نە فیکر خۆف رای سەفەر
راهان دشوار یەك جە یەك بەتەر
سزای قەبضی رۆح ، تەلخیی سەکەرات
پورسای نەکیرەین ، سەختی رای صیراط
گۆڕئەفشان گۆڕ ، تەن خۆراك موور
[عەزم ئەفسردەی!]خاك تا وە نەفخ صوور
ئینە ها نە را مبۆ چیش کەروون ؟
غەیر جە ذات تۆ داد وە کێ بەروون ؟
یارەب بە حورمەت پادشای شاهان
هادی مەدەد بەخش گومکەردەی راهان
سەر جە را شێیەن باوەریش وە راە
ئۆمێدم وە تۆن وە تۆمەن پەناە
گونای من ئەر صەد چون قوللەی قافەن
عەفوی تۆن ئیزاف نە قاف ئیزافەن
یارەب بە حورمەت خولقی حوسەینەش
بمان بەخشی بە خاك گەرد نەعلەینەش

— ٤ — (١)

وە پێغەمەران نە رات جانفشان
شەش پەنجاو دوو شەش یەکن خەتمشان
وە ئەولیاهان بەعدی ئەنبیا
وەپاکی تەبسەت ئەهلی ئەتقیا

---

(١) ئەم پارچە لە کەشکۆلی (محمد امین) وەرگیراوە ، بەڵام وا دیـــارە هەندێك شێوەی نووسینو زاراوەی گۆرانییەکەی دەستکاری کرابێ ، منیش وەك خۆی نووسیمو ، تەنانەت هەندێ جار پەیرەوی سەروبۆرو رێنووسەکەی ئەوم کردوە ، یەك دوو جێکەیشم بە گومانەوە روونووس کـــرد .

بە عەشق ئەبوبەکر خەلیفەی ئەکبەر
جاداری میحراب رەسوولی سەروەر
رەفیقی شەفیق مەحموودی موختار
(ثانی)هەم (اثنین إذهما في الغار)
جە دومای یاران بە عەشق عومەر
ئاشکراسازی دینی پێغەمبەر
بە عەشق (ذو النورین) ئەعلای (ذیشرف)
(جامع الاوراق[زاة!]الله)ی موصحەف
بە عەشق حەیدەر کەڕاڕی صەفدەر
قاتیلی گەورانی ، کوشندەی عەنتەر
بەو دوو لوئلووی پاك نازاری رەسوول
جگەرگۆشەکان فاطیمەی بەتوول
وە بانگ‌و تەکبیر غەزایانی رەزم
رەزاشان بە عەزم غەزا مبۆ جەزم
وە موقەڕەبان پای عەرش ئەعظەم
وە تەوافچیان کەعبەی موعەظەم
بە فەرموودەی حەق (اقتلوا الکفار)
سەر نە رای ئەمرت مکەران نیثار
(في سبیل الله) نەویدشانەن
وە رەوضەی ریضوان ئومێدشانەن
وە نالەی غەریب موبتەلا وە دەرد
وە ئاهی مەظلووم وەقتی شەفەق‌زەرد
وە بار لەبان یەتیمانی زار
رەنگ‌ئالوودەی خەشم [خەلیدەی خار !]
وە تاوی ئەسرین دیدەئەسرینان

وە نازکی طەبع وجوودی پیران
وە شەرم شێخان خەلوەتگوزینان
وە صافی صودوور (صدق الیقین)ان
رۆژ نە سەیاحەت شەو نە ذیکر هو
سەرمەستو مەدهۆش بادەی عیشق تۆ
وە یاهووی نەفەس عەبدالآنی چۆل
تەن لوختو عوریان ، یەك تای لۆنگك نە کۆل
وە ئیخلاصی خاص تەوبەدروستان
وە پاکیی دامان عیصمەتپەرستان
بە شەرافەتی قەدری کردەشان
تەقصیری (شەفیع) بیەخشی پێشان
ئەو صاحیب تەقصیر تۆ پادشاهی
رای عەرزەش بڕیا نە رووسیاهیی
غەرقەن جە عیصیان زار [بتخشی!]
مەغفیرەت بە تۆن مبۆ بیەخشی
ئومێد نە دەرگات پەی خەلاصیەن
ئافەریدەی تۆن ئەر صەد عاصیەن

شـەفیع

لـه دەستخەتی ژمارە (٣٠٩٣٠)ی کتێبخانەی (دار صـــدام[1] للمخطوطات)دا شیعری کۆمەلێك شاعیری کورد هەیە ، یەکێك لـەوانـە (شەفیع)ە ، کە چەند پارچە شیعری ئەم شاعیرەی تێدایە ، بەلآم بە داخەوە ـ وەك جارێکی دیکەیش باسم کردوە ـ نووسەرەوەی ئەم کـەشکۆلـە کۆلکە خوێندەوارەو ، کەشکۆلەکەی هەلەی زۆری تێدایەو ، یەکێك لەو پارچە شیعرانەی میرزاشەفیع پارچە شیعرێکی (٣٨) بەیتییەو ، بـاسـی

دەروێشیی‌و کەرەسەی دەروێشیی دەکاتەو . وا نەبوایە بابەتێکی باشـــی ئەم لایەنەی ژیانی کۆن دەبوو ، بەڵام لەبەر هەڵەی زۆر نەمتوانی لـــەم دەرفەتەدا بڵاوی بکەمەوە ، ئەوەندە هەیە لێرەدا سەرەتاو ناوبـــەناو چەند بەیتێکەو کۆتایی پارچە شیعرەکە دەخەمە روو :

— ٥ —

میرزام دەروێش . . . . .
... ...
تـــاج دەروێشیی ، خەرقەی ئیطاعەت
جام چل کلیل ، سەنگ قەناعەت
میهرو میهربەند ، حەلقەی زوننارکێش
جـــل بەندی جزدان دەروێشان پێش
لۆنگ شان دەسماڵ ، کەمەربەند زنجیر
بەند شیر قولاب رشتەو شاخ نەفیر
بەی دام ، بەی دەسگا ، بەی ئەساسەوە
پیل وە خەتەو خاڵ پەیوەست پاسەوە
شاخ نەفیر وە دۆش دەست وە عاباوە
چارگۆشەی جیهان بدەم وە پاوە
نە وە رۆز ئارام ، نە شەو باکم بۆ
تکەی زۆخو زام وێم خۆراکم بۆ
سەرپەنجەم رێش بۆ وە تێش خاران
شەوان [یلغاندم!]چین ستاران
هەر سەرزەمین مەل پیاش وەردە بۆ
گەر بە ولاتان نامش بەردە بۆ
جە سەر کۆی (ئەلبورز) جەم سەر تا ئەوسەر

بەڕو بیابان [کوش کیرو کمر!]
جه (مجمع بحرین) تا ئاو مبۆ جەم
بەلکم فریشتەو وێم بوینووم وه چەم
بزانم خەفتەن ، یا نەخەو بێدارەن
یان تەمەلخانەی کام شەهریارەن
کام عاریف ڕێحان نە [دروش !] کاشتەن
ئەگەر بە تەحقیق جه من بێزارەن
منش جەو بێزار تا ئەو دیارەن
(شەفیع !) بگیره نە پێش (!)
مبۆ بگێلی پەی فریشتەی وێش

– ٦ –

ئەخضەریی پـەرده !
لامەکان ! جه پشت ئەخضەریی پەرده
یا جه پەردەی غەیب بێ عەیب پەروەرده
کەس وەصفـو ئەنات تەمام نەکەرده
ئوستاد گومەت هەفت بابی تۆ تاق
بنیاتدەهەندەی چار گۆشەی ئافاق
بەرزبلندماڵ ، بێ ستوونئەیوان
نەققاش نەقشبەند ئەیوان کەیوان
مزانت مایەی عەدلو عەداڵەت
خاڵیی جه [کمرات !] زولمو زەلاڵەت
گوشایندەی رۆح دووشەش نەشەشدەر
نوورینی نووربەخش خورشیدخاوەر
فووەت لەنگەر قوطب سەماوات

خالیق مەخلووق نەمامسەربسات
شوعلەبەخش شەو شەماڵەی بێشوون
مونشیی قەڵەمکەش حەرف کافو نوون
[... ...] کۆکۆی ئەفلاك
بە هەم سازنا نە هەر بادو خاك
ترازەندەی بەرق نە رووی هەور تار
حەلل موشکیلات کەس نەبەردە چار
گوشایشکار دەرمەندەکاران
فەرما فەرمای حوکم حوکوومەتداران
دارای دەماغبەرز هادیی مەدەدبەخش
جاندەی جانستان ئینسو جینو وەحش
شەهەنشای شاهان جنییو ماجیوەر
موفلیسو بێ ماڵ ، شا بە گەداکەر
[دیو جە اوینەء قرآنی دیون !]
زینەت مەجلیس شاهان پەشێوەن
شەبو رۆ فەرمان حوکمت نە کارەن
شای شاهان تۆنی ، شاهان چ کارەن ؟
تا کە رمزای عەمر کار تۆ نەبۆ
ئاوان جە رووی عەرز کەی جاریی مەبۆ ؟
بێ فەرموودەی تۆ سوەیل جە یەمەن
کەی مەرێزو وەڵگ چنار نە چەمەن
بە ئەمرو حوکمت فەسڵ وەهاران
گوڵ بەرماوەری جە [دلو !]غاران
مونشیی ذیکر ذات تۆش جە خەیاڵەن
قەڵەم جە وەصفت زبانش لاڵەن

فامداران هەرکەس فام تۆ کەردەن
کێشان ذیکر ذات تۆ تەمام کەردەن ؟!
دورِ جەجەزیرەی شۆر دەریابار !
موشك جە نافەی وەحش دەلیلەی قەتار
گشت جە موعجیزات صونعت ئیجادەن
پەی زینەت عام تەربیەت دادەن
ئومێدم بە تۆن کاشیف کاران
[امام !] دەفتەر قەتەرات واران
باجەتی ئەحمەد شەفیعی موختار
شەفاخوای ئوممەت عاصیی عیصیانبار
دانای موعجیزات دەلیای (لم یزل)
خەتم نوبووەت موصطەفای مورسەل
بە عەشق شای مەردان می (!) بەسایل بەخش
سەخی سەخاوات بەخشا دل نەلەخش
قەطرێ جە رەحمەت [غزانەی‌نسیان !]
وزی نە دەروون بەندەی پڕ عیصیان
سەیقەڵدەری ژەنگ فیکرو فام دەردەم
گوشاد کە خاتر میحنەت پەروەردەم
تا زوبان بە شوکر ذیکرت گوشاد کەم
شەرت بۆ بەدعەهد خوسرەو وە یاد کەم
یەك رۆ تەئریخم تەماشا کەردەن
دوو کەس بەد عەهد جە دنیا بەردەن
دوو کـەس ... ...
... . ان

دوو جەم جە خانەی شاهان قەدیـم
هەر دوو ستەمکار ستەم پیشەی ژین (!)
نەوفەل چەنێو قەیس بەدیشان [نابزد !]
فەلەك بنچینەی یانەش خەراب کـەرد
خوسرەو پەی فەرهاد دام بەلا تەنـد
فەلەك بنچینەی یانەش جە بێخ کەند
شاهان عەدلشان مبۆ بەرجا بۆ
تا پای ئیقباڵ تەختش بەرپا بۆ(١)

(١) ئەم پارچەیش لە کەشکۆلی (ئەحمەدی براله)وەرگیراوه .

مەلا ئەبوبەکری موصەننیف

گەلێ سەرچاوە دەربارەی ژیانی ئەم مامۆستا مەزنەی گەلی کورد ـ بە عەرەبی‌و فارسی‌و کوردی ـ شتیان نووسیوە ، بەڵام بە داخەوە هەموو ئەو نووسراوانە دەردی دڵ تیمار ناکەن‌و ، زاخاوی مێشك نادەنەوەو ، زۆریان هەر ئەوەیە ئەم لەوو ئەو لەوی تریان وەرگرتووەو ، لێکۆڵینەوەی وردی زانستیانە لەسەر ژیان‌و بەرهەمی ئەم مامۆستایش ـ وەك بەشی هەرمزۆری زانایانی کورد ـ نەکراوەو ، ئەوەی دەیزانین زۆر کەم‌و ، ئەوەی نایزانین زۆر زۆرەو ، چاوەڕوانی هیمەتی مەردانەی رۆشـنبیرانمانین تا بـزانین لەمەولا چی بۆ ئەم پیاوە دەکەن .

ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ ئەو سەرچاوانە دەکەین کە باسی مامۆستای موصەننیفیان کردوەو هەر کەس بیەوێ دەتوانێ زیاتر لە بارەیەوە بزانێ‌و ، ئەوەی دەمانەوێ لێرەدا سەرنجی بۆ رابکێشین ئەوەیە ـ وەك لـە بەرگی سێیەمی ئەم کتێبەیشدا شتێکی دەربارە نووسرا ـ کـە ئـەم مامۆستامان شاعیریش بوەو شیعری کوردیشی هەبوە ، بەڵام سەرچاوەکان لـەگـەڵ ئەوەدا کە هەندێکیان باسی ئەوەیان کردوە کە شاعیر بوە کەسیان جگـە لە مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس کە لە بنەماڵەی زانایاندا ئەم بەیتەی خوارەوەی نووسیوە :

پیچك تەڕچك چنیاگ (دۆڵە)
خاسترە لە پیاز سۆلیای (سۆڵە)

کەسـی دیکەیان شیعری کوردی ئەم مامۆستایان نەنووسیوە . ئێمەیش لێرەدا ـ جگە ئەوانەی کـە لـە بەرگی سێیەمدا بڵاومان کردنەوە ـ ئـەم شیعرانەی کە بڵاویان دەکەینەوە دەخەینە بەرچـاوی خوێنەرانو ، لـە

شێوازدا لە شیعرەکانی پێشوو دەچن‌و ، لەو کەشکۆڵانەیش‌دا کـە ئـەم شیعرانەیان لێ وەرگیراوە یان بە روونی بۆ ماموستامان دانراون ، یان لە دوای شیعری ئەوەوە بێ ناوی کەس نووسراون •

دەبێ لێرەدا بەسەر ئەوەدا نەڕۆیـــن کە دوو حەســـەن ناوی دیکە هەیەو هەردوکیان دوو ماموستای کوردن‌و ، لەوانەیە شیعری کوردیـان بووبێ •

یەکەمیان : شێخ حەسەنی مەولاناوایی •

دوەمیان : شێخ حەسەنی چۆڕیی •

ئەمەیش بۆیە دەڵێم ، چونکە ماموستای موصەنیف ، هەرچـەند بە ئەبوبەکر ناوبانگی دەرکردوەو ، بەو ناوە ناسراوە ، خـۆی نـاوی (حەسەن)و «ئەبوبەکر کونیەیەتی‌و ، لە شیعریشیدا بۆ نازناوی شیعریـی (حەسەن)ی بەکارهێناوە •

وەك گوتمان وا لێرەدا هەندێك لەو سەرچـاوانەی کە باسی ئـەم ماموستایان کردوە دەخەینە روو :

١ ـ بنەماڵەی زانیاران ، دانراوی ماموستا مەلا عبدالکریمی مدرس •

٢ ـ علماؤنا في خدمة العلم والدين • دانراوی ماموستا مەلا عبدالکریمی مدرس •

---

(١) کە ناوی ئەم دوو حەسەنە دێنم مەبەستم ئەوە نیە کە شاعیری دیکەمان نیە ناوی حەسەن بێت ، بەڵکو حەسەن کەنۆش‌و شێخ‌حەسەنی کانی بێ (هیجرانی)و چەندین حەسەنی دیکەمان هەیە . تەنها مەبەســـتم ئەوەیە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشم کە ئەو دوو حەسەنەیش تا ئێستـــە باش نەناسراون‌و شیعریان دیار نیە .

٣ ـ ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانــــی ئیســــلامەتی ، یا گەنجینەی فەرهەنگو زانست ، دانراوی محەمەدصالح ئیبراهیمی محەمــەدی (شەپۆل) •

شایانی باسە لەم سەرچـــاوەدا ناوی کۆمەڵێ سەرچـــاوەی دیکـە هاتوە •

٤ ـ ســـەرچاوە عەرەبیـــەکانی وەك : الاعـــلامو ، معجـــم المؤلفیـــنو ، کشف الظنونو ••• تاد •

ـ ٨ ـ (١)

فەڵەك نەتاشام ••• •••
من وێنەی (ئازەر) صەنەم نەتاشام
بەذر خار نە ڕای رەسوول نەپاشام
نەبی جە فەرمان بەندەگیت حاشام
بێخ (بیت الطوف) خەلیل نەکەندم
جە نوسخەی مەجبووس(٢) دەلیل نەوەندم
شای شەهیدانت شەهید نەکەردم
دەست پەی تێغ قەتڵ (حسەین) نەبەردم
(ثالث الثلاث)کوفرم نەوانا
غەیری(٣) تۆ کەسم بە کەس نەزانا
رای بەڕ حەججاج ئیسلام نەبەستم
خەطای خانەدان باوات نەوەستم

---

(١) نـــازانـــم شیعری کێیەو لە کەشکۆلی ســـەلەسیی وەرگیراوە • بـــەڵام دوایی لە کەشکۆلی (براله)دا دۆزیمەوەو ، لە دوای شیعری مامۆستای (چۆڕی)یەوە نووسراوە ، بۆیە ئێمەیش بۆ مامۆستای چۆڕیمان داناو جیاوازییەکانیشی لێرەدا دەنووسین :

(٢) مەحبووس (براله)مەجووس •

(٣) غەیری (براله)غەیر جە •

پەی چێش ستارەم جە سەر ظولماتەن ؟
پەی گشت کەسێ هات ، پەی من نەهاتەن ؛
رای هەرشەش جیهەت وەنەم بەند بی‌یەن
سەبەب چێش پەی من گوشادیی نی‌یەن ؟
جە قورعەی تەقسیم سەبعەی سەیارەم
(مریخ الخارج)کەفتەن نە چارەم
(عەقرەب) نە بەختم مشین[٤] نە کەمین
نمازۆ شادیم بنمانۆ جەمین
(زوحەل) ستارەی نەحس ئەکبەر بەخش
نە تەختەی بەختم بەڵا کەردەن پەخش
رەهزەن ئەر مشۆ وە پەی رەهزەنیی
غایەی[٥] ئەلطاف رەهنوما شەنی
من هەر کردەم گەور گومڕای نابەڵەد
کەی بەی طەور کەردت‌بەدی‌نەجای بەد[٦]
ئەڵبەت من بەدتەر بەد بەتەرانم
جەو بۆنە سولطان شووم ئەختەرانم

— ٢ —[١]

ئەی دڵەی کەم فام ••• •••
ئەی دڵەی ئەبلەی دێوانەی کەم فام

---

(٤) مشین (براله) شیەن .
(٥) غایەی (براله) نە مایەی .
(٦) ئەم دێڕە لە (سەلەسی)دا باش نەخوێنرایەوەو بە گوێرەی (براله) نووسیمان .

— ٢ —

(١) ئەم پارچە لە کەشکۆلی (سەلەسیی)وەرگیراوەو ، لە کەشکۆلی ←

تا کەی مکەری خەیاڵان خام ؟
هەر کاتێ زانای عومرت بی تەمام
سا وەس شۆ نە فیکر عەبەث خەیاڵان
تۆ نە دەرگای حەق زارزار بلاڵان
بشۆ نە قیام سەر بەر نە سوجوود
زوبان[2] دەر نە فیکر ذیکر (یا ودود)
دەست بەر نە باڵا دیدەکەر نمین
بدیە رەحمش کەرد (رب العالمین)
جە غەرغەرەی سەخت جە وەقت وەفات
بنوێنە وەخت[3] کەلیمەی شادات
ئەمر کەرۆ جە ئەرز بە لوطفو کەرەم
نەفشارووت بە قەهر نەویارووت جە هەم
جە سوئال سەخت مونکەرو نەکیر
کەلیمەی تەلقین باز وەزووم نەویر
جە وەخت مەحشەر ترازوو میزان
ئەقیل بۆ لای خەیر نەجات پەی میزان
جە پرد صیراط جە موو باریکتەر
تیزەن جە مەودای ئەڵماس تیزتەر
بویەری بە لوطف کەریمو رەحیم
شاد بوون[4] بە ماوای (جنات النعیم)
ئامانەن دڵە ئامان صەد ئامان !

(براله)یش‌دا نوسخەی هەیە ، بەڵام نوسخەکەی براله (١٣) بەیتـی لە سەرەتاوە بە رز تێدایەو ، جیاوازی‌یەکی کەم لە نێوانیاندا هەیە ، وا لێرەدا تۆماری دەکەین :

(٢) زوبان (براله) زوان .

(٣) بنوێنە وەخت (براله) بنیۆ نە دەمت .

بۆ دەخیلتم دەستم وە دامان !
ویر مەدەر بە فکر دنیای بێ مایە
کەس جە بێمایە نەگرتەن وایە(٥)
حاڵ وێم بەی طەور موینووم وە چەم
سامناکو سەرسام دڵ ماتەن بە غەم
وەصیەتم ئێدەن هەرکەس بوانۆ
دنیای بێوەفا بە یار نەزانۆ
دنیا یار نیەن ، دەخیلەن خارەن
هام صوحبەت خار دایم بیمارەن
نە عومر ، نەماڵ ، نە سەر ، نە دەولەت
نە ئاهەنگو ساز نە شادیو شەوکەت
نە تیپ ، نە سوپا ، نە قەوشەن ، نە باز
نە راو ، نە شکار ، نە عید سەرواز
پەی رۆی رەستاخێز هیچ ناوا بە کار
غەیر جە لوطف حەق دانای کردگار
(نەمروود) بەو جەلال بێ شومارەوە
(فیرعەون)بەو کەلام کەچ گوفتارەوە

---

(٤) بێ (برالە) بوون .
(٥) لێرەدا نوسخەی (برالە)تەواو دەبێت .

شایانی باسە ئەم پارچە شیعرە لە هیچیاندا ناوی کەسی لەسەر نەنووسراوە ، بەلام لە نوسخەی برالەدا لە دوای شیعری (چۆڕی)وە نووسراوە ، بۆیە ئێمەیش جارێ بۆ ئەوی دادەنێین‌و ، دەبێ ئەوەیش لە بیر نەکەین کە ئەم شیعرانە لە رووی ئامۆژگاری‌کردن‌و ، داواو بانگەوازی دنیانەویستیی‌و ، ترساندن لە رەوشتی پەست‌و بەدەوە ... شەقڵ‌و شێوەی ئەو شیعرانەیان هەیە کە بە روونیی بۆ مامۆستای چۆڕی دانراون .

(شەدداد)بەو مایەی زولمو زۆرەوە
(ضوحاك)بەو ماران طیفلان خۆرەوە
چیشان بە چیش کەرد ئاخر کە مردن
ئەرواح وە دەروون دۆزەخ سپەردن ؟
یاصاحیب مولك چارگۆشەی جیهان
قادر قەییووم حەیی لامەکان
بێ فیکرو خەیاڵ (!) بێ شیبهو رەفیق
تاكو تەنیای فەرد سابیقو رازیق
پادشای شاهان یەکتای بێ نەظیر
فەریاد رەسیم ـ کەر ـ نە سەختیی ئاهیر
(یا الله) بە حاجەت رەسوول سەروەر
(قاضي الحاجات) رۆی دەشت مەحشەر
بمبەخشی بە ئیسم نام موصطەفا
نەمازی‌ئاهیر بمدەرۆ جەفا
[رومی !] هیجرانبار دنیای بێ بەینەت
وەختە وە ئەجەل شۆ وە قیامەت

موناجاتی شێخ حەسەن[1] ـ رحمه الله ـ

دڵە ! ها ویەرد
قامت بۆ دڵە ! دنیا ها ویەرد
ها کا مەیل حوب موحیبان بی سەرد
ها کا بای فەنا کووان دا بە گــەرد

---

(1) ئەم پارچە لە کەشکوڵی شێخ مەحموود وەرگیراوەو ، رەنگە ئەم شــێخ حەسـەنە مامۆستا مەلا ئەبوبەکری موصـەننیفی چۆڕپی بێت کە شـیعری لە لاپەڕە (٢٥٠)ی بەرگی(٣)ی ئەم کەشکوڵەدا بلاوکراوەتەوە .

ها کا ئەجەل [آما !]نیشت وە سەرینت
ها کا جە دەست شیی وەشیی وەرینت
ها کا (یوم البعث)وەنەت بی ئاهیر
ها کا دنیای دوون گشت مەند وە باهیر
ها کا رۆی مەحشەر قیامەت خێزا
(یوم یفر)وەنەت هۆرێــزا
دڵە ! مروەتەن کراو کۆشت بۆ
ماوات نــە چۆڵەن فکرو هۆشت بــۆ
فکرو خەیاڵت وە [صنعتان !]دەر
(وجهت وجهی)روو نە خودا کەر
(حەسەن)سەر تا پاش عیصیانی خەستەن
وە(لا تقنطوا) ئومێدش بەستەن

— ٤ —(١)

گومڕای سەرنگوون ... ... !
ئەرێ بێخەبەر گومڕای سەرنگوون !
شەوو رۆ نە فیکر جۆیای دنیای دوون
غافڵ نە کردەی کارساز بێچوون
وێنەی وەرینان ئەولاد ئــادەم
جە کۆ شین؟ بەرشین نە دنیای ماتەم
کوانێ مورسەلان شەریف کردەی حەق ؟

---

(١) ئەم پارچەیش لە کەشکۆلی (سەلەسیی) وەرگیراوەو ، ناوی کەسی لەسەر نەنووسراوە ، بەلاَم بەوەی تا ئێستە دیــومــەو نــووسیومــەو خوێندوومەتەوە ئەم شێوە ئامۆژگاری‌و وەعظە زیاتر لــە شــیعری مامۆستا مەلا ئەبوبەکری چۆڕیی دەچێت‌و ، ئەگەر ئەویش نەبێ (خانا)و یەکێك لە (شەفیع)ەکان ئەم شێوە ئامۆژگاری‌یەیان هەیە .

کۆن مەشایخان صوب خێز شەفەق ؟
کوانێ ئیمامان رەهبەر نە رای دین ؟
کۆن مووسای کەلیم گوزیدەی یەقین ؟
کۆن رەنگ‌و رەونەق یوسف کەنعان ؟
کۆن دێوان دێو حوکم سولەیمان ؟
کۆن شوعەیب‌و شیث ، عیسای بنی مەریەم ؟
کۆن خەلیلوللا جەرجیس‌و ئادەم ؟
کۆن شەققەی تەمام نەعرەتەی حەیدەر ؟
کوانێ (ذو الفقار) بڕندەی دووسەر ؟
کۆن نام‌و نیشان ئەحمەدو مەحموود ؟
کۆن نووری صەدای صوب نەغمەی داود ؟
کۆن حەسەن حوسەین ئال پێغەممەر ؟
کۆن چوار یاران رەسوول سەروەر ؟
کۆن تیب قەوشەن ئەصحابان تەمام ؟
کۆن حەمزەو عەباس بەور تێکۆنام ؟
کۆن پیران پیر دانای ذولجەلال ؟
کۆن سوار غەیب وەیسی یەمەن ماڵ ؟
کۆن موصەنیفان عیلم شەریعەت ؟
کۆن ئەولیاهان دەریای حەقیقەت ؟
کۆن شان‌و شەوکەت عەبدوللای عومەر ؟
کۆن تاج‌و لەولاك رەهنومای رەهبەر ؟
کۆن ئیمام قاسم میر تورکستان ؟
کوانێ بایەزید قوطبی رووی جیهان ؟
کۆن عەبدولەنەف چەنی غەزالید ؟
کۆن ئەباسەعید خالیدی وەلید ؟

کوانێ ئینس و جین نە رووی سەرزەمین ؟
کۆن پەهلەوانان سام سەهمگین ؟
کۆن زاڵ و رۆستەم بەهرام گوور گیر ؟
ساکۆن کەیکاوس پادشای دلێر ؟
کۆن باهووی برزوو چەنی رۆبیتەن ؟
کۆن زات و جەوهەر فەرهاد کۆکەن ؟
سا کۆن لەشکر گەوران مەلموون ؟
کوانێ موعتەصەم ؟ کۆن دەسگای قاروون ؟
کۆن فیرعەون ، مکەرد دەعوای خودایی ؟
کۆن قاروون غەرق گەنج دنیایی ؟
کۆن مولك و ئەملاك بازارِ نەمروود ؟
کۆن تاج و طۆمار شەدداد مەردوود ؟
کۆن نەظم جامیی دورِ و صەدەف رێز ؟
کۆن مەولای رۆمیی ؟ کۆن شەمس تەبرێز ؟
بە عام کۆچ‌کەردن شین وە جای موقیم
نیم ئەهل جەننەت ، نیم نار جەحیم
بەعزێ گرِ بە دەست ئاهیر سۆزەن
بەعزێ جەمینش گرِان نەورۆزەن
بەعزێ سۆزانەن سەر تا بە قەدەم
بەعزێ دڵ‌گوشاد نە ئازار و غەم
بەعزێ شەرمەسار کردار وێشەن
رۆی (یوم الممات) هەرکەس بە وێشەن
بەعزێ رووگەردان رۆی قیامەتەن
بەعزێ مەسکەنش ماوای جەنەتەن
بەعزێ گرفتار عەذاب سەختەن

بەعزێ سەرئەفراز پاشای سەرتەختەن
بەعزێ بێقەرار دیدە نمینەن
بەعزێ نائومێد ئیمانو دینەن
بەعزێ مپۆشان جە حوللەی حەریر
بەعزێ موقەڕڕەب پادشای کەبیر
بەعزێ منۆشان جە حەوز کەوثەر
بەعزێ ساکنەن جە قوبەی ئەحمەر
بەعزێ ئینتیظار لوطف حەمیدەن
بەعزێ مەشغوولی ذیکرو تەوحیدەن
بەعزێ عەیششان چەنی حۆری‌یان
بەعزێ فارغەن جە رەوضەی ریضوان
بەعزێ ملەرزۆ جە خەوف صیراط
بەعزێ مرێزۆ ئەسرین چون سێلآت
بەعزێ مکێشۆ هەردەم ئاهی سەرد
بەعزێ بە عەموود مکەرۆن وە گەرد
هەر یەند منالآن مکەران زاری
فێشتەر دەردشان بێ مبۆ کاری
دلـە بزانـە ئینـە وەعظتەن
تۆپێچی یانە سزای سەختەن
سا گێرە نە گۆش پەندو نەصیحەت
ویردە بە کردار کەسب ئاخیرەت

میرزا قەمەرعەلی رەوانیی

لەو سەرچاوانەدا کە لە دەستدانو بۆ بەرهەمو ژیانی شاعیرانمان پیایاندا گەڕاوم ناوو بەرهەمی ئەم شاعیرەم نەدیوە ، تەنها (رەنجووی) کە ناوی شاعیرە ناودارەکانی کورد دەبات دەربارەی ئەم شاعیرەیش شتێکی کردوە کە دەفەرموێ :

مەحموود ئاغای زەند ، مەلاکامی نام

(قەمەراڵی نام ، رەوانی) مەقام(١)

لەکەشکۆڵی ئەحمەدی برالەدا ئەم شیعرانەم دەستکەوت وا لێرەدا ، بە پێی ئاگاداری خۆم ، بۆ یەکەمجار بڵاویان دەکەمەوە ، بە هیوای ئەوە دەرگای باسو بەرهەمی تری ئەم شاعیرە بخەنە سەرپشت •

— ١ —

بێ مەیل بێچوون

گەردشت دەوران بێ مەیل بێچوون

وە جەستەی فەرهاد سەرسام دڵهوون !

رام کەفت ئەو گۆشەی بەحر سام جەیحوون

من زەلیل دەرد دڵ نە سەودادا

مشوون وە گۆشەی مەوج دەریادا

گاه مکەردم سەیر ماهیی جە صەد رەنگ

گاه چەند ئەشیاهان ، گاه نەعرەی نەهەنگ

دانەی دیم نە گێج دەریای دوورمەنزڵ

شەوق مدا چون بەدر دووهەفتەی کامڵ

داغ بیم نە سەوداش تا رۆی مەردەنم

---

(١) بڕوانە دیوانی رەنجووری ل : ٧٢ •

شەوقش بی بە طەوق شی نە گەردەنم
شیم پەرسام جە شێخ جەوهەرناسان
جە پیر ئوستاد خاصەی خەواصان :
دانەی دیم نە گێج دەریای دوور بە دەست
عیلاجش چۆنەن چۆن مێۆ بە دەست ؟
وات : مینای مەینەت نە سەر کەر پەیوەند
دەوران هوونی ریشەی دڵ کەر بەند (ا)
نەوا بدەری مینات بـە سەنگدا
بشی بەو ماوای ماهی‌و نەهەنگدا
ئەگەر نازڵ یان نیەن ئامانت
رای دووبەختیەن دەستم دامانت !
نەی‌کەرە کەم فام وێڵ سارایی (ا)
سەرگەردان شەوق دانەی دەریایی
کەردم بە وەردا چاك دامانم
وەندم فاتیحەی ئەوەنامانم
سەر بدەم ئەو گێج ، پا کەرەم ئەو فەوق
غۆطەم بەرەو جای دانەی صاحیب ذەوق
چەندێ نەو گێجدا وێنەی پەروانە
حەیران بیم نە شەوق جەواهیر دانـە
ئاوەردم دانەی خۆلاصەی خاصێ
ناما بی وە دەست هیچ دانەناسێ
هیچ ماهی‌و نەهەنگ ناما نەوەندم
جە هیچ ئەشیایێ نەبی گەزەندم
پەی شوومیی دەوران پەی طاڵەی چەفتم
جە گۆشەی دەریای ئەو دوور نەکەفتم

ناگاه دیم رەقیب شووم بەدکارێ
فیتنەی شەڕەنگێز خیانەت بارێ
جه خەوف صەیاد دانه دەریایی
لەرزنا چەنیم جه گاه تا ماهیی
طەلیسم منیاندا به رووی سەنگدا
قاو کەفت نه مەخلووق ماهیو نەهەنگدا
خوڵو کەفت نه گیج دەریای بێ ئینصاف
دانه شی قەڵوەز من مام چەنی تاف
هەیداد هەی بێداد ! پەی شوومیی بەختم
سەرگەردان دەور قەڵوەزەی سەختم

– ٢ –

ئازیز مەندە بۆ ••• •••
ئەر عەقڵو فامت جه لا مەندە بۆ
ئەر صەد کەس نادان پەرێت بەندە بۆ
حەیفەن خەط به دەست خەط نەوەندە بۆ
خەطو خاڵ خاص رەژیدەی قودرەت
جه لای نەزانان نەدارۆ قیمەت
هەرکەس نەوەندەن حەدیثو ئایەت
کەی زانۆ قەدر زوڵفو خاڵو خەط
فیدای باڵات بام شای بڵند پایه
خەطو خاڵ وێت مەدەر وه زایه
مەوزەش وه دەست کیتاب نەوانان
نەك به قەدر زوڵف سیاش نەزانان
بسپارش وه دەست مەشتاقان مەشق

تا هەر بنویسۆن [جیوتی!]سەرمەشق
نەك بیی بە تووش ناشنەختەوە
گیر بدەی بە جەور جەفای سەختەوە
بپێکۆ طەبەق لێت بەیۆ وە خار
خاطر ئەرِت بکێشۆ ئازار

ـ ٣ ـ(١)

قیبلەم مەردەنم ••• •••
ئامانەت فەرزەن وادەی مەردەنم
نە حالاّت وەقت وەصیەت‌کەردەنم
نە هاکام سەخت گیان سپەردەنم
وەصیەت ئێدەن شای شەم روخساران
بێ وە بالینم چون بەینەت‌داران
بێ خەوف‌و ئەندێش ، جە کەس نەکەی شەرم
هۆرداره پەردەی حیجابت وە نەرم
نە پۆشی جەمین شەمع خاوەری
بۆ وە زانوودا چون ئەسمای پەری
بنیشی وە بان بالینم وە نـاز
بوانی سوورەی یاسین بە ئاواز

(١) ئەم پارچە بێ بران‌و جیاکردنەوە لە دوای شیعرەکانی (میرزا قەمەر عەلی)یەوە نووسراوەو ئێمەیش جارێ تا ساغ نەبێتەوە هی ئەوە یان نا بۆ ئەوی دادەنێین . نزیك لەم پارچە شیعرەوە (شەفیع) پارچەیەکی شیعری هەیە (بڕوانە : کەشکۆلی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ، بەرگی دوەم ، ل : ١٢٥) .
هەروەها سێ پارچەکەی دوایش بۆ قەمەرعەلی دادەنێین تا بزانین چۆن دەبێ .

زووان بە ڕێزەی شەکەر ڕازەوە
دەنگ وە صەدای خاص خۆش ئاوازەوە
جەمین وە عەرەق بۆی گوڵاوەوە
گۆناو ئەگریجەی زولف خاوەوە
جەو عەرەق نە دەور گۆنای مەهپارە
جە سەر بتکنۆم بگنۆم وە چارە
تا دیدەم نە سەیر دیدەی سیات بۆ
نەظارەی نەظەر وە ناز دیار بۆ
گۆش هەم بەو صەدای ڕێزەی ڕازت بۆ
بەو سوورەی شەریف خۆش ئاوازت بۆ
ئەر صەد جار قابیض سزا مدۆ پێم
هەنی نیم وە تەنگ گیانکێشانی وێم
ئەگەر بەو طەور بۆ ڕۆح ڕەوانم
(باللە) بە ئاسان بەر مشۆ گیانم
هەی چ خۆش مبۆ ، عومرم زیندەگیم !
نە خاکپای تۆ گیانکەروو تەسلیم !
ئەگەر وە تاقی صەد کۆ گونامەن
(إن شا اللە) بەهەشتەمین جامەن

– ٤ –

قیلەم بێ خاو بۆ ...
تا کەی جە دووریت دیدەم بێ خاو بۆ ؟
ئەسرین دیدەم تا کەی بە تاو بۆ ؟
تا کەی دەروونم هوونو زووخاو بۆ ؟
تا کەی چون خەزان زایفو زەرد بۆ ؟
شەوان تا سەحەر ناڵەم نەبەرد بۆ ؟

قرمزیی قاتڵ ، زەردبووم قەضابەخش
سفید خەشمناك ، سەوزە غەضەب نەخش
هەر چار پەی (قەمەر) کەمان گرت بە مشت
راگر بین نە رام وێنەی باوەکوشت
ئەوەڵ قرمزیی پەی شکار بە سۆز
قەوس قرمزتار تەرکەش توکمە دۆز
رەهاکەرد نە شەصت با قرمزی پڕ جەرز !
بڕان کرد ژو لام تا پەڕ نیشت نە ئەرز !
[هۆشم!] سفتەی نار دمرد مەجنوون کەرد
دامانم بە زاخ گوڵ ئابتوون کەرد
زەردبووم زوڵف شۆڕ ، خاڵ نەقش چینیی
حەلقەی کەمان زەرد چون حەلقەی بینیی
دەست بەرد پەرێ فەرق فاقەی پڕ عیقاب
پەیکان چەهار کووز نمکێش ژارئاب
بە پەنجەی غەضەب بەند کەرد بە مەفتوول
خەم دا لەونەمام بەژن عەرعەر توول
هەوا بەر بە قین رەها کەرد نە مشت
بەڕان کەرد پەڕەی سینەم نە رووی پشت
نە ضەرب پەیکان [حجر]کاوی سەخت
شەقەی ئیستیخوان موهرەم نەسەر تەخت
خەستەئان زامان پڕ زووخ زەردم
بلند کەرد ئەفغان ناڵەی نەبەردم
سفید سفید قەوس قەضائەنگێزەن
گۆشەی جەرگ‌پێك رشەی‌دڵ‌ڕێزەن

تا کەی چون مەجنوون بێزار نە دەیر بۆ ؟
خەمبار خەمناك بێ صەفاو سەیر بۆ ؟
تا کەی چون فەرهاد نە کۆی بێستوون
وێم کەروون غەلطان چەنی خاكو خوون ؟
تا کەی جە دووریت بالآی نەونەمام
بسۆچوون پەرێت بو [برسوای تمام!]
چێشەن جە لای تۆ بەدبەختیم بەختەن
رۆبەرۆ سزای زامانم سەختەن ؟
ئەلبەت خدمەتت باخلاص نەکەردەن
ئیسە سەر وە شۆن گونای وێم بەردەن !
پەوکە گیرم دان من بەی دەردەوە
بەی نالین نەبەرد ئاهـسەردەوە
تا کەی بەی تەورە گیر بەلآ بۆ
بە قوربان تۆ من موبتەلا بۆ ؟

ـ ٥ ـ(١)

شۆخ دیدە مەست •••
ئارۆ دیم چار شەخص شۆخ دیدە مەست
قرمزی ، زەردبووم ، سفید ، سەوز پەیقەصت
هەر یەك چون وێشان کەمانێ وە دەست

---

(١) ئەم پارچە شیعرە نموونەیەکی دیکەی لاسایی‌کردنەوەی نێوان شاعیرانمانەو (رەنجووری)ش لەم بابەتەی هەیە . (بڕوانە : دیوانی رەنجووری ، ل ١٣٨) .
شایانی باسە بۆ هەندێ وشەی ئەم پارچە شیعرەو ، رووی دۆزینەوەو راستکردنەوەی شیعرەکان سوودم لە سەرچاوەیەکی دیکە وەرگرتوە .

لۆلۆ کەرد ئاستین بەیضاوی زەڕباف
تەیار کەرد شاخین [سرقلوزەی طاف!]
چەتر سیاهەور کفر هیندوزتەرز
هەوادا نە ئەوج کەهکەشان بەرز
چین وست نە سەر تەخت لەوح نقری خام
کفرش وست نە ئەوج صوبح کەردش بە شام
سفید پەڕ بەردا پەی قەست جەرگم
دڵ پێکا تا هەر پەڕ نیشت نە جەرگم
دیا قەترەی هوون دوو قەڵبەزەی طاف
واتش : هەیوەچۆڵ سەوزەی سەوز کلاف
سەوزەی سەوز کلاف خوان سەوز نەخشەن
جەراحەت بە حاڵ دەردامان پەخشەن
ژێ یەکتای تەناف کلاف زەنگی
پەیکان سیاتار گەبرو فەڕەنگی
کەشانش نە مەوج پەی تیراندازی
خورووش وەست نە بورج گۆشەی شیرازی
واتش : ئەی صاحێب ناڵەی فەڕەنگی
خەستەی خەدەنگان سێ شەخص جەنگی !
قەسەم بە زنجیر زوڵف لۆلۆ بەستم
بە نەشەی موژان کەس جە نە رەستم !
تا زیندەگانیت ژی نەکەروون قەست
تا باز نماوە کەمانم جە شەصت
ئید وات‌و نیم جۆش ژ قەوس راهی کەرد
مەماتم نە جای حەیات جایی‌کەرد

فڕەی سەوز خەدەنگ جە دوور نیشان دا
نیشانەش نیشان ئاخرزەمان دا
دندانی پەیکان سەرکەرد نە گیانم
بی بە ڕیشەکێش مەزرای ژیانم
پێشانیم سەرمەشق سەنگ ساراوەند
وەڵگم نە سەرشاخ زیندەگانی کەند
قەومان ! خوێشان ! کێن هوون ئەستانم ؟
پێکیای پەیکان سەوزەکەمانم
ئەو هەر سێ خەدەنگ خار خەتەر بیەن
هەر یەك دەردشان رەنگێ‌تەر بیەن
بەڵام بە هیچ کام ئەرواح نەسپەردم
گیان تەسلیم بە دەست سەوزخەدەنگ کەردم
من کە چەهار زام هوون ئەفشانیمەن
هەنی کەی تەمای زیندەگانیمەن ؟ (!)

مەخمووریی

ئەوەی کە بەڵگە بۆ هێنانەوەی ناوێتو ، کاری پشکنینو گـــەڕان بە دوای بەرهەمو شوێنەواری شاعیرانی دێرینماندا سەلماندوویەتی ئەوەیـە کە تا ئێستە ناوی هەموو شاعیرانمان نەزانراوەو ، لەوانەیە ئەوانەی ناویان نەبیسراوە ، یان هەر بۆ یەکجاریی ناویان کوژێر بوەتـەوە زۆر زۆرتر بـــن لەوەی کە بە بیرماندا دێت ، ئەمە چ جای ئەوەی کە بەرهەمیان بێ سەرو سۆراخ سەری ناوەتەوە •

(مەخمووریی)یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ـ من پێ بزانم ـ تا ئێستـــە ناوی نەبراوەو ، بەرهەمی بڵاو نەکراوەتەوە • یەکەم جار بەرهەمـی ئـــەم شاعیرەم لە کەشکۆلی ژمارە(٣٠٩٣٠)ی (دار صدام للمخطوطات)دا دیوە ، ئەم کەشکۆلە چەند پارچە شیعری ئەم شاعیرەی تێدایە ، بەڵام بە داخـەوە نووسەرەوەی کەشکۆڵەکە نەخوێندەوارو ناشارەزایەو ، خەتی ناخۆشـــەو هەڵەی نووسینەوەی زۆری هەیە • بۆیە لەم هەلەدا تەنهـــا وەك نموونـە هەندێك لە شیعرەکانی مەخمووریی دەخەینە روو ، بەڵکو لەمەولا نوسخەی دیکەمان دەست بکەوێتو ، بتوانین شیعرەکانی ئەم شاعیرەیش بکەیەنینە رزی شیعری شاعیرانی دیکە •

ـ ١ ـ

زەلیلم ئیمشەو
هەی موسوڵمانان زەلیلم ئیمشەو
دڵ گڕان نار خەلیلم ئیمشەو
کەس نیەن بێۆ دەلیلم ئیمشەو
جە گیان کێشانڎا دیدە نە راتم
تەشریف باوەرە وە سەر (وەفات)م
وەقتێ کە قابیض قەبض رۆحم کەرد
نەکەرد مدارا رۆح شیرین بەرد

ئەدەب شیوەنم وە بگرە وە سۆز (!)
کفنم وە تای زولف وێت بدوز
جەستەم هەلگرە بەرەش وە مەزار
دەخیلم وە تۆ شای شیرین ئەطوار
وێت وە دەست وێت ـ شۆخ دلبەرم ـ
سەنگ ئەلحەدم بنیە وە سەرم
هەنی جەو دما خاك مەزارم
بکەرە پێم دا ، دیدەم ! نازدارم !
نازدار ـ ئیمانم ـ ئەر تۆ ئێد کەردی
گۆ جە گشت مەعشووق وەریناں بەردی
شەرط بۆ (مەخسووریی)جە یەوم (ألست)
فیدای بالآت بۆ شۆخ دیدە مەست .

ـ ٢ ـ

شەماڵ مەهجـوورم !
پەی دێرئامانیت خەیلێ مەهجوورم
بە وێت مزانی جە لەیلم دوورم
وە قورئان قەسەم دیدە بێ نوورم !
شەماڵ ! تۆ دەلیـل دەردمەندانی
پەیك هەواڵبەر ، هەم هەواڵزانی
تۆ ئەو شەماڵەی نامەی (محمد)
بەردی وە مەککە یاوای بە (أحمد)
هەم بۆی پیرەهەن یوسف نازدار
بەردی وە لای یەعقووب غەمبار (!)
سا من وە فیدات بام دەغیلم وە تۆ
دەستم دامانت باد عەنبەر بـۆ

عەرزەی هیجرانیی ذەلیلیم یەکسەر
نویسام تەمام بە خوون جگەر
هۆرداره بە جەخت ، پەڕندەی بێ پەڕ !
طەی کەرە کۆوان ، صەحراو ، بەیدو ، بەڕ
بگێڵە تەمام سەرحەدو شاران
مەگیرە ئارام صەباو ئێواران
بزانە داخۆ جە کام وڵاتەن
پەی نەدیمی من هەر کش‌و ماتەن
(دایم المدام) هەر مکێشۆ ئـاخ
زویرین پەشێو نیشتە بێ دەماخ
چەمش ها نە رات بەزاریی‌و ئەندۆهـ
داخۆ کەی مشی بـاد عەنبەر بۆ !
نەسیم ئەگەر تۆ یاوای بە قیبلەم
نە هەفت جا سوجدەی زەمین بەر وە دەم
بەڵێ وە مەخفیی وێت مکەر ئیظهار
نەبیا بزانان بەدان بەدکـار
جەو دما جە نەو سوجدە بەر زەمین
عەرزەم دەر وە دەست یار دنیاو دیـن
بواچە : جەو ساوە تۆ تەشریف بەردی
پەی چێش بەندەی وێت وە یاد ناوەردی ؟
عەرزەی ذەلیلیم شەرح بێ شومار
[دا وست من کرو وزار (!)]
واتش : ئەی شەماڵ ئێدەن نیازم :
عەرزەم بەر وە لای شای شەکەرڕازم

یه عەرزەی بەندەی شێت‌و شەیداتەن
شەو تا رۆ دایم هەر نـە سەوداتەن
ئاوەردم پەرێت صاحیب شەرط‌و شۆن
باقی ئیدیما ئیختیار بـە تـۆن
مواچۆ : شەماڵ پەیك خۆش خەبەر
مپەرسوون هەواڵ بەشق پێغەمبەر !
راست بواچە پێم بێ درۆو خیلاف
سەوگەند مدۆم وە ئایەت مصحاف
ئـەر ئامای جە لای بەندەی زەلیلم
راست واچە شەماڵ ، وە تۆ دەخیلـم
شۆ وە سەرێنش پەخش‌کەرە پەرچەم
ولاو کەر حەییان نە سەر سینەو مەم
زەرە جە عەنبەر ، قەطرە جە گولاو
بدەر وە پێنی قیبلەی شیرین‌خاو
ئەلبەت ئەو جە بۆی عەبیرات گوڵ
جە [ئاما وە لای!]حەییان قاتڵ
سا پێدار مبۆ جەو خاوە دەردەم
مبینۆ حەییان ئالییان جە هەم
مزانۆ ئەی کار تۆ کەردەن شەماڵ
صەیقەل مدەرۆ جەمین پڕ خاڵ
ئەلبەت مستانۆ نامەی پڕ میحنەت
مواتۆ عەرزەی پڕ نـە سیاسەت
مزانۆ عەرزەم پەی چێش کیاستەن
نەو عەرزەی پڕ شەرح من چێش واستەن
ئەوسا جەو دما تاپێ جە طوغراش

چەنی یەك قەطرە عەرەق گۆناش
مدۆ وە دەستت ـ نەسیم سارا ! ـ
چون عەرەب دەخیل مکەر مدارا
زینهار صەد زینهار رەوەندەی رەهڕەو
ماوەرە پەرێم وەر جە نیوەشەو
مبۆ وە مەرهەم زام کۆنەو نۆ
شەماڵ ! (مەخمووریی) وە قوربانت بۆ

مەلا وەلەدخانی گۆرانیی :

مەلا وەلەدخان لە تیرەی گۆران بوەو شاعیرێکی باڵاو زمانپاراو بوەو ، شیعرو هۆنراوەی زۆری بە زاراوەی گۆرانیی لێ بەجێ ماوە . لەوانە : (شیرین‌و فەرهاد)و ، (نادرو تۆپاڵ) ، کە بە توانایی (مەلا) لە شیعری حەماسی‌و جەنگی‌و ، شیعری ئەوین‌و دلداری‌دا دەنوێنن . شیرین‌و فەرهادەکەی لە ساڵی (١١٥٠ک ١٧٣٧ ز) داناوە.[1]

گیسوو قەڵاخی ... ..
سەوزەی سیاچەم گیسوو قەڵاخیی
ئەبرۆو موژەو عەین چین زولف زاخیی
زاخیی‌تەر جە رەنگ لوول قازاخیی
عەین‌مەست ، ئەبرۆمەست ، موژەو مەودا مەست
نیم نیگات چون باز شۆخ شەیدا مەست
ئەگریجان سیاە ، پای موژان سیاە
ێش سەرمەودای خەدەنگان سیاە
بینای عەین سیاە ، پای موژان سیاە
طورەی تای دەسماڵ قەڵاخیی سیاە
سەرپەنجەگولی گۆنا گوڵ‌گولی
لەعل لەب گولی خاڵان فولفول
[گوڵ مندڵ بە گوڵ !] عەرەقچین گوڵ
ژێر [جامەلاکی !] کەمەرچین گوڵ
دوگمەی مەم گولی ، لوول ناف گوڵ
تافتەی پیراهەن حەریر باف گوڵ
رەوتی خەرامان ئاهووی خوتەنی

---

(1) بروانە : مشاهیرکرد ، ٢٢٩/١ .

تەن وە تۆی چەکبەن سەوزەی چەمەنی
خاڵ سەوزە سەوز زوڵف سەوزە لوول
لوول گێسووان لەولاویی مەفتوول
پا بەرز ، پشت کۆتاه ، قەد باریك ، دەم تەنگ
نیم‌نیگات چون باز شۆخ شەیدا رەنگ
زنج‌گرد ، سرین‌گرد ، مەم‌گرد ، پاژنە گرد
پای صەدەف قرمز ، رێزەی صەدەف خورد
(مەلا!)رێزەی راز سەوزە چون جەوز بی
سەوزە چون سەرسەوز سەراوان سەوز بی

ئـاهی

له بەرگی سێیەمی ئەم کەشکۆلەدا شتێکی کورتم دەربـارەی ئـەم شاعیرە نووسییو ، (١٣) پارچە شیعریشیم بڵاوکردەوە ، جـگە لـەوەی ئەو کاتە بڵاوم‌کردوەتەوە شتێکی تازەم دەربارەی ژیانی دەست نەکەوتوە، بەڵام له کەشکۆلی (سەلەسیی)دا سێ پارچە شیعرم دۆزی‌یەوە کە بـە ناوی (ئاهی)یەوە نووسراونو ، دواشیعریان نازناوی (ئاهی) تێدایـە ، وا لێرەدا ئەوانەیش بڵاوئەکەمەوە بە هیوای ئەوەی وردەـوردە ئـەمانـــە بەردی بناغەی دیوانی ئەم شاعیرە بن •

دەبێ لێرەدا ئەوە لە بیر نەکەم کە لە کەشکۆلەکەدا لەسەر پارچـەی یەکەمی ناوی (عەبدورەحیم) نووسراوە ، بەڵام وەك دەبینی لە دوا بەیت‌دا ناوی (ئاهی) نووسراوە (ئاهی)ش نازناوی صـــالح ئەفەنـدی‌یەو ، من نەمبیستوە ناوی عەبدورەحیم بووبێ ، یان شاعیرێکی تر بە ناوی (ئاهی) یەوە بووبێ •

هێشتا گەڵاڵەی ئەم بەرگەم تەواو نەکردبوو لە کتێبـخانەی (دار صــــدام للمخطوطـات)دا (کەشـــکۆلی گـەڵاڵەم) دۆزییەوە ، لـەم کـەشکۆلەیشدا (٤) پارچەی دیکەشیعری (ئاهی)م دۆزییەوە ، کـە تـا ئێستە بڵاونەکراونەتەوە ، ئەوانیشم لێرەدا ختە پاڵ شیعرەکانی کەشکۆلی سەلەسیی • لەم کەشکۆلەدا لە پاڵ ناوی (ئاهی)دا (روحی‌زادە) یەکیش نووســـراوە •

– ١ –

بـە تیری غەمزەکەت جەرگم بڕاوە
دلم دایم دەلێی تەختەی سەراوە

(١) ئەم پارچە لە کەشکۆلی (سـەلەسیی) وەرگیراوە .

به قوربانی پیاڵەی چاوەکەت بم
کــە دایم مەستو هەم خــاوە
کەمەندی زوڵفی تۆیە وا لــە ملما
فیدای ئەگریجەکەت بم چەندە خاوە
ئەگەر بێنێ صەبا بێنێ لە رووی تۆ
بــە مەرگی تۆ ، دەڵێی عەینی گوڵاوە
چ ئەحواڵێکە ئەمڕۆ وا لــە سەرما
دەڵێی ـدووربا ـ کە لەیلم لێ بڕاوە
سەری هەڵداوە جۆشی دڵ لــە کەللەم
فوارەی ، چاوەکەم ، دێژی شەتاوە
وەکوو من گیری داوی دەردی دڵ بووم
بە غەیری خۆم بە شەرطی [بێبلاوە !]
حەیاتی من ئەگەر باقیی وەها بێ
ئەوا نەموست ئەگەر صەد سالی مابێ (!)
لــە ژێر باری غەمی طەعنەی رەقیبان
بــە چاوی تۆ حەیاتم لێ چناوە !
ئەگەر مەیلت لە دڵ دەرکەم هەتا هەم
نەبینم لەذذەتێ لــەو عومرە ماوە
کەسانێ مانیعی وەصلی منو تۆن
حەوالەی بەرقی قەهری حەق کراوە
لە حاڵی خۆت شیکایەت بەس کە (ئاهی !)
خودا خۆ لوطفی زۆری وا بەلاوە
بە قوربانی سەگی دەرگانەکەت بم
فەرامۆشم مەکە چارم بڕاوە !

- ٢ -

ئەریٚ یارم ! ئەریٚ چاوم ! ئەریٚ مەحبووبی دڵدارم !
ئەریٚ شۆخم ! ئەریٚ رەندم ! ئەریٚ مەعشووقی غەمخوارم !
دڵە ، بردت ، منە ، کوشتت ، دەروون خوێنە ، جگەر لەت‌لەت
بە رۆژ ئەندووهـ ، بە شەو ناڵە ، سەراپا دەردو بیمارم
نە دڵ صەبرە ، نە رۆح طاقەت ، فیراقت خۆ نییە ناوی (!)
خودا لێت هەڵگریٚ گیانم ئەمن بەم حاڵە غەمبارم ؟
بە نەشئەی چاوەکەی مەستت ، بە ئەبرۆی شۆخ‌و پەیوەستت
بدە وەصلم ، قەضات بگرم ، نەماوە دیدەی‌تاتارم
زەلیل‌و دەردارە دڵ وەکوو دێزەی لە جۆش‌و کوڵ
دەروون سووتا ، جگەر برژا ، عەزیزا بۆت گرفتارم !
ئەگەر شەرطی وەفا چاکە بڵیٚ : لەیل بۆچی بیٚ باکی ؟
بە بیٚ‌باکیت قەسەم ـ لەیلیٚ ! لەدووریی چاوەکەت زارم

- ٣ -

چ سۆزێکە لە سەرمایە ؟ چ ئەحواڵیٚ ؟ چ بەدکاریٚ ؟
گرفتاری غەزالێکم چ شۆخ‌و شەنگ‌و عەییاریٚ ؟
بە نەشئەی موعجیزەی لەیلیٚ سەرای کیسرای دڵم شەق بوو
چ هاوارێکە حاصڵ بوو ؟ نە دڵسۆزیٚ ! نە غەمخواریٚ !
سوپای موژگانی قەلعەی خەیبەری جەرگی وەها گرتم
دڵەی صەدساڵەوێرانە چ تەدبیریٚ چ هاواریٚ ؟
لە کونجی سینە غەیری ئای‌و ئۆی‌و ئۆفی لیٚ نایە
کزەی قرچەی دەروونم دیٚ خودایا ! مەرگیٚ یا چاریٚ !
تەماشای لەیلەکەی خۆم کەن ، دەڵێن : تۆ دەستی لیٚ بەردە
بە ذاتی (لم یزل) نابیٚ ئەگەر تیرم لەسەر باریٚ

له تاوی پێستوونی غەم دڵەی فەرهادەکەم رۆیی
وەکو قومریی دەناڵێنێ لەهەر ئەطرافو هەر شارێ
هەزاری وەك ئەرەستوو بێ عیلاجی دەردی من نایە
مەگەر لوقمانی وەصلی ئەو ئەگەر بێڵێتی غەدداری
دەزانم ئاخری عاشق دەبێ بمرێ لە پای لەیلێ
کە دایم بێ لە ناو دڵ بێ عەجەب جەللادو خونخوارێ
کە چەند کەم هیمەتی (ئاهی!) بە قەولی حەق تەوەککول کە
(أتى أمر فلا تستعجلوا)[1] بگرە دڵت جارێ[2]

– ٤ –[1]

لەگەڵ من ئەو حەبیبە دڵرەقە ، ئاخ !
بە ئیستیغنای ئەو عالەم شەقە ئاخ!
موراعاتی لە دەرحەققی منی زار
نەماوە بەو قەرارو بەو دەقە ئاخ!
بە سەیلی ئەشكو توندی بای هەناسە
بناغەی خانەی عەیشم لەقە ئاخ!
غەمی دووریی بە هەر صوورەت ، چ چارە
رەقیبی وەك [زقیش!] صاحیب رقە ئاخ!
هەموو ئەعضای دەمە بۆ دووزبانیی
لە دەس ظولمی بەدی ئەو ئەحمەقە ئاخ!

---

(١) ئەمە ئیشارەیە بۆ ئایەتێك کە ئەفەرموێ : (اتى امر الله فلا تستعجلوه).

(٢) ئەم شیعرانەی (ئاهی) تا ئێرە لە کەشکۆڵی سەڵەسیی وەرگیراون .

(١) لەم پارچەوە تاکۆتایی شیعرەکانی (ئاهی) لە کەشکۆڵی (گەلالە) وەرگیراون ، بۆئەم شیعرانەیش دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین بە هۆی یەكنوسخەییەوە وەك پێویست هەموو شیعرەکان راستنەکراونەتەوەو، هەندێ جێگەیانمان بە گومانەوە نووسی .

به کەمتر لەحظەیە غافڵ نیە لێم
کە کوێر بێ چاوی بوخلی ، چەند دەقە ئاخ!
گرفتام بە مەحبووبێ کە مایل
بە ظولمو کوشتەکاری ناحەقە ئاخ !
لە ئوستادی فکر پرسیم لە زاری ،
گوتی : نوکتێکی وردو موغلەقە ، ئاخ !
مەگەر سا واسیطەی ئەشکە (وإلا)
بە سۆزی سینە (ئاهی) موحرەقە ئاخ !

ــ ٥ ــ

تۆ بەیاضی لا ملت شەعری سیای ئەر بێتە سەر
ئیحتیاجێکت نیە ، ئەلبەتە ، بە شیعری بێ ئەثەر
گەر شیعارێكو شوعوورێکی شیعر مابێ لە لام
غەمزەی چاوت لە سینەمدا دەبێ بیکاتە دەر
ئەی فریشتەی عالەمی حوسن ، بە مەحبووبی شەهیر ،
شیبهی تۆ نا مومکینە بیبێ بەنیئەوعی بەشەر
خەططی وردی کاغەزی ئالی لەبت لای ئەهلی طەبع
چاوی دڵ دەرکی دەکا رەمزی نەوەك حیسسی بەصەر
شەمعی رووی پاکت لە ذیهنمدا کە وەقتێ هەڵکرا
عەقڵو هۆشو جانو جیسمم چوونە سەر یەك وەك فەنەر
صاحیبی دوودی هەناسەو سۆزشی خاطر منم
تا لە سینەمدا دەکەن کاکۆڵو [تاثیرتا] گوزەر
کوشتەی لەهجەو قسەو خەندەی ئەتۆم (ئاهی) صیفەت
دڵ لە بۆت مەستە ، لە بۆت بێعەقڵو هۆشە مەگەر

- ٦ -

خودا هەڵناگرێ ، چاوم ، ئەمەندە شێتو شەیدا بم
لە مابەینی خەلایقدا وەها مەهتوکو رسوا بم
گەلێ دەفعە دەڵێم : پێم دڵ بگۆڕم خۆم لەوی لادەم
لە دوو رێدا خەرێك ماوم ، بەلاّ وا چاکە یەکرا بم
چ ئینصافێکە ئەی نەیقامەتو ، غونچەدەمانو ، شۆخ
وەکوو بولبول هەمیشە هەر بە هاوارو بە غەوغا بم ؟
هەتا کەی سا زەقوومی میحنەتی دووریت بچێژم من
بە شێتیی وێڵو سەرگەردانی دەشتو کۆهو صەحرا بم ؟
بەلاّ وەك مورغی نالاّ بم ، بە دایم هەر لە بالاّ بم
پەڕەندەی بەرزەبالاّ بم ، مەگەر واصیلی بە بالاّ بم
دە کەی دێ (ئاهی) وەصلی چەژنی دلبەر دا بە قوربانی
قەدی باریکو ، لێوی ئاڵو ، چاوی مەستو شەهلا بم

- ٧ -

بە موژگانی درێژی دیدەمەخمووری بریندارم
پەرێشانحاڵو بێهۆشو پەژارەو عاجزو زارم
عەجایب دلبەرێکی ظالمو عاشقکوشو توندە
وەك ئاهوو رەم دەکا لێم،من(ا) بۆیە یەکجار دڵئەفگارم
چە رەحمێ قەط بەمن ناکا ئەمەند بێباکە سا یاران
چە مەنعە شیبهی نەی گەر هەڵدەسێ نالینو هاوارم
بە دووری قەط مەزانن گەر بە پێشکەش رۆح ئەسەر دەست خەم
ئەگەر جیلوێك لە وەجهی نازەوە بنوێنێ بۆم یارم
بلێن بۆ خاطری چاوی رەشی خۆی تا کەی ئەم ظولمە ؟
لە هیجرانی ئەوە دایم ئەمن خوێنی جگەرخوارم
جەنابی خۆی خەبەردارە بە مەیلێکی کەمی چاوی

نە سەرمایەی عەقڵ باقی دەمێنێ پێم ، نە گوفتارم
لە دەست تۆ شەکوە کەم ، یاخۆ لەبەر بەختی بەدی شوومم ؟
موعەییەن بەختە باعیث من کە وا مەئیووسی روخسارم
وەصڵ وەختێ عیبارەت بێ لە جووتیو دەستلەمل (ئاهی!)
لە ئەمری لەذذەتا [طاقەدچون!]وەصلی دلدارم

من كلام امين بن شيخ فتاح :[1]

هەتكی ئەم حوجرە دەكەم ئیستە بە ئەشماری سووار
هەتكی بەو نەوعە نەكا قەط ئەبەدا «با بە دەوار»
چونكە پڕ ترسە بە دایم لە دەرو ژوورو سەری
كۆمەڵەی داوە چقڵ خەیلێ بە خەروارو تەغار
كوهنەور كون كونو رووخاوە لە هەر شەش طەرەفی
دێتە دەر بێحەددو مەر سیسـرکو عەقرەبو مار[2]
(مفرشه) شڕشڕەكەی پڕیە لە ئەنواعی سپێ
سەرقەوی‌و پانو قەڵەو ، جوملە وەكو ورچی نزار
كێچی پڕ پێچی لەگەڵ رشكی وەكوو رەشكە هەیە
مشكی وەك مەشكە عەجەب دێن‌و دەچن هەر بە قەتار
پڕ دوكەڵ ، پیس‌و چەپەڵ ، دایمە وەك توونی حەمام
رۆژی لێ كرمە شەوی هەر بە تەمبو ، گەردو ، غوبار
داری سەرمیچی هەموو شینە وەكوو چێو خومی جوو
كەثرەتی بارشی بێ ، وەك دەڵەمیز دێتە خوار
چلكن‌و بۆرو سیەهـ ، طاقی هەموو پڕ لە كونە
شەپەڕەی بەربوەتۆ هەر لە یەكێ تا بە هەزار

---

(۱) ئەم شیعرانەیش لە كەشكۆڵی (سـەڵەسیی) وەرگیراون‌و ، دەربارەی ئەم ئەمینی شێخ فەتاحە هیچم نەزانی‌و ، باسیم لە سـەرچاوەكـانـدا دەست نەكەوت .

(۲) هەرچەند شاعیر خۆی دەڵێ بە شیعری سوار هەتكی حوجرەكە ئەكا ، لە چەند شوێن‌دا شیعرەكانی قۆرت‌و گرێیان تێدایەو ، هـەنـدێ جار دەبێ پیت قووت بدرێ ، یان بكرێ بە ژێر لێوەوە ، هەندێ جاریش دەبێ باری دەربڕینی پیتەكە قورس بكرێت‌و ، ئیستێكی لەسەر بكرێت تا بەو شێوە كێشەكە بڕوات ، وەك بۆ سیسرك دەبێ لەسەر (ر)كـە ئیست بكرێت .

پڕ مەگەز ، پڕ خەرەنەز ، چبکەم ئەمن لەم سەقەرە
مچی شاخداری هەیە وەك «حەچەکەی ماە مغەفار»
نەگبەتێکی هەیە مەشهوورە بە جۆلایی کەرە
چادری مەکرو حیلەی تەندوە تێدا بە قومار
داغی ئەم حوجرەی پڕ جوجرەی خۆش ناکەمەوە
پەپولەی خۆ شەڕەکا ، حەملە دەبا وەك سەگی هار
فەرقی ئەوقاتی لە لا هیچ نیە بۆ مێشولەکەی
شارەزوور وەقتی سەبوون کەی بوە وا هودڕەدار !
جرجی مل چرچی عەجەب زۆرە لە گەڵ کیسەڵی کۆن
بە خۆشیو بەزمو طەرەب هەڵدەپەڕن لەیلو نەهار
مەنزلی نەملی سولەیمانە ، هەموو نەوعی هەیە
(هەرلە)و (پسپسەکە)ی دوورە لە ئەوصافو شمار
چونکە نمدارە بە دایم بۆتە کانی زەروو
خشلکو بۆقی لەگەڵ خەرچەنگی تێدایە بە بار
[زمهریرکه که کوی حجره ام نارحته !]
چالە کۆتێکە هەمیشە پڕە لە عەقرەبو مار
هەموو قەسراوە لە سەرما طەلەبە ، ئەهلی عولووم
چونکە تێدا هەیە دایم یەخو یەخبەندو سیخوار
مەغزی سەرمان چ نەماوە لە شەڕو چنگو کوتەك
خادیمی خانەیی مشکن ! هەموو شەبڕەنگو عەیار
نەظەری لوختی دەکەی بێشلکو بێشوبهە وەکوو
ئاشکە کۆتێکە هەزار سالەی واپڕ خەسو خار
کونەزەنبوورە ، دەدەن پوورە لە گوێچکەو سەرو چاو
قەدەرو کەئرەتیان وەك مەلەخە سپا سننی پار
نەحسو بەدیومنە بە تەنها ئەمە لەم مەدرەسەدا

سپیی‌و بەرزو بڵند باقیی ، هەموو میثلی تەلار
جوملە پڕ فەرش‌و خەزو ئەطڵەس‌و دێباوو حەریر
سەقفیان عوودە لەسەر عاج‌و گوڵ میشکی تەتار
مەعدەنی عەطرو عەبیرن ، بە مەثەل باغی ئیرەم
دوودەری سیم‌و زەڕن پەنجەرە پڕ نەقش‌و نیگار
چەمەنی پڕ سەمەن‌و نەستەرەنە دەورەکەیان
بەخ چە پڕ نەش‌و نما جیلوە نما وەقتی بەهار !
چەمەنی غەمزە دەکا فەصلی نەسیم وەقتی سەحەر
زۆر خۆشی پێ دەکەوێ نەرگسی چاومەست‌و خومار
تمت شد از دست قادر سەلەسی درحالت پریشانی
در دست وبا پناه بخدا .

= مریشکی سەرقەلەمانە =

کاکە بێن بەحثی خەیاڵێکی عەبەثتان بۆ بکەم[1]
دوو مریشکیان بۆ هەناردین سەرقەڵەمدانەی دۆعان
چەند مانگێ خزمەتم کردن بە ئیخلاصی تەواو
ئاوو دان‌و کونجی گەرم‌و هات‌و چۆی دەوری کولان
ڕۆژو شەو دایم لە خۆشیی‌و عەیش‌و شەوقی مورغەکان
لیقەلیق‌و پێکەنین بوو میثلی جەژنی جوولەکان
هێندە دڵخۆش بووین بەو مرانە وەصفی هەرگیز ناکرێ

(1) ئەم پارچە شیعرە ناوی کەسی لەسەر نەنووسراوەو ، مامۆستای (دۆعاو سەرقەڵەمانە) خۆیشی لە کۆتایی پارچە شیعرەکەیەوە ناوی خۆی نەهێناوە ، ئێمە لێرەدا لە دوای باسی حوجرەوە دامان نا ، تا بزانین ئاخۆ خاوەنەکەیمان بۆ دەدۆزرێتەوە !

قەط وەها دلخۆش نەبوو خۆ (ناصرالدین) شای قاجار(٢)
هەرچە تەعریفێ دەکەم من لەم خوصووصە زیاترە
بۆچی ؟ خۆشیی ماڵەکەم بوون ، نایێتە وەصفو بەیان
دەوڵەتی وا بێ مەشەققەت هیچ کەسی تر نەیبوە
خۆ خوصووصەن چەندە رووسوور بووین لە رووی ئاشناو میوان
وەختێ میوانمان دەهات چوستو چالاك زووبەزوو
خۆی کەبانۆ ساعەتەن دەچوە چلێتی مورغەکان
تا بە باخەڵ ، تا بە داوێن دەیهێنادەر هێکەکان(٣)
میثلی تەرزە دادەباری [برکە سر بمن !] پاکیان
هەرکە میوان وای دەزانی خەیلێ کەیفی خۆش دەبوو
موختەصەر خۆشە قسە : نانیان دەخواردو هەڵدەسان
هەرکەسێ بێتن بە خێری خۆی ئەویش لێی زیاد بکا
واجبە بەل فەرزی عەینە کوێر نەبێتۆ ناویان
بەعزێ چاوڕەش ، بەعزێ گوێشۆڕ ، بەعزێ چون پۆڕ دەینواند
بەعزێ چون قاز ، بەعزێ نازدار ، بەعزێ چون سۆنەی شەتان
[کرتە !]مر بوون ، هێلکەکەر بوون ، قەسپەقەسپی دەنگییان
قووتی رووح بوو ، کەیفی ژن بوو ، شادی بوو شایی لۆغان
کونجو شینو ، زەردو سوور وا تێکەڵو پێکەڵ دەبوون
وام دەزانی دەوڵەتی کەیخوسرەوو نەوشیرەوان
بەزمو رەزمی ماڵو منداڵ بوون مەدامو صوبحو شام
خۆشی خۆشییو هەڵپەڕین بوو ، دەنگ دەچوو بۆ ئاسمان
ئاخۆ کێ بێ لەم مرانە [حق بدا وایەو مراد !]
رەنجی چەند ساڵە بەدەرکەین دابنیشین کاکە گیان

(٢) بە گوێرەی سەرواکان ئەم سەروا ناتەواوە .
(٣) هەروا نووســراوە .

چاوی پیسیان لێ کەرەمکەوتو بەلاّیان کەوتە نێو
رۆژی دوانو، رۆژێ سێ، غایب دەبوون وەك مردووان
بێسەرو شوێنو پەڕو پۆ، وەك لە ناو بەحرێ کەون
سەرنگوون بوون ، هیچ نەما (بالمرّە) یەکیان لێ بڕان
هەلفڕینو گارەگاریان خۆ نەما ئەمجارە وە (!)
مالیان چۆل کرد ، بە خالیی مانەوە کونجو کولان
کاکە با ئەمجارەوە شینی تەواویان بۆ بکەین
هێلکە زل بوون ، پۆپنەسوور بوون ، داد لە دەستی مرخۆران !
مالو مندال هاتە گریان ، شینو چەمەر هاتە روو
کافران بۆیان دەسووتان ، خۆڕنین بوو،سنگکوتان
شادییان لێ بوو بە شینو عەیشو خۆشیی هەلگیرا
وا پەشێویان ، وا خەریكمان ، کەس نەبوو بێتە زوبان
حەق بەدەستن هەرچە بیکەن ، نابێ کەس مەنعیان بکا
مر نەبوون ، مانگاڕەوشت بوون هەر وەکوو مانگای موغان
گەر چە خۆ مانگاو مریشك هەرگیز لە رەنگو شیبهێ نین
ئارێ وایە ، مر مانگایە لا دلی پیرێژنان
پیرێژن مریان نەمانو ، رزقو رۆزیان هەلگیرا
قوڕ بەسەریان ! وا دەبێ «مانگامرانو دۆبڕان »
دارو دەستەی مرنەماوان ! پاکتان سا وەرنەوە
دەست لە مل کەین ، شینی مر کەین ، دادو فریادو فوغان
چۆن دەبێ تەدبیری ئەم کارە ؟ هەچی مر بوو نەمان !
مەصلەحەت وایە بزانین کێ مدەعیە ، قەومەکان
هەلگرین شوێنی مرانو ، هەرکەسێ بۆ جێیە چێت

(بەردەبووك) و (وشکەشیو)و [دوشمورستەمیوان!][٤]
لای[کواوان!]ی لێ بگرن تا مەحالی (هەنگەژاڵ)
هۆشیاربن ، زۆر طەیار بن ، بەڵکە بگرن مرخۆران
گورگ‌و رێوی‌و ، کوندو ، واشە ، تا چەقەڵ ، تا کەمتیار
هەرچتان گرد بیگرن دەستیان ببەستن یەك یەکان
رایی‌کێشین تا پای دیوانی مرخوراوی سك‌سوتاو
غل‌و زنجیریان لە مل کەین ، بیان‌بەنە جێی بەندیەکان
دارو فەلاقەی بۆ هەڵخەن ، سفت. دارکاریی دەکەم
لۆغەلۆغی پێ دەخەم دەیکەم بە کوشتی جوولەکان
ئۆخەی ئۆخەی مرنەماوان وەرنەوە سەیرم بکەن
چۆن حەقی مرتان بسێنم بیکەمە کڵاوی شەقان
هەر مرێ شەقێ لە جاتی بۆ مەزەی طەعمی دڵی
وەرگرێ، دەست هەڵگرێ ، شەرعەن هەیە حەق لێ‌سەنان
کاکە وا چاکە ئیتر کۆتا بێ ئەم نەقڵ‌و بەیان
دەفعی تاڵیی هەر بە شیرینیی دەبێ لا عاقڵان

---

٤) ئەمانە ناوی چەند شوێنێکن کە شاعیر لەوێدا بوە ، وەك ناوی کێوو، گردو ، شیوو شتی وەها ، کە لە هەر ناوچەیەکدا ئەو شوێنانە هەموو ناوی تایبەتی خۆیان هەیەو ، خەڵکی ناوچەکە ناوەکـــانو شـــێوەی دەربڕینیان دەزانن‌و خەڵکی نەشارەزا لە ماستیانا بێ دەنگ دەمێنن . لە یەك دوو جێگەی دەست‌خەتەکەدا دەستکاری‌کردنی کەمم بە پێویست زانی وەك : لە باتی (هێلکە) (هیکە) نووسراوەو ، لە باتی (کردن) (کـــرن) .

مەحروومیی :

بە گوێرەی پشکنین‌و گەڕانێ من بە دیوان‌و ، کەشکۆڵ‌و ، ئەو کتێبانەدا کە دەربارەی مێژووی ئەدەبی کوردین شتێکی ئەوتۆم دەربارەی ئەم تاوە نەدیوە ، مامۆستا (بابامەردۆخ)یش لە کتێبەکەی‌دا باسی «مەحرووم»نەك «مەحروومی» دەکات‌و ، باسەکەی ئەویش شتێکی وا نیە دەرد دەرمان بکات ، تەنها باسی ئەوە ئەکات کە هاوچەرخی مەولەوی بوەو، بە دوو سێ بەیت بەربەرەکانێ دوو بەیتی (خانا)ی کردومو داوای لە مەولەوی کردوە کە بەیتەکانی هەردوو لایان بنرخێنێ‌و ، مەولەویش ئەو کارەی کردوە •

ئەوەی کە لێرەدا ئەم دوو شاعیرە لە یەك جیادەکاتەوە دوو شتە ، یەکەم : ئەم مەحروومی‌یە شیعرەکانی بە شێوەی سۆرانی‌یەو ، شیعرەکانی (مەحرووم) بە شێوەی گۆرانی‌یە •

دوەم : ئەم (مەحروومی)یەو ئەو (مەحرووم) •

هەر لەم بەرگەدا لە باسی لاسایی‌کردنەوەکەدا نموونەی بەربەرەکانی‌و لاسایی کردنەوەی نێوان (خانا)و (مەحرووم)مان پێشتر نووسی •

— ١ —

خەیالی تۆیە رۆژو شەو لە دلما
هەوای تۆیە بە دایم وا لە سەرما
غەریقی بەحری خوێنم هێندە دەگریم
خەلاتم بەرگی سوورە وا لە بەرما
خەوو خۆراك‌و عەیشم چوو بە تالان
هەمیشە وەسوەسەی تۆیە لەسەرما
وەها گرتوومە دامانت بە ئیخلاص
بەری نادەم ئەگەر بیشدەی بە سەرما

لـه (مەحروومی) ذەلیل رووی خۆت مەپۆشە
که چون طەوقی وەفای تۆ وا لە ملما[1]

- ٤ -

ئەی رەفیقان چیم بەسەر هات ؟ کەس بە حالی من نەبێ !
کەس وەکوو من گیری دەستی کافری دوشمن نەبێ
هەر کە دێتە رەقصو جەولان روو لە تیپی دڵ دەکا
تیرەبارانی دەکاتێ ، کەس بە وێنەی من نەبێ
گەر چی عاشق خۆ دەزانم دەردەکەی بێ ئێش نی‌یە
جەرگی من کونکون بوە قەت کافریش وەك من نەبێ !
ئێشی دەردم وا گرانە زیندەگانیم زەحمەتە
دەردی مەرگە ، وا دەزانم ئێشەکەی ساکن نەبێ
وەقتی مردن کفنو شۆرینم لە سەر لازم نی‌یە
بۆچی ؟ ئاخر من شەهیدم بەڵکە خوێنم ون نەبێ
ناوی (مەحروومیی) بە دنیادا بە کوشتن رۆییوە
کوشتنی وا بێ کەسـی بۆ کەس نەبوو بۆ من نەبێ !

- ٣ -

هەمیشە هەر لە فکری تۆم قەسەم بەو ماهی تابانت !
بە دایم هەر لە یادی تۆم بە چاوی مەستو فەترانت !
ئەگەر بێ‌ی بمکوژی تەحقیق بەهەشتی جاویدان جێتە
سەرم قوربانی دەستت بێ ، وەرە بمکە بە قوربانت

---

(١) دیارە ئەم سەروا دروستنی‌یەو دەبوو(نت) بوایە ، هەروەها لە نێوان بەیتی پێش ئەم بەیتەو بەیتەکەی دوای ئەم بەیتەدا تێکەڵبوونو ئاڵۆزیی هەیە . بەڵام هەر یەك نوسخەمان لە بەردەستدا بوو ، کە کەشکۆڵی سەڵەسیی بوو .

له جەرگم موشتەریی بووی تۆ ، دڵیشت ـ دیارە ـ پێکاوە
تیراندازێکی چالاکی ، چ راستە دەستو پەیکانت !
له شەوقی تۆیە پەروانە کە دایم وا پەرێشانە
طەوافیان وا دروست نابێ نەکێشن رەنجی هیجرانت
له شەوقی تۆیە پەروانە کە دایم وا پەرێشانە
ئەویش وەك من گرفتارە بە شەوقی شەمعی روخسارت(١)
ئەوانە طالیبی کەعبەن لە مەیلو ئارەزووی تۆیـە
طەوافیان بۆ دروست نابێ نەکێشن رەنجی هیجرانت
حەکیمێ گەر ئەرەسطوو بێ عیلاجی من بەوی نابێ !
مەگەر دەرمانی وەصڵی تۆ ، ئەمان دەستم بەدامانت !
عەجایب جانفیداییکم ئەگەر بێتو قەبوولم کەی
غولامی خاکی بەرپێتم دەبۆسم چاکی دامانت
حەکیمانە دەوای دەردم بکە ، قوربانی فیکرت بم !
بە غایەت سەنگیە دەردم ، ئەوا مردم لە هیجرانت
وتی : تۆ شێتی (مەحروومی) ، خەریکی فیکری بێ سوودی
وتم : چبکەم ؟ عیلاجم کە ، دەسا تۆ خۆتو ئیمانت !

ـ ٤ ـ

سەیری قەددی عەرعەرینی کەن چلۆن بەرپا بوە
بێن تەماشای رۆیینی کەن ئافەتێ پەیدا بوە
میثلی طاوس(١) پەرچەمی رەنگین بوە
سا لە کوێ شەککەر وەکوو گوفتارەکەی شەهلا بوە ؟
تیرو شیری ساو دەداتو قەصدی رۆحی من دەکا
هەر وەکوو [من !] دوشمنی بم عادەتی هەر وا بوە

(١) لێرەوە ئاپارچەی پێنجەم لە کەشکۆلی (سەلەسیی) وەرگیراون .

شەرتە گەر بیشم کوژێ بە خوا دەستی بەر نایێنم
کاری موشکیل زۆرە ئەمما ئاخری هەر چا بوە
کارو پیشەی هەر جەفایە ، مروەتو رەحمی نی‌یە
ئەی خودا چبکەم لە دەستی ؟ کافریش کەی وا بوە ؟!
دەنگی گریانو ذەلیلم عالەمی لێ عاجزە
وا دیارە ئینتیهامە وەقتی مەرگم هاتوە
صەد کە (مەحرووم)م لە دنیا وەصلی یاری خۆم نەدی
دوشمنیش تووشی جەفا بو صەد شوکر رسوا بوە !

– ٥ – (١)

هەرکەسێ دەردی منی چەشتبێ حاڵی چ دەبێ ؟
مردنی خۆشترە شۆرینە کە حاڵی ئەمە بێ (ا)
رۆحەکەم دێتو دمچێ هەر دەگەڕێ تا ماوم
گەر بڵێم مەمکوژە دیسان دڵەکەی رەنجە دەبێ
قەتلی من سەهلە ئەمما لێکن ئەمن حەز ناکەم !
بە جەزای کوشتنی من گیرو گرفتە کە ببێ
بۆچی شۆخیی لەمە زیاتر کە هەتە کافی نیە
حاجەتی قەتلی نی‌یە سا لەمە زیاتر چ دەبێ ؟
ئەم جەفاو جەورە هەموو نەگبەتیی خۆمە ئەگینا
صەد وەکوو من هەیە موستەوجیبو باکی کە نەبێ
من کە بەختم نی‌یە یاریش لەگەڵم رەحمی نی‌یە
فەرقێکی چی‌یە بۆ من خلە بێ یا بلە بێ ؟

---

(١) هەرچەند ئەم پارچە لەگەڵ پارچەکانی (مەحرووم)دا نووسراوەو لــە پێشیەوە نووسراوە (ولە) واتە : هی ئەوە ، بەڵام لە کۆتاییدا بــە پێچەوانەی پارچەکانی دیکەوە ـ نازناوی شاعیر نی‌یە .

- ٦ -

دڵ لە مەیخانەی مەحەببەت مەستی مەی غەمباری‌یە
سەر بە سەودای زولفی تۆیە ئارەزووی عەططاری‌یە
موددەتێکە خانەشاری مولکی هیجرت کردووم
با بە دەردی دڵ بناڵم فیرقەتی یەکجاری‌یە
دێتە بەرچاوی خەیاڵم جارمجارێ پەیکی دڵ
کووچە کووچەی شاری میحنەت طەی دەکاو هاواری‌یە
چون جەلالی حوسنی وەجهت بۆ مەماتم کافی‌یە
عەینی قەلبم بۆ خەدەنگت وەك نیشانە دیاری‌یە
تۆ دەلیلی حوسنی وەجهت نووری خورشید کافی‌یە
بۆ گەواهی حەشری قەتلم جێ خەدەنگت عاری‌یە
یادی جیلوەی مەیلی دووریت بۆ دەروونم قاتیلە
وەك حوضووری غەمزەکانت زامی جەرگم کاری‌یە
من سواری عیشقی جانان ، بێدەوایە عیللەتم
زەخمی تیرو شیری ئەبرۆت تا قیامەت ساری‌یە
حەیفە سەهمی تۆ بە دایم بۆ غەریبان حازرە
من غەریبو بێنەوا بم هەر نەصیبم زاری‌یە
قەلبی (مەحرووم) پڕ لە ئارە چون لە وەصڵت بوو بەری
بۆ سوپاهی عیشوەکانت سەیلی ئەشکم جاری‌یە

تـــاك

بۆیە خزمینە مەکەن مەنعم کە مەفتوونو زەلیلم
چونکە زنجیر لە ملی حەزرەتی شەهزادە جەمیلم

---

(١) ئەم پارچە لە کەشکۆلی (مەلا فەتاحی کاکردەلی) وەرگیراوە .

(مەحرووم)

رەفیق هامدەرد مەست بادەی عیشق
مەفتوون طوڕڕەی ئازیز پڕ مەشق
یاوان وادەی زەوق دڵەی جە خەم کەیل
بدیە ظاهیرەن عەکس چیهرەی لەیل
گوڵ(!) وە زەکات صەفای جیلوەی لەیل
بولبول سەحەر مەست نەشئەی عەطر مەیل[1]

پێنج‌خشتەکیی (بابا) لە سەر شیعری (مەحرووم)

حاڵی بەدحاڵی ئەمن مەعلوومە ئیفشای عالەمە
دیدە پڕ ئاب‌و ، جگەر داغ‌و ، زوبانم ئەبکەمە
عەیش‌و شادیم ـ چاوەکەم ـ گریان‌و شین‌و ماتەمە
ساکنی گۆشەی دەروونم ، پێم مەڵێ دەردت کەمە
خۆ لە یاتی لەعلی فەننەر حوجرەکەم مەملووی خەمە

★ ★ ★

طاقەت‌و صەبرو قەرارو هۆش‌و ئارامم چووە
مەصلەحەت وایە سەری خۆم هەڵگرم تاکو زووە
بۆ کەسێ دینیی ببێ لەم جێگە نیشتن قەط بووە ؟!
حوجرەکەی ئەمدیو یەقینەن هەر دەڵێی قەبری جووە
چون لە یاتی لەعل‌و لەمپا دوودو عەقرەب هەمدەمە

★ ★ ★

قەط لە باسی خواردنی ئەم جێگە هیچ کەس نادوێ
دۆینەکەی گەر بیکەیە صەحرا ئیتر گیای ناڕوێ !

---

(١) ئەمانەیش لە کەشکۆڵی مەلا فەتاح وەرگیراون .

بێ درۆیە ئەم قسە ئەیکەم بە راستی بی‌بێ
ئەر لە بەحثی ئەکل‌و شوربیش بێمە تەحریر جوزئی‌بێ
بێ درۆ نابێ ، لە فەرضێ ، ئەر ببێ عەینی سەمە

★ ★ ★

من لەبەر خوێندن بە دایم خوێنی جەرگی خۆم دەخۆم
بێ‌کەس‌و ، رووت‌و ، غەریب‌و ، عاجزو ، دڵ‌پڕ لە غەم
بەحثی عیلمی ئەم زەمانەت بۆ بکەم بێ زیادو کەم
گەر قسەی راست ئەوێ (بابا) ئەمن عەرضت بکەم :
خوێندن‌و تەحصیلی ئێستە باعیثی دەردو غەمە

★ ★ ★

من فیرارم کرد لە دەس ئەم جێگە رێم تێی کەوتەوە
بەختم هەڵسابوو لە خەو ، دووبارە بۆ خۆی خەوتەوە
رەببی وێران بێ بە حوجرەو مەدرەسەو مزگەوتەوە
من خۆ (مەحرووم)م لە چایی‌و هەم لە دارو نەوتەوە
بەحثی دەرسیش خۆت دەزانی دەر دوو حەفتە یەك ژەمە[1]

---

(1) کالی خۆی ئەم پارچە شیعرەم لە ژمارە (١٠)ی پاشکۆی عیراقی رۆژی ١٩٧٧/١٢/٣١دا بڵاوکردبوەوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی لێرەدا شیعری مەحرووم هاتە کایەوەو ، باسی یەك دوو (مەحرووم) و (مەحروومی) هاتە ناوەوەو شیعریان بڵاوکرایەوە ، وتم با ئەمیش لەگەڵ ئەوان بخەم ، بەڵکو لێکۆڵەرەوان هەلیان بۆ برەخسێ‌و خاوەنی راستیی ئەم شیعرانە بزانن‌و ، هەر یەکەیان بدەنەوە بە خاوەنی خۆی .

دەبێ ئەوەیش لەبیر نەکەم کە ئەم (مەحرووم)ە (مەحرووم)ی لای مەولەوی نی‌یەو ، وایش بێ‌دەچێ کە مامۆستا (بابا)و (مەحرووم) پێکەوە شیعرەکەیان گوتبێ‌و ، یاسای پێنج خشتەکیی لەسەرکردن وایە کە نازناوی هەردوو شاعیر لە دوا کۆپلەدا دەبێت‌و ، شاعیری یەکەم لە بەیتی دوایی‌داو ، شاعیری دووەمیش لە سێ‌نیوە بەیتەکەی پێشوودا .

مەلوولی

لە ماوەی گەڕانم بە شوێـــن بەرهەمی شـــاعیرانو ، پاشـــماوەی کەلەپووری کوردیماندا لە ڕێگەی دۆستانەوە پاشماوەی دەستخەتێکـی بچکۆلەم دەستکەوت کە بریتییە لە (٤) پارچـە شیعری شاعیرێك کـە نازناوی (مەلوول)و (مەلوولی) بەکاردێنێ ،هەر چوار پارچە شیعرەکە بـۆ شیوەنو لاواندنەوەی کاك ئەحمەدی شێخ نووسراون • هیچ شتێکی ترم دەربارەی ژیانی شاعیر نەزانی •

ئەوەندە دەڵێم : کە شاعیر بە شێوەو زاراوەی نووسینەکەیدا خەڵکی کوردستانی ئەو دیوەو ، لە نووسینەکانیـدا لاســـایی ئەحمەدی کـــۆر دەکاتەوە •

از مرثیه حضرت حاجی کاك احمد ـ قدس‌سره ! ـ

ـ ١ ـ

ئەی ڕەفیقان داغی دووریی وا دریغا حەسرەتە
پێم نەما صەبرو صەبووریی جەرگو دڵ وا لەتلەتە
لەتلەتە جەرگو هەناوم ـ سیدی ـ تۆی نووری چاوم
وا لە هیجرت دڵسوتاوم پڕ جەفاوو میحنەتە
پڕجەفاو ئاهو دەردم تەن بیمارو ڕوویی زەردم
هەر وەکوو قەیس وێڵی هەردم ، خوێنی چاوم وەك شەطە
وەك شەطو بەحرو جۆباره ، وا لە چاوم دێتە خواره
دڵ لە دووریت پارەپارە ، ئەوڕۆ دە مەرگم فرصەتە
فرصەتە بمرم لە دووی تۆ ، دڵ بە قوربان ڕوویی تۆ
وا بە دایم دڵ بە سۆی تۆ ، پڕ لە سەوداو ئولفەتە

پڕ لە سەودا قەلب‌و جانم ، وا لە دووریت ناتوانم
پڕ بە عومری‌جەوانم ، ئەز لە دنیام عیبرەتە
عیبرەتی ناو خاص‌و عامم ، ئاھ ویردی صوبح‌و شامم
ئێش‌و ژانی جەرح‌و زامم ، واتە مەرگم عەزرەتە
مردنم چاکە لە دووریی ، فیرقەتە تەنخوای حوضووری
ئەی خودا دایم صەبووری ، صابیرم لەم فیرقەتە
فیرقەتی قوطبی زەمانم ، چاکە کوێر بن دیدەکانم
با لە دووی تۆ بێ نەڕوانم ، عەیش لە من زۆر سەغڵەتە
سەغڵەتە شادیی ژیانم ، با دەرێنم چاوەکانم
من لە دووریت وا دەزانم ، ئیختیار کەم غوربەتە
ئیختیارکەم من غەریبیی ، بۆ شیفای دەردم طەبیبی
بۆ موحیببی خۆت حەبیبی شاھی والا توربەتە
توربەتت ماوایی مەردان ، خان‌و میرو شاھزادان
حەلقەگۆشی خانەزادان ، وەك سەگی ئاستانەتە
وەك سەگانی ئاستانت ، جارووبی دەرگاوو بانت
وەك (مەلوول)ی پاسەبانت ، ئەی خودا لەو حورمەتە

- ٢ -

ئەی موریدان دادو ئەفغان شێخی من کاك ئەحمەدە
قوطبی ئەفرادە لە ئەقران گوڵ لە باغی سەرمەدە
نەو گوڵێك بوو حەق رواندی ، سەیدی عالەم بوویاندی
بادی صەرصەر ھات رفاندی ، مورشیدم کاك ئەحمەدە
خاك بەسەرما کەم لە داغی ، سینە بێ داخان لە داغی
نەوگوڵی شیرین لە باغی ، سەییدم کاك ئەحمەدە

شینی قەت نابێ تەواوە ، تیری هیجری لێم دراوە
وەختە کوێر بێ هەردو چاوە ، مورشیدم کاك ئەحمەدە
ڕۆژی سێشەممەی موبارەك ، کۆچی خێری کرد تەدارەك
دنیا وێران بوو بە جارێك ، شێخم وای کاك ئەحمەدە
پشتی خەمیدم وەك کەمانە ، بێ صەفا (سابلاغ) و (بانە)
بێ تۆ وێران بوو زەمانە ، قوطبی عالەم فەرقەدە
فەرقەدان بێ قوطبی عالەم ، دەر تەزەلزول هەمو ماتەم
ئەشکی عەینان سێلە دەمدەم ، عەینی عەینان ئەرمەدە
ئەرمەد ئاسا تاو ژانی ، دیدەیی ئەهلی جیهانی
بۆ دەری دەریای مەعانی ، قەلبی عالەم پڕ صەدە
پڕ صەدا ڕەنگی درێغە ، لەتلەتە جەرگم نەبیغە
ڕۆژ کە پەنهان بوو لە مێغە ، وی جیهان بو ئەسوەدە
ئەسوەدە تاریكو تاری ، خوێن لە ئاسمانی دەرباری
ئاهو نالەوشینو زاری ، غەوثی من کاك ئەحمەدە
ئاهو نالەو هەم فوغانە ، وا سولەیمانی وێرانە
بێ تۆ ئەی شاهی زەمانە ، سەییدم کاك ئەحمەدە
سەییدی نەجلی ڕەسوولی ، تۆ لە ئەولادی بەتوولی
با کۆتا بێ ئەی (مەلوولی) مورشیدم کاك ئەحمەدە
ئەی مەلوولی دەست کۆتاکە ، نایە وەصفی شێخی پاکە
تا سولەیمانیی هەڕاکە ، خاك بەسەر ! تا مەرقەدە
خاك بەسەر بەو ڕابنیشە ، داغی هیجرانی بکێشە
دەردی زامم زۆر بە ئێشە ، مورشیدم کاك ئەحمەدە

بولبول ئاسا با بنالم ناله نالم زاری‌یه
نەوبەهارا دەشت‌و سەبزو گوڵ له صەحرا ناری‌یه
لالەو ، شەوبۆ ، بەنەفشە ، گوڵ شەقایق هاتنەدەر
گوڵ حەنا لاولاو ریحان نەوبەی گوڵباغی‌یه
یاسەمەن سونبول که خاشخاشان عەلەم‌دان پای کۆ
چاو پڕ ئەسرین ، سینه چاکن ، سەیلی خوێناو جاری‌یه
مێرغوزاری سەبزەوو گوڵزارو باغن پڕ له شین
شیوەنی شێخم دەکەن با ئاهو ناڵەو ناڵی‌یه
ناڵەیی طەیران[و]کوکووی قومری‌یی پڕ خەط‌و خاڵ
یەعنی مورشید کۆ که دنیا بەعدی تۆ لێم تاری‌یه
هودهودان هوهو کونان لەکلەکان لەکلەک بکا
زایلەی زاریی کەبکان ، ئەشکی عەین گوڵناری‌یه
طاوس‌و پۆڕو دوراج‌و بولبولانڕا نەغمەخوان
صەف به صەف قازان صەف ئارا صەف بەرەسمی مەرثی‌یه (١)
چەرخ‌و بازو شاهین طوطیی هومایی نازەنین
شین‌و چەنبەریانه دایم ، عەیشی دنیا ناڵی‌یه
با موریدان صەف ببەستن وا بکەن‌دادو فوغان
حەیفه بۆ قوطبی زەمانه کۆچی کرد لەم داری‌یه
ڕۆیی تەشریفی بۆ جەنەت هەم ڕەفیقی حۆری‌یان
چۆلی کرد دنیا سەراسەر ، کۆچی ئەو یەکجاری‌یه
ئەی درێغا حەسرەتا کوا صاحیبی شەرع‌و حەدیث ؟
وا طەریقەت بێ وجوودت ئەز صەفا بو عاری‌یه
میصری‌یانت پشت‌شکاند ، وا عەجەم غەمباری تۆن
خانەوێران ڕۆمیانن دەردی دڵیان کاری‌یه

ئەی (مەلوولی) تۆ چلۆن ماوی لە دوای مورشیدت !
پشت شکاو ، دڵسوتاو خوێن لە چاوم جاری‌یە
بولبول‌ئاسا دایما بۆ گوڵ بناڵە ئەی (مەلوول)
قەط مەبە فاریغ لە ئاهـو ناڵەوو هەم زاری‌یە

— ٤ —

ألا أی همنشین غم‌یا بنگر بروی زردم
رەفیقی میحنەت‌و ماتەم ئەنیسی دەردی دوو دەردم
فەلەك بۆچ وا بە کینە لێم ، غەمی دامێ بە هەردوو سەر
حەقیقیم رۆ مەجازیم کۆ ؟ فەلەك بۆچ وایە پێ‌کردم
لە وەصلا بووم دەمی خەندە ، لە بۆ شاهان وەك بەندە
فەلەك بگسیخت پەیوەندە بە تاسەی ئاهی سەردی من(!)
هەتا زیندووم بناڵێنم بکێشم ئاهی پڕ ئەفغان
لە پاش تۆ مورشید ، ئەی ئەحمەد ، [جنون ویل !] هەردم
جهان بی بینت باقی کجا رفت شاهدو ساقی
خۆشیی بۆ من نەما تاقیی ، لە هیجری تۆ ئەوا مردم
کجا رفت احمد ثانی نظیر غوث گیلانی ؟
کجا شاه سلیمانی ئەمن بۆ وی بەسەر گەردم
کجا ناصح ؟ کجا واعظ ؟ کجا سید ؟ کجا غازی ؟
کجا حاجی ؟ کجا عالم ؟ امن قربان توکردم
کجا مصلح ؟ کجا صالح ؟ کجا وارع ؟ کجا زاهد ؟
کجا مرشد ؟ کجای غوث ؟ کجا قطب جهان فردم ؟
بۆ خۆی رۆیی لە بۆ جەننەت ، ئەمن ماوم لە بۆ میحنەت
لە دووریت کەوتمە ذیللەت ، هەناسەکێشی تۆ هەردەم
ئەتۆ جێت قەصری جەننەت بو ، حۆرو غیلمان تو هەمڕازت

له بۆ من دەردو میحنەت بو ، له هیجری تۆ غەم ئاوەردم
سروورى من وجوودى تۆ ، بە دیدارت قەوی شاد بووم
هوجوومی لەشکری هیجران ، بە سەر رێدا بوە بەردم
زەمانە تەختە نەردێکە دو شەش دێنێ لە بۆ هەر کەس
هەتا ئەورۆ لە بۆ من بو ، ئەما بۆ من ئیتر نەردم
خۆشیی دنیا لە بۆ هیچ کەس نیە تا سەر دەوامی بێ
لە بۆ من هەر وەکوو عالەم لە غەمدا پای ئەفشوردم
کە بێ نەفعە (مەلوولی) غەم چ لازم دەرهەمو ماتەم
سلام از انبیا خاتم خودا را یادکەن هەر دەم
تمت شد عجالة لاجل جناب کاك أحمد قدس سره ! مبارك باد ٠

مەحزوون ـ(١)ـ

زەڕ شەوق قامەت ، جەمین پەڕەی گوڵ
موژەت چون نەشتەر لەتلەت کەردەن دڵ
سەرکردەی رەندان لەیلەکەی ثانیی !
من مەجنوون تۆم تۆ وێت مزانی
بەو نیم‌نیگای ناز لەنچو لارەوە
بەو دیدەی سیای پڕ خومارەوە
بەو باڵای عەرعەر خەرامانەوە
بەو رەفتار وەش بێ‌سامانەوە
بەو سیاماران دەم وە شەڕەوە
مجەنگان وە بان صەفحەی زەڕەوە
بەو لەبان لەعل شەکەربارەوە
بەو نوقطەی دەهان کەس‌نەدارەوە
هەر دەم مشانی تیرێ پەی جەرگم
تەمام هۆنین بی سەرتاپای بەرگم
تیر وە تیر جە نەو پەی دەرمان زامان
وە پەنجەی پڕزۆر بشانە قوربان
بەڵکم خەلاص بوون جە جەفاو جەورت
جە بێ‌شەرطیی تۆ جە طەرزو طەورت
تەمام حەسرەتان بەروون وە گلکۆ
بە وێنەی فەرهاد بیوو رەنجەڕۆ
نە تەرکەش وێت تیرێ هەوادەر
ئەی (مەحزوون)بەدبەخت یەکسەر خەلاص کەر
بێ‌ڕەحمیی وەسەن ،وەسەن خەمباریی
ئومێدم ئێدەن ڕۆحم بسپاری

(١) ئەم شیعرانە لە کەشکوڵی سەلەسیی وەرگیراون .

میرزا یەعقووبی جاف [1]

چراخم خاڵت ••• •••
خاو سەندەن جە خێڵ خاوێران خاڵت
غارەت دان خەرمان خەمان خەیاڵت
جەلی دان جەمین جامان جەماڵت
زوڵف ، زاهیدان زوننار پەی بەستەن
موژەت مەیل نە عەین عابید شکەستەن
دموا دا دەرمان دەردینان دەنگت
رەونەق دا رەونەق رۆزگار رەنگت
رەفتارت رەونەق روبع مەسکوون دا
جەیران حەیران مەند شی وە هاموون‌دا
قامەتت قەضا قەدەر قەضاکەرد
یانەی دەردینان غەمزەت غەزا کەرد
وەنەوشە سوجدەی خاڵت فەرض‌کەردەن
جەو بۆنە دایم کەچ کەردەن گەردەن
مەندەی لێو تۆن عەقیق ئەحمەر
رشتەی بەلدەگیت بەستەن نە کەمەر
غەرەض هەر کەسێ نە سەودای چێوەن
نیم خار خازین ، نیم لێوەی لێوەن
مەینەتی دینت وە چەم مدارۆ
دیدەم دین تۆ وە چەم مدارۆ

---

(١) ئەم پارچەیش لە کەشکۆلی (سەلەسیی) وەرگیراوە .

من كــلام زوخالى

یا حەی گوناهم ... ...
بە بەرزیی کۆهان بارەن گوناهم
ئەر صەد جەی دنیا نامەسیاهم
ئیلتیجا ئیدەن بە تۆن پەناهم
ستارەم شوومەن نە کولل عالەم
هەر کۆ نەحسیی بی ئامان وە طالەم
عیصیانم فێشتەر خاصیم نەکەردەن
کۆگای عیصیانم جە حەد ویەردەن
پشتم نە طاعەت روو نە عیصیانم
رای دین گومکەردە بار عیصیانم
ئەفعال مونکەر گرتەنم نە گۆش
ئەمری مەعرووفم کەردەن فەرامۆش
عینانم بە دەست نەفس ئەممارەن
شەیطان لەعین لێم نە دووچارەن
هەردوو نە کەمین حیلەسازی‌یەن
نە کردار بەد رای کەجبازی‌یەن
دڵ گرفتارەن بەی دوو نێشەوە
هەر یەك مکێشۆ بە لای وێشەوە
ئەر شێرێ جە بەین جفتێ روبا بۆ
یا کاهێ جە بەین دوو کەهروبا بۆ
یا ئاهین جە بەین دوو موقناطیس بۆ

---

(۱) ئەم پارچەیش لە کەشکۆلی (سەڵەسی) وەرگیراوە . دەربارەی ژیانی شاعیریش هیچم دەست نەکەوت .

چون دڵ گرفتار نەفس‌و ئیبلس بۆ
چۆن مبۆ خەلاص دڵ نەی دوو زنجیر ؟
نەفس نە حیلە ، شەیطان نە تەدبیر
خەیرم نە پاین ، شەڕ بێ شومارەن
ئەر بەرابەر بۆ یەك بە هەزارەن
دڵ دایم نە فیکر هەرزەکاری‌یەن
نە ئەفعال بەد عیصیان باری‌یەن
چارم ناچارەن دڵ بێ دەسەڵات
نەی دام‌و زنجیر نی‌یەن رای نەجات
شەرمەندەی عاصیی خەجاڵەت بارم
رەفیق ئیبلیس مەئوا (في النار)م
جە رووسیاهیم جە عیصیان‌باریم
جە کەج‌بازیی وێم ، جە بەدڕەفتاریم
سەر نەوەرەنان تا بە رۆی مەحشەر
نەجاتم چۆن بۆ خاکم بۆ وە سەر ؟!

مەلا مەحموودی حەمە پالەوان :

کۆرپەی حەی‌تاران ، تووك طاوس کار
سەوزەی کلاّفان چون رشتەی زوننار
چون رەققاص رەقص صەدای سەنج ساز
وە بای باد وێش ماما وە پەرواز
مشینان وە بان قورص قەمەردا
گاه وە رووی میحراب گاه وە حەجەردا
هەر لاوێ صەد جار دلەی پڕ دەرد
بەو زوننارەوە طەوافش مکەرد[1]

ئەم پارچەیشی لە کەشکۆلی (سەلەسیی) وەرگیراوەو ، تەنها ئەوەی سەرەوەی لەسەر نووسراوەو ، تا ئێستە ناوو بەرهەمی ئەم شاعیرەم نەدیوەو ، لەو سەرچاوانەیش‌دا کە لە بەردەستمدان هیچم دەربارەی ژیانی دەست نەکەوت .

من كلام شيخ محمد شريف :[1]

قیبلەم ! بینابیم ! دیدە راسەکەم !
بەنای شاری دڵ خەم‌ئەساسەکەم !
راحەتی جەستەی زامانخەستەکەم !
دەوای دەرد دڵ جێ‌نەڕەستەکەم
حەیف نەبۆ من دەرد دووریی تۆ کێشۆ
کەسێ‌وتر دەوای نەزدیکیت نۆشۆ !
من کامم وە تام هیجرت چون ژار بۆ
ئەو جامش نە مەی وەصڵت سەرشار بۆ
من ئازار خار جەفای تۆ بەرۆ
ئەو نەودەستەی گوڵ وەفات بۆ کەرۆ
ساچۆن شێت نەبوو نەشووم[2] وە هەردا ؟
چۆن خاك عالەم نەدووم وە سەردا ؟
من شادیم پەی تۆ دایم وە باد بۆ
تو خودا حەیف نەبۆ[3] ئەو وە تۆ شاد بۆ ؟
سەری من سەودای تۆ دارۆ یا ئەو ؟
من گیان نە دووریت سپارۆ یا ئەو ؟
من جەرگم بێ تۆ پڕ داخەن یا ئەو ؟
من بەرگم پەی تۆ قەڵاخەن یا ئەو ؟
بار مەظلوومیت من کێشام یا ئەو ؟
ژار مەحروومیت من نۆشام یا ئەو ؟

---

(۱) واتە : لە فەرمایشتەکانی شێخ محەمەد شەریف .
(۲) لێرەدا (نشو = نەشێ) نووسرابوو (م)کم بۆ زیاد کرد .
(۳) لێرەدا وەك (نبود) نووسرابوو (د)کەم بە لاوە زیاد بوو نەمنووسی .

ئەر پەی تۆ نەبۆ من کۆ ؟ غەم جە کۆ ؟
ئەی دڵەی دایم پڕ ماتەم جە کۆ ؟
من چێش ؟ ئەی ئەسرین چون سێڵاوە چێش ؟
من چێش ؟ ئەی ناڵەی تەوەنتاوە چێش ؟
من چێش ؟ ئەی زاریو ئەی گرینە چێش ؟
من چێش ؟ ئەی ئاهی ئاهیرینە چێش ؟
ئەی وە دەرد سەخت دووریت مەردەوێم
ئاخو داخ باڵات وە گڵ بەردەوێم
ئای چون شەمع شەو سوفتە جەرگەن
ئای چون هەوای صوبح جوانەمەرگمەن(٤)

ئەم پارچەیش لە کەشکۆڵی (سەلەسیی) وەرگیراوە .

عەبدولکەریم :

ئەم سێ پارچە شیعرەی لێرە بە دواوە بەرودوا بڵاویان دەکەینەوە بە ناوی (عەبدولکەریم)ەوە تۆمار کراونو ، شاعیر (کەریم)ی لە شیعردا بەکارهێناوە ، بەڵام لەمە زیاتر هیچی دەربارە نازانمو ، نازانم ئەم عەبدولکەریمە کێیە • ئەوەندە دەڵێم وەك دەڵێن ئەم شاعیرە دووچاری عیشقێکی حەقیقیی بومو ، جارێکیان هاواری لە دەست ئەوەیکە دەزگیرانەکەی لێ داگیرکراوەو ، جارێکی دیکە شینو لاواندنەوەیەکی بەسۆز بۆ دڵدارەکەی دەکاتو دەردو ئازاری بێئەویی دەردەبڕێت •

ئەم شیعرانە لە کەشکۆلە رەنگینەکەی شێخ قادری سەلەسی وەرگیراون •

لەم دەرفەتەدا بەسەر ئەوەدا ئاوڕۆم کە (بابا مەردۆخ)لە (مەشاهیرە)کەیدا ناوی دوو عەبدولکەریمی بردوە ، کە یەکەمیان شێخ عەبدولکەریمی مەردۆخییە • کە ساڵی (۱۱۱۸ك ۱۷۰٦ز) کۆچی دوایی کردوەو[1]• دوەمیان حاجی مەلا عەبدولکەریمی سەنەندجییە ، کە ساڵی (۱۲۵۰ك ۱۸۳٤ز) لە دایك بومو ، ساڵی (۱۳۳٦ ك ۱۹۱۷ ز) کۆچی دوایی کردوە ، بەڵام باسی شیعری هیچ کامێکیانی نەکردوە •

– 1 –

قیبلەم وێم بەوێم وێم‌کەرد سەرگەردان
تۆم بەرد ئەورامان وێم جێ هامدەردان (ا)
جە دووریت ئازیز پا شیم وە هەردان
مەردەنیم وەختەن جە تاو دەردان
تا کەی چون تاق‌تاق بنیشوون بە تاق ؟
تاقی هەر پەی تاق خاصەن نیشۆ تاق

---

(1) بروانە : مشاهیر کرد ، ۲٤٦/۱ .
(۲) بروانە : سەرچاوەی پێشوو ، ۱۳۹/۲ .

من تاق‌و تۆ تاق سا چی نەشمی تاق
دووبەدوو خاصەن بە خەندەو مەذاق
ئیبتیدای وەصڵەن ئاخیر هیجرانەن
فەصڵ بێ وەصڵەن وەصڵ یارانەن
خوصووص جەی دەمدا عیدقوربانەن
ئامانەت لازم وادەی قوربانەن
ئەر زوو بێ وە لام ئەی یار جانیی
نازی بو نە وێم پەی دوورئامانی
[مجیۆم!]جە ئاسمان زەمین وارانی
[کەرۆت پایەنداز بووك وەهارانی !]

– ٢ –

یار دڵئازار کەم وەفاو بێ مەیل
یەعنی (فخر الدین) مەحرەمەکەی لەیل
ئەووەڵ پەرێ کار من عەهدێ کەردی
ئاخر شەرطو عەهد بە جا ناوەردی
پێسە مزانام میاونیم وە یار
نەزانام جە یار من مەوزی پێوار
ئەر وەرتەر وەی سەم سەندی (ا)مزانا
پەی چێش وەلای تۆ ماوەردم هانا
جە خەوف خودا تۆ چۆنت یاران
خیطبە سەر خیطبە جایزت داران
نیگاکەر وە شەرع ٚمزانی کامەن
جە دوو خیطبەدا ثانی حەرامەن
یارم خاصت کەرد جێمە ویەردی
پەرێ دیگەران ئەی کارە کەردی !

بیللا تا ئەو سات مشوو وە گڵدا
مەیل لەیلەکەم هەر ها نە دڵدا
هەرکەس ئێمەش کەرد وێڵو سەرگەردان
نائومێد بۆ ئەو جە دینو ئیمان !
رجام هەر ئێدەن جە دەرگای جەبیار
نا موبارەك بۆ ـ دوور جە باڵای یار ـ

ـ ۲ ـ

بێ تۆ چۆن ژیام ؟
نازار ! نازەنین ! بێ تۆ چۆن ژیام ؟
ئەر صەد ساڵ باڵات من بە چەم بدیام
دڵمەوات : کەمەن ، باز پەرێت مدیام
چەپگەردی فەلەك تۆش بەرد وە گلکۆ
منش وست نە گێج بەحر دووریی تۆ
تۆ شیت وە ماوای تاریك یانە
من یا بیم پەرێت شێتو دێوانە
هەرکەس بێ دەردەن حاڵ نمەزانۆ
(خالۆی کۆماسی)مەر شەرحم وانۆ
شیرین سا شەرطەن بزانوون حاڵت
بۆ راس بواچە چ طەورەن حاڵت
سەردەن یا گەرمەن ؟چ طەورەن چێشەن ؟
خاصەن ئەحسەنەن ؟ یا دووربا ئێشەن ؟
داخم هەر ئێدەن ـ سۆمایی چاوان ! ـ
نادیرەی بێ عەیب سەر تا وە داman
ئەو گێسووی وەشبۆی سیایی سیوەنگ
لوولەن یا مەلوول رێزان وە پای سەنگ ؟!

بەو پەنجەی شمشاد تاتات مونارا
ئیسە بێ نازەن چون میشك سارا
سەوگەند بە دیدەی مەخموور مەستت
وە ئەبرۆی هیلال بە هەم پەیوەستت
وە زولف شەبڕەنگ بۆی عەنبەرینت
وە عەنناب لەب لەعل رەنگینت
وە راز شیرین شەکەرگوفتارت
وە رەفتار خاص ئاهووڕەفتارت
وە سێب گۆنای بەدر جەبینت
وە چاي زەنەخدان صافسیمینت
وە صافیی گەردن مینای بێگەردت
وە سینەی سفید شەمامەی زەردت
یە گشت سەوگەند بۆ دەست من وەسەر
تا مشوو وە خاك ـ نەمام نەوبەر ا ـ
تا ئاخر نەفەس مڕێزوو وە گڵ
هەرگیز مەیل تۆ بەر مەشۆ جە دڵ
هۆشم خەیاڵم دایم جە لاتەن
دیدەم ئینتظار تۆز پالآتەن
ئەر وەفاداری بینایی چاوم
شەرطەن تۆ دایم [بینه!]نە خاوم
چون دڵ خەیڵێوەن جە دووریت ماتەن
جە خاودا دیدەن پەرێش قنیاتەن
ئازیز ئەر بە خەو نە کەردەن قنیات
دیدەن منو تۆ کەوتەن عەرەصات
(کەریم!)تۆ جە مەرگ سا مەبە بێ باك
تۆ هەم دمای یار مڕێزی وە خاك

« مەهجووری » کوردستانی :

لەو کەشکۆڵو دەستخەتانەدا لەمەوپێش دیومن ناوی (مەهجووری)م نەدیوە ، وا لەم کەشکۆڵەدا بەرهەمی دەبینین ، بۆ ژیانــی گەلێ گــەڕام ، میچم دەست نەکەوت ، تەنها مامۆستا (بابامەردۆخ) ناوی (مەهجوور)یـك ەبات کە هاوچەرخی مەولەوی بووە شیعریان بۆ یەك ناردوە[1] . بـەڵام ەمیش (مەهجوور)ە نەك (مەهجووری) وەك لە شیعرەکانی کەشکۆڵەکەی ای مندایە .

- ١ -

ئیمشەو دەروونم جۆش نارشەن
ئارەزووی دیدار وەصڵ یارشەن
پاسە دیارەن ها نە کارسازیی
ئەر وەسوەسەی نەفس نە دەرۆش بازیی
کاسەی دیدەی کەس [وکترنیروی!]وەس
نە دەرگای بێچوون فەرد فریادڕەس
[نسر...!] کەچ کەردەن گەردەن
ئیلیتجا بە ذات بێهەمتا بەردەن
بەڵکە ئاینەی قەلب ژەنگاریی
صەیقەڵ پەزێر بۆ جە لوطف باریی
پاك بۆ نوورین بۆ پەرێ جیلوەی یار
ساقی یار ...چێش گیرۆ قەرار

---

[1] بروانە : مشاهیر کرد ١/٤٦٤ .

ئەوسا (مەهجووریی) فاریغ بۆ جە هەم
وێش بسووچنۆ چون پەروانەی شەم

- ٢ -

ئەرێ سیای بەخت مەجنوونی شێوە
مەجنوون کەی چون من شێت بیریەن لێوە ؟!
ئەو یا دۆست یا دۆست شوغڵو کارش بی
ویردو ئەورادش ذیکر یارش بی
نوورێ نە دەروون پەیدا کەردە بی
وێش پەی ئەو نوورە شەیدا کەردە بی
راە بە کار وێش بەی طەور بەردە بی
غەیر نام لەیلێ گشت گوم کەردە بی
پەری [حجازی!]پەی طەور غەییوور بی
شەوو رۆ هامڕاز وەحشو طویوور بی
تۆ ماچی عەبای عیشقم ها نە دۆش
نە مەجنوونەنی ، نە مەست ، نە مەدهۆش
پەی چێش جەی یادش نمەبی زووخاڵ
نمەبی وە گەرد باد بەردەی شەماڵ
ماشاڵلا جە قەیس لێوەی وێڵەکە
وامەندەی مەدهۆش سمکۆی خێڵەکە
بەی طەور سالیك بی نە رای موستەقیم
بە لەیلێ لەیلێ گیانش کەرد تەسلیم
ماتو (مەهجووری) دڵ بێ وەجدەکە
با ئوستادت(!) (قەیس) نەجدەکە

با نام دۆست هەی دۆست هەر نەفیکرت بۆ
شەوو رۆژ دایم (الله) ذیکرت بۆ
بەڵکم جە ئەلطاف (رحمن الرحیم)
چەنی ئیسمو ذات گیانت بۆ تەسلیم

ـ ٣ ـ(١)

ئیمشەو جە ئەلطاف ساقێکەی دووشین
شنۆی تا صوب بە بادە نۆشین (!)
جە شنۆی نەسیم جامەکەی پڕ مەی
دڵەی حەریفان بی مدریای خوەی
دیدەی بەد دوور بۆ جە جیلوەی ساقیی
فانی بین جە ذیکر یا باقیی باقیی
چون جە بادەی صاف دەوری دا بە وێش
دڵەی سالیکان مەجذووب کەرد بە وێش
جە هەر مورغێ دڵ ئارامێ سەندش
هەر یەك نە دمورش تۆرِدامێ تەندش
ئێستە (مەهجووریی) شادیشەن ئەر چەند
پاش نە کەمەندەن تا هەزارو ئەند
ئەی دامە باعیث رستگاریشەن
[٠٠٠!] مواچان گرفتاریشـەن

---

(١) ئەم سێ پارچە شیعرەی مەهجووریی لە کەشکـۆڵی (سـەلەسـیی) وەرگیراون ٠

شیعرە خاوەن نەزانراوەکان

وەك لە سەرچاوەکانی ئەم بەرگەو گەلێ جێگەی دیکەدا باسم‌کردوە، زۆر لە نووسەرەوەی کەشکۆڵو بەیاضەکانمان ـ لەبەر هەر هۆیەك بووبێ ـ ناوی گەلێ لەو شاعیرانەیان نەنووسیوە کە شیعرەکانیان کەوتوونەتە دوو توێی بەرهەمەکانیان ، هەندێ جار ئەو شاعیرانە لە دوابەیتی شیعرەکانیاندا نازناوی خۆیان بردوەو بەوە دەکرێ بناسرێنەوە. جاری وایش هەیە بە شێوازو شارەزایی لە بەرهەمی ئەو شاعیرانە دەکرێ ئەو شیعرانە بناسرێنەوەو ، بدرێنەوە بە خاوەنەکانیان . بەڵام جاری و هەیە کە هیچ لایەك لەمانە نیەو ، ئەو شیعرانەیش هەر لە یەك سەرچاوەد هاتوونو ، خاوەنەکانیان نازانرێ ، ئێمەیش بۆ ئەم جۆرە بەرهەمانە بەشێك جیادەکەینەوەو ، ئەو شیعرانەی تیادا تۆمار دەکەین ، بەڵکو لەمەولا هەلی ئەوە بڕەخسێ کە خاوەنیان بدۆزرێنەوەو ، شوێنیی خۆیان بگرنەوە .

وا لەم بەرگەیشدا هەندێك لەو بەرهەمانە تۆمار دەکەین :

— ١ —

پەی سەنەو سالم ...
ئەییام نە تەئریخ پەی سەنەو سالم
یاوا وە پەنجە هەرەس وە مالم
پیریی بێ‌دەنگیی بی وە زەوالم

---

(١) هەروەها ئەم شاعیرەیش کە سکاڵا لە دەستی پیریی دەکات ناوی خۆی نەبردوەو ، نووسەرەکەیش ناوی نەنووسیوە . ئەم پارچەیش لە کەشکۆڵی قادری (سەڵەسیی) وەرگیراوە .

ساقیط بیم نە جەمع جەرگەی جەوانی
کەساس بیم جە عەین ئەهل عیصیانی
وەیشومەی پیریم .... سەندەوە
وەڵگ جەوانیم یەك یەك کەندەوە
ئەوسا جوان بیم نە پڕ تاف دەو
باز ئاسا مدام چنگ نە سینەی کەو
صاحیب (ماردم) بیم صەییادان دەستوور
نە یەك فەرسەخی مێکام نە دوور
چەرخ ئاسا دەستوور شکارم (پۆڕ) بی
(سەرسەوز)مگەرتام هەر کام کە تۆڕ بی
بەو نیم‌نیگای عەین ئیشارەی پێوار
(کەڵڕم) جە شاخان ماوەردم بە وار
تیزتەر نە پڕتاف (شەمقاڕ) نە تاودا
(سەرسەوز) مگیرام شەوان جە ئاودا
(شەهین) ان لاقەید جە تانەی طاڵم
منیشتەن جە فەرق سەرپەنجەی باڵم
شیرین (شاباز)ان بەو طەور تیز دەو
وە بن حەلقەی دام مکێشام جە خەو
ئەندێشەم نەبی جە شاه قەیصەر
هەر پولێ سەخت بی پەی کەردام گوزەر
نەفەس موردەیم نە پارێزەدا
شۆن پام نەبی شەو نە رێزەدا ...
ئیستە ها پیری سەرسامم کەردەن
وێنەی سکەی قەلب سەرسامم کەردەن

نەمەندەن رەونەق رەنگ نە جەمینم
شکستەن ریجلەین ، گردەنشینم
وەر ناعیلاجیی بشووم وە راوە
ملەرزووم وە فەرق فەوق سێیاوە
سیاییم نە رووی سکەم بەردەوە
مەنزلگەی دووریم نەزدیك كەردەوە
بلوور دووربین ئایینەی عەینم
بە ئەستەم ملۆ شەوق نە ریجلەینم
تا ماگم وە قەید رووی حەیاتەوە
پیریی ها نە کۆچ رای مەماتەوە
کەفتەنم وە کۆست دەر وێمەدا
هامڕاز بێزارن شەو نە جێمەدا
دا نە دەماخم وەیشومەی ئەحواڵ
خڕەی نەفەسم مشۆ ماڵ وە ماڵ
نە دام ، نە قووەت ، نە (ماردم) مەندەن
پیریی گشت وە جەور نە دەستم سەندەن
پالم دا وە سەنگ ئاخڕو داخەوە
ئاتەش سەنگ نیەن وە چەخماخەوە !
کەلڕم مونۆ نەمەندەن سامم
بە ئانقەصت میۆن نە دەورەی دامم
نازك نەوهالآن لێو وە خەندەوە
وەنەم مپەرسۆن وە ریش خەندەوە :
خالۆی کەفتەکار پەی چێش زویری ؟
چە طەورەن مەینەت ماجەرای پیریی ؟

چێش بدووم جەواب ماجەرای مەینەت ؟!
سەرسامم نە کار دنیای بێ بەینەت
ئەوومڵ مکەردم ویەردەی خەیاڵان
ئاخ بشووم نە صونع چواردەساڵان
تا حەلقەی تۆرِ دام سپیی تەتاران
تاتا بکەردام چون هەردەجاران
فایدەش نیەن فیکرم بێ سوودەن
گلەییم جە دەست چەرخ پڕ دوودەن

— ٢ —

ئاخ ئێش بێهۆش فیراق تۆشای وێم
ئاخ دەروون بە هوون دووریی جۆشای وێم
ئاخ رەنج پەی گەنج فەرهاد بەردەی وێم
ئاخ قەیس [میهرو !] هەردەی وێم
ئاخ رەقیب وەصڵ دلبەر شادەوێم
ئاخ مەجنوونەکەی نامورادەوێم
ئاخ ژار زووخاو هیجرانوەردەی وێم
ئاخ دەرد دووریی هیجرانْ کەردەی وێم
ئاخ صەرعیی سەرشێت شێویافام وێم
ئاخ رسوای تەمام خاص‌و عام وێم

— ٣ —

یاڕەب عەطا کەی ... ...
یاڕەب ئیمانم وەنەم عەطا کەی
هەرچە دۆعام هەن وەنەم رەوا کەی
من جە ئاخیرەت وە بێ سزا کەی

---

(١) ئەم ئاخ‌و داخەیش کە لە کەشکۆڵەکەی سەڵەسیی وەرگیراوە خاوەنی نازانم .

ئەووەڵ : گیانکێشان وەنەم کەی ئاسان
دووەم : جە قەبرم نەبووم هەراسان
سێیەم : جە سوئال مونکەرو نەکیر
بدەرۆم تەوفیق پادشای کەبیر
یارەب جە جەواب بدەرۆ تەوفیق
ئیمان شەفیق وەنەم کەر رەفیق
چارەم : جە عەذاب رۆی دەشت مەحشەر
ئازادم کەری پادشای ئەکبەر
پێنجەم : جە نیکی ترازوو میزان
ئەعمال خێرم بکەرە ئاسان
شەشەم : رەهام کەر جە پوڵ صیراط
پادشای بێچوون بدەرۆم نەجات
جەستەی هەزاربیەرم وە بەر(!)
جە عەذاب سەخت سەقەر رەهام کەر
جە ئاب کەوثەر وەنەم کەر کەرەم
پەنەم عەطا کەر جەننات ئیرەم
(شجر الطوبی) بنیشم سایە
پادشای شاهان بدەرۆم وایە
من جە ئاخیرەت بە (محمد) بۆم شاد
ئیمان کامڵ بووم نەبووم رەنج وە باد
جە ئەهل شەفاعەت رەسوول سەروەر
قەبوولم بکەر پادشای ئەکبەر
چەنیو حۆرییان پادشای کەریم
بیاوم وە هەم رەحمانو رەحیم

جه قه‌صرو قوصوور جه‌ننات ئیره‌م
که‌ره‌مکه‌ر په‌رێم ، تۆی صاحێب که‌ره‌م
ئاخ دلەی (ئه‌حمه‌د)[1] په‌ی دین‌و ئیمان
جه وه‌شیی دنیا بی‌یه‌ن په‌شیمان

ـ ٤ ـ

ئیبتیدا بـه نام حه‌ی لایه‌نام
وه ره‌وضه‌ی ره‌سوول هه‌ردەم صه‌د سه‌لام
حافیظ به حاجه‌ت سی‌جزمه‌ی که‌لام
ئه‌و نه حیفظت بۆ سه‌راسه‌ر ته‌مام
حافیظ بـه حاجه‌ت ئایات‌و ته‌نزیل
به هه‌فت قیرائه‌ت واتات به ته‌رتیل
حافیظ به حاجه‌ت قورئان ره‌هبه‌ر
به‌و خه‌تمه‌ت مکه‌رد هه‌ر شه‌و تا سه‌حه‌ر
به روتبه‌ی شه‌ریف قه‌د موعه‌للات
هه‌وای روکناباد [کشت !] موصه‌للات
به (الله اکبر) چه‌شمه‌ی حه‌یاتت
به شۆخیی شێوه‌ی شاخ نه‌باتت
(یا لسان القلب) باده‌ی وه‌حده‌ت نۆش
عه‌للامه‌ی دانا مه‌رد صاحیب هۆش
هه‌ر شه‌و ره‌وضه‌ی تۆ وه‌نه‌ش دارۆ نوور
نۆش‌که‌ری باده‌ی (شرابا طهورا)

---

(1) ئه‌م ئه‌حمه‌ده نازانم کام له ئه‌حمه‌ده شاعیره‌کانمانه ؟ ئه‌حمه‌د بـه‌گی کۆماسیی ؟ ئه‌حمه‌دبریسیی ؟ ؟

ئـه‌مه‌یش نمـوونه‌یه‌کی دیکه‌ی کێبه‌رکێی نێوان شاعیرانمانه . نموونه‌یه‌کی دیکه‌ی ئه‌م ماتا پارچه شیعره‌که‌ی مامۆستا مه‌لا ئه‌بووبه‌کری موصه‌ننیفه که له لاپه‌ره ٢٥١ی به‌رگی سێیه‌می که‌شکۆلی که‌له‌پووری ئه‌ده‌بی کوردی‌دا بلاوکرایه‌وه .

نە ڕەوضەی ڕیضوان ڕۆحت نە گەشت بۆ
ماوات نە گولزار باغچەی بەهەشت بۆ
یەك موددەعام هەن مگیرووم نە دڵ
- یا پیر مورشید طەریقەت کامڵ ! -
ئومێدم ئێدەن هیممەت کەری کار
فەردێ پێم باری تۆ نەظم ئەشعار
حافیظ من صیدقم[متوبینا!]
(فبشر بالخیر بشر بیتنا)[1]

گۆرانیی کرمانجیی

- ٥ -

خودایا ماڵی بەد زێرو زەبەر بێ
لە ماڵی شیوەنو چینو چەمەر بێ
ڕەقیبی دڵبەرم خوێنین جگەر بێ
هەمیشە دەربەدەر هەر قوڕبەسەر بێ
ڕەقیب هەر قوڕ بە چاواتنا بدێ
تۆ چاوانت بگرەوە تێ بفکرێ
تەواشای صوورە یارم چلۆنـە
سەری وەکوو سەرپەڕی سۆنە
خەطو خاڵی عەجایب نازەنینە
دەڵێی جەیران غەزالی میشکی چینە
ئەوە طۆماری طوغرای زوڵفی دێژی
ئەوە بۆی عەتر عەنبەر میشك‌بێژی
ئەوە دەم چەمەی ئابی حەیاتی

---

(١) ئەم پارچەیش لە کەشکۆلی (سەڵەسیی) وەرگیراوەو ، لـە نـاو شیعرەکانی (مەولەوی)دا نووسراوەو ، ڕەنگەشیعری مەولەوی بێت.

ئەوە شەهدو شەکەر نوقڵو نەباتی
ئەوە بەو رەفتو نازو خۆشخەرامی
ئەوە تورکیو[شیوە خور سامی!]
ئەوە عەکسی تەجەللای نووری زاتە
چلۆن عاشق نەبم من بەو صیفاتە
فەلەك ئەی خەددو قەددو خەططو قامەت
بوینێ هەڵدەسێ ئەمڕۆ قیامەت
چلۆن عاشق نەبم بەو زلفو خاڵە ؟
نەظەر هەرکەس بکا دینی بەتاڵە
بە دەستی خۆم نییە من ئیختیارم
وەرن خزمە بکەن سا سەنگەسارم
رەقیب کەی بێ لە دەستی تۆ نەجاتم ؟
نییە بۆ کوشتنی تۆ دەستەڵاتم
وەکو خارێ لە لای گوڵمەحرەمی تۆ
یەکن یارم هەمیشە هەمدەمی تۆ
[دەکەی رفەو لوبچت زیادە!]
هەمیشە کاری تۆ فیسقو فەسادە
خوداوەند هەڵکەنێ ریشەت لە ئەرزی
لە هیچ جێ[تو داوست دا نمرزی!]
بزانە ئاسمان حەیرانی عیشقە
ئەوە ... ..سەرگەردانی عیشقە

(۱) ئەم شیعرانەیش لە کەشکۆلی سەلەسیی وەرگیراون . ناکرێ هەموو جارێ باسی ئەوە بکەین کە کاری یەکنوسخەییو نەبوونی سەرچاوەی پوخت ،دەردێکی هەمیشەییو قورتێکی مایەی ساغنەبوونەوەی تەواوی شیعرەکانە . دەبێ ئەوەیش بلێم کە لە بەرگی سێیەمی ئەم کەشکۆلەیشدا شتێکی وەك ئەمەمان بلاوکردەوە .

تەمامی کوللی عالەم مەستی عیشقە
زەدەی شمشێرو تیرو شەصتی عیشقە
لەبەرچی لێم دەدەی ئەم تیرو تانە ؟
بە حالی شەمعو پەروانە بزانە !

- ٦ -

یاران من چوونم ؟
[بیدی سراندی!] چە خەمان چوونم
جە دەست خەمان هەر یەند زەبوونم
خەمان سەردان لێم سەودای جونوونم
جەی دنیای پڕ فەند هیچ نەییم کارێ
غەیر جە فیکرو خەم سەوداو بازارێ
نیەن ئارامم جە خەمان لادێ
دادرەس نیەس کەس لاش بەروو دادێ
دەردم بیەن خەم دەوایم نە خەم
خەلاصیم نیەن من جە دەست خەم
بار خەم کەردان طوول تەن بە توون
جە تێش خەمان دڵ بیەن بە هوون
خەم خوردو خەم خاو خەمان رەختەن
خەم باجو خەم تاج خەمان تەختەن
دڵ ئاما وە بەر جە تاوشت خەم
جە کەثرەت خەم عەقڵم بیەن کەم
خەم رۆزی ، خەم رزق ، خەمان سوودمەن
خەم شەوق ، خەم چرا ، خەمان دوودمەن
نیشاطم خەمەن ، خەم بی بە رەختم
بە غەیر جە خەمان هیچ نەبی بەختم

شادیم هەر خەمەن ، خەمان بیم موراد
نیشاط عومرم خەمان دا بە باد
میرزام جە ئەوەڵ جە بەطن مادەر
ئامام وە عەرصەی دنیای پڕ خەطەر
مەمەی خەم ئاوەرد نیا وە تۆی دەم
بە شەربەت خەم مەعلوم کەرد مەحکەم
مەحکەم پێچنام من وە مەهد خەم
بەردم ئەمرم دا بە دەست دایەی خەم
هەر جە طیفلیی بی خەم خریدارم
نەصیبم خەم بی ، خەم بی غەمخوارم
هەر جە ڕۆی ئەزەڵ خەم بی نەصیبم
خەم بی بە دەردم خەم بی طەبیبم
خەم بی ئارامم ، خەم بی تەوانام
خەم بی بە بەڵەد رای خەمان زانام
خەم کارم خەم بار ، خەم بی بە یارم
جە تاو خەمان دەروون پڕ نارم
چون کەمان خەمان پشتم دان بە خەم
هیچ کارێم نیەن غەیر جە سەودای خەم
نە طەبیبێ هەن دەوا جێش وازوون
نە هامدەردێ هەن چەنێش بسازوون
بە غەیر جە صاحیب ئەرض‌و سەماوات
خالیق مەخلووق کولل مەوجوودات
هەر وە تۆم هاتان بێ شیبەو شەریك
جە دەست خەمان خەریکم خەریك

خودایا بـه حەق پاشای لەولاك
بە فەخر زەمین بـە تـاج لەولاك
بە حەق تەمام ئەنبیاو ئەوتـاد
جە بەند خەمان بکەریم ئازاد
بەشق چەهار یار پاك پاك‌گەوهەر
بوبەکرو عومەر عوثمانو حەیدەر
بە حەق زەمزەم کەعبەی موبارەك
بە بەطحاو یەثریب طاهاو تەبارەك
جە سەر تا وە پا جە خەم خەلاتم
مەر بە فەضل وێت بدەری نەجاتم
با نەبۆ هەنیج بەختم پەرێشان
نەداروو تاقەت بار خەم کێشان
(إن مع العسر یسری)ت دا وە یاد
پەوکیت فەرماوان دڵ پێش بیۆ شاد
(عوسر)ت جە حیساب ویاران ئازاد
وادەی (یوسر)تەن (عزیز الغفار)
(من بەعد) ئومێدم ئیدەن کەرەمدار
کەرەم کەی (یسر)ت کەرەم بێ شومار
(مەلەك) جە خەمان زەلیلەن زگار
ئۆمێدش بە تۆن پادشای سەتتار !

– ٧ –

کۆی کلاڤێکم
میرزام گیرۆدەی کۆی کلاڤێکم

---

(١) ئەم (خەم‌نامە) لە دەستخەتی (براله)دا ناوی کەسی بەسەرەوە نیـە ، بەلام لە دوابەیتدا ناوی (مەلەك)ی تێدا دەبینرێتو نازانم ئەم مەلەکە کێیـە .

سۆزان باڵای طوونْ طافێکم
پابەست کۆی زوڵف شەخص جافێکم

★ ★ ★

بێ‌خوردو بێ‌خاو بێ‌قەرارێکم
زەدەی زام گاز سیامارێکم
مەجنوونو لێوەی لەیل‌تارێکم
فەرهاد [سەرحەدا]شیرین تارێکم
حەسرەت‌مەندەی خاڵ سینەصافێکم
وێڵو وێران ماڵ شەخص جافێکم

★ ★ ★

پێکیای موژەی سیاخاڵێکم
دەروون کەیل زووخ ماڵاماڵێکم
سەرتاپا سفتەی کۆی زووخاڵێکم
لۆنگ پۆست بە کۆڵ بێد ماڵێکم
گیرۆدەی جەفای بێ ئینصافێکم
دڵ رێزە رێزەی شەخص جافێکم

★ ★ ★

پابەست گیسووی گوڵەندامێکم
سەرسام سیمای جەمین جامێکم
داغدار حەسرەت نەونەمامێکم
لێوەی کۆمەی خاڵ شەمی نامێکم

---

(١) ئەم پارچە شیعرەیش هیچی لەسەر نەنووسراوە ، تەنها ئــەوەندە هەیە لە دوابەیتیدا ناوی (زەبوون) نووسراوە . لەو شاعیرە کۆنانە (زەبوون) ناوێکمان هەیە کە (سلیمان ئاغای زەنگنە)یە رەنجووری شیوەنی بـۆ کردوەو لە ساڵی (١٢١٩)ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردوە .

بەدنام‌و رسوای کۆکلاّفێکم
شەیدای دیدەی مەست شەخص جافێکم

★ ★ ★

پەروانەی سفتەی شەمع نوورێکم
کۆست‌کەفتەی باڵای بێ قوصوورێکم
قومریی نەغمەسەنج گوڵ‌گوڵاوێکم
کوشتەی لارەو لەنج شیرین‌ناوێکم
ڕێڵ‌و بێدیی‌گێڵ غەمزەی نازێکم
لۆنگ خەم وە پێڵ شەکەرڕازێکم
(زەبوون) سەناگۆی بێ خیلافێکم
دێوانەی بێ‌هۆش شەخص جافێکم

★ ★ ★

خان احمد خان(۱)

ما ز شهر خود پریشان‌و جدا افتاده‌ایم
روز شب در محنت‌و رنج‌و بلا افتاده‌ایم
شکر نعمتهای شهر خود نکردم آن زمان
(لا جرم)پیش شما مثل گدا افتاده‌ایم
بر تنم صد پاره شد از صبر کردن ، پیراهن

(۱) ئەم پارچە شیعرە بەم شێوە لە کەشکۆلی (خاکی)دا نووسراوەو ، هیچی تری لەسەر نەنووسراوەو ، منیش نازانم ئەم (خان ئەحمەد خان)ە کام خان ئەحمەدخانەو بۆچی ئاوارەی زێدو وڵاتی خۆی بوەو ، لە کوێ لە ئاوارەیی‌دا ئاوا داماو بێ‌دەست بوە . دەبێ ئەوەیش بڵێم : تا ئێستە شیعری ئەم‌پیاوەم نە بە کوردی‌و نە بە فارسیی نەدیوە .

ئەم پارچە لە کەشکۆلی مەلامحەمەدئەمینی خاکیی وەرگیراوە .

حالیا بنگر که با تای قبا افتاده‌ایم
سرمه بودیم پیش چشم هر أهل نظر
خاك ره گشتیم در دست صبا افتاده‌ایم
(أحمد)ا اندر غریبی غم‌مخور دل‌شاد باش
کاندر این غربت به تقدیر خدا افتاده‌ایم

لـه کۆتاییدا :

لـه کۆتایی ئەم بەرگەدا دەڵێم :،

- ئەگەر مەچەك بچەرخایەو باری چاپەمەنیی لەبار بوایە دەبوو ـ هەر هیچ نەبێ ـ فەرهەنگۆکێکم بۆ هەندێ لە وشە نامۆو کەمبیستراوەکانی شیعرەکان بکردایـە .

- مامۆسـتا (محەمەدی عەزیزی)ش نامەیەکی بەپێزو پـڕ لـە زانیاریی دەربارەی هەندێ لایەنی بەرگی سێیەم بۆ ناردبووم .. وەڵامەکـەی ئەویش چاری بۆ کاتی لەبارتر هەڵگیرا ، تا ـ بە یارمەتی خـودا ـ لـە گەڵ زانیاریگەلی تازەی سەبارەت بەو باسەدا لـە بەرگـەکانی دیکـەدا وەڵامی بدەینەوە .

- هەر لەبەر بارو دۆخی چاپەمەنی نەکرا نموونە لە وێنەی کەشکۆڵەکان بخەینە بەرچاوی خوێنەران .

بابەتو سەرباسەکانی ئەم بەرگە

لاپەرە	بابەت
٣	وتەیەك
٦	کورتەباسێکی ئەو کەشکۆلانەی لەم بەرگەدا سوودیان لێ وەرگیراوە
٦	کەشکۆلی سەلەسیی
١٠	کەشکۆلی ئەحمەدی برالە
١١	کەشکۆلی محەمەدئەمین
١٢	کەشکۆلی گەلالە
١٤	کەشکۆلی عەبدورەحمان
١٦	کەشکۆلی شێخ مەحموود
١٧	کێبەرکێ یان لاسایی‌کردنەوەو بیرۆك‌لەیەکتروەرگرتن
١٩	مەلا مصطەفای بێسارانی
٢٠	رەنجووری
٢٢	معدومی در ردیف فرموده
٢٣	باباشێخی بێسارانی
٢٤	نموونەیەکی دیکە
٢٧	نموونەیەکی دیکە
٢٨	لاسایی‌کردنەوەیەکی دیکەیش
٢٨	سەید محەمەدی خانەقا

لاپەرە	بابەت
٣١	ملا عزیز نقدی
٣٤	سەید محەمەد صادقی صەفاخانە
٣٩	خانای قوبادیٚ
٤٢	میرزاشەفیعەکان
٤٣	میرزاشەفیعی کولیایی
٤٣	میرزا شەفیعی جامریزی
٤٤	میرزاشەفیعی پاوەیی
٤٤	شەفیعی بۆکانیی
٥٣	شەفیع
٥٩	مەلا ئەبوبەکری موصەننیف
٦٥	موناجاتی شێخ حەسەن
٧٠	میرزا قەمەرعەلی رەوانیی
٧٩	مەخموورییی
٨٤	مە وەلەدخانی گورانیی
٨٦	ئاهی
٩٣	من کلام امین بن شیخ فتاح
٩٥	مریشکی سەرقەلەمانە
٩٩	مەحروومیی
١٠٤	مەحروودم
١٠٦	مەلوولیی
١١٢	مەحزوون
١١٣	میرزا یەعقوویی جاف
١١٤	من کلام زوخالی

لاپەڕە	بابەت
١١٦	مەلا مەحموودی حەمەپالەوان
١١٧	من کلام شیخ محمد شریف
١١٩	عەبدولکەریم
١٢٣	مەهجووریی کوردستانیی
١٢٦	شیعرە خاوەن نەزانراوەکان
١٣٢	گۆرانیی کرمانجیی
١٣٨	خان احمد خان
١٤٠	لە کۆتاییدا

٨٩٢٫٧٠٧
ق ٩٤٩ قەرەداغی ، محەممەد عەلی
کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی کۆکردنەوەو
لێکۆڵینەوەی محەممەد عەلی قەرەداغی .ــ چ ١ .ــ بەغدا :
دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، ١٩٩٣ .
ب٤ ؛ ٢٤ سم . ــ (زنجیرەی ژمارە ؛ ٢٩٠)
١ ــ ئەدەبی کوردی ــ لێکۆڵینەوە ا ــ ناونیشان
ب ــ زنجیرە .
١٩٩٣/٢٣٥

کتێبخانەی نیشتمانی (پیرست کاری لە بلاوکردنەوەدا)

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق
ببغداد ٢٣٥ لسنة ١٩٩٣